

پێشکەشە

بە وانەی... بەهۆی کورد بونیانەوە  ئازاریان پێ گەیشتوە .

# پێشەکی ی وەرگێڕ
----------------

ئەم پەرتوکەی لە بەردەستتە دانەری دیار نیە ، ئاماژە دان بە ( لیژنەیەک لە نوسەران ) وەکو دانەری پەرتوک یا (لە بڵاوکراوەکانی ، پەرتوکخانەی خوێندکاران – پەرتوکخانەی سەردەم) کافی نین بۆ زانینی ناسنامەی دانەری کتێب ،تا بزانین کێ دانەر یەتی؟ یا هەر نەبێ بزانین یەکەم جار ئەم پەرتوکە بە چ زمانێک نوسراوە ،وەرگێری بۆ سەر زمانی عەرەبی کێیە؟

ئەوەی لە بۆچون و ناوەرۆکی نوسینەکە لە سەرەتای پەرتوکەکەوە تا دەگاتە بابەتی (دیگۆل و ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو یەکیەتی سۆڤیەت) قسەو رای نوسەران خۆیانە نەک دیگۆل، ئەوەی لەو چەند لاپەرەیە بەدی دەکرێ ئەوەیە کە دلنیاین لەوەی ئەم چەند لاپەرەیە بە قەلەمێکی بێلایەن نەنوسراوە ، دورە ئەم پەرتوکەی لە بەردەستتە دانەری دیار نیە ، ئاماژە دان بە ( لیژنەیەک لە نوسەران ) وەکو دانەری پەرتوک یا (لە بڵاوکراوەکانی ، پەرتوکخانەی خوێندکاران – پەرتوکخانەی سەردەم) کافی نین بۆ زانینی ناسنامەی دانەری کتێب ،تا بزانین کێ دانەر یەتی؟ یا هەر نەبێ بزانین یەکەم جار ئەم پەرتوکە بە چ زمانێک نوسراوە ،وەرگێری بۆ سەر زمانی عەرەبی کێیە؟

ئەوەی لە بۆچون و ناوەرۆکی نوسینەکە لە سەرەتای پەرتوکەکەوە تا دەگاتە بابەتی (دیگۆل و ولایەتە یەکگرتوەکانی لەرێچکەی نوسینی یادەوەریەکانی دیگۆل ، ئەگەر لەبەر پابەند بونمان بە رێنماو یاساکانی وەرگێران نەبوایە ،ئەوا بە پێویستم نەدەزانی ئەم چەند لاپەرەی ئاماژەم پێیان داوە ، نە خۆمی پێوە ماندوکەم نە داشیان بەزێنمە ناو ئەم پەرتوکەی تایبەت بە ئەزمون وبیرەوەریەکانی نیشتمان پەروەرێکی وەک جەنەرال دیگۆل ،بە هەرحال.

لە بواری رازگاریی نیشتمانی دا ، زۆرن ئەوانەی گەنجینەی تەمەنیان نەزری میلەتەکەیان کردوە و تا دوا تنۆکی خوێن ودوا هەناسەی ژیانیان لە پەیمانەکەیان پاشگەز نەبونەتەوە ، یەکێک لەو پیاوە ناودارانە سەرکردەی مەزنی ئەوروپا ،چارل دیگۆل ی فەرەنسی یە .

چارل دیگۆل سیاسەت مەدارو جەنگاوەرو پیاوی ناوداری فەرەنسا لە سالی 1890 لە شاری (لیل ) لە فەرەنسا هاتوتە دونیاو لە 1970 لە کۆلۆمبیا کۆچی کردوە .

ئەم کەلە پیاوە رۆلی بەرچاوی گێراوە پلەو پایەی زۆری لەئەستۆ گرتوە لەوانە فەرماندارێتیی بەرگری نیشتمانیی کردوە لە سالی 1940 دژی ئەڵمانیای داگیر کارلە شەری جیهانی دوەم ، دواتر لە 18 کانونی دوەمی 1943لە لەندەنەوە سەرۆکایەتیی حکومەتی فەرەنسای ئازادی کردوە ، هەر وەها سەرۆکایەتیی لیژنەی فەرەنسی بۆرزگاریی نیشتمانی کردوە کە دواتر بو بە حکومەتی کاتیی کۆماری فەرەنسا لە حوزەیرانی 1944، یەکەم سەرۆکی کۆماری پێنجەمی فەرەنسا بو.

بۆ کاری رزگاریی نیشتمانی رۆلەکانمان پێویستیان بە شارەزایی لە خەباتگێرانی هەر پارچەیەکی دونیا هەیە ، لە هەر هەنگاو و کردەیەکی سیاسی و سەربازی ئەوان دەرس

وپەندێک بۆ خۆیان زیاد دەکەن لەم روانگەیەوە بە پێویستم زانی چونکە گەنجانی کورد ئەمرۆ و دوای راپەرین بە تایبەتی رێژەی ئەوانەی لە زمانی عەرەبی دەگەن و دەخوێننەوە بەرەو لێژە ، بە پێویستم زانی ژیاننامەی یەکێک لەو کەلە پیاوانەی بۆ رزگاری نیشتمانیی ولاتەکەی خەباتی کردوە لێی شارەزابن ، لە ئەزمونەکەی سود وەرگرن ، ئەم نامیلکەیەم کە بیرەوەریەکانی چارل دیگۆلە لە زمانی عەرەبیەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێرا ، بەو هیوایەی سودێک بە پەرتوکخانەی کوردی وخوێنەرانی بگەیەنێ .

تێبینی/ چاپی یەکەمی لە لبنان بە زمانی عەرەبی بڵاو کراوەتەوە

لە بڵاو کراوەکانی

(پەرتوکخانەی خوێندکاران- پەرتوکخانەی سەردەم )ە

وەرگێڕ

نەورۆزی 2008

1

ئەو رۆژەی کۆماری پێنجەمی فرانسا  بە سەرۆکایەتی جەنەرال  دیگۆل دامەزرا ، پەرژینێک لە نێوان گەل وکۆشکی ئەلیزێ دا هەبوو کە رێگر بو لە بەردەم بینینی روی راستەقینەی گەل لە لایەن کاربەدەستانەوە،

بۆیە لە ئەرکە سەرەکیەکانی ئەو سەردەمە لابردنی ئەو پەرژینە بو ،کە رێگە ی لە نێوان سەرۆک و گەل ، سەرکردەو جەماوەر والا دەکرد ، بە و بڕوایەی کە گەل لە راگەیاندنی کۆمارو پشتگیری کردنی دا  رۆلێکی بەرزی بوە،  پێویستە لە چۆنیەتی بەڕێوە بردنی کاروبارەکاندا قسەی یەکەم هی ئەو بێ.

دیگۆل بە چاوی ئومێدەوە دەی روانیە نەتەوەی فرانسا  ئەو وەکو بوکێکی رازاوەی دەبینی ، شانازیی بە مێژوەکەیەوە دەکرد و خۆشحاڵ بوو بە شکۆداریی.

هەروەها بە چاوێکی واقیع بینانە سەیری دەکرد کە بە پێچەوانەی ئومێد دەی بینی چونکە ئەوکات گەل لەوپەڕی پارچە بونی ناوەخۆدا بوو ، حزبەکان لە پێناوی دەسەلات دا  لە ململانێییەکی توند دا بوون ، دیسان گەلی فرانسا دابەش ببووە سەر پشتگیری و دژایەتی لە شەڕی جەزائیر.

پێشبڕکێی نێودەوڵەتی  بۆ چەکی  ئەتۆمی و دەست گرتن بەسەر ولاتە تازە پێگەیشتوەکان لەو پەڕی جۆشی دابوو ، پێشبڕکێ لەنێوان ئۆردوگای سەرمایەدار بە سەرۆکایەتی ئەمەریکاو سۆشیالیستی کۆمۆنیستی بە سەرۆکایەتی یەکیەتیی سۆڤیەتیش لە ئاستی لوتکە دابوو.

سەرباری زۆری و قوڵی تەگەرەکان دەبوایە جەنەرال دیگۆل رێگەیەکی جیدیی  کارا بگرێتە بەر ، ئەوەبو هەڤالانی  خۆبەختکارانە بۆ ئەم رێگەیە بە بڕواوە بۆ گەراندنەوەی سەروەریە کانی فرانسا هاوکاریان کرد،  کە  ئەوکات بەرەو ون بون دەچون  .

هەنگاوی یەکەمیش.....

جەنەرال دیگۆل بۆ گەلی فرانسا دابەزیە سەر شەقام و بەزمانی عەقل و سۆز بۆ فرانسا قسەی کرد ، گەلی فرانساش کاتێک زەنگی خەتەر لێدەدات ، رادەی سۆزیان لەوپەڕی ناسکی دا دەبێ ، ئەم هەستە لە ناخ و گوێچکەی فەرەنسیەکان جێگیر بوە .

وتەکانی ئەو پەڕی راشکاوانە وراستگۆیانە بون ، دوای ئەوەی ئاستی دۆخی خەتەرناکیی وڵات و کاردانەوەکانی بۆ سەر نەوەکانیان بۆ گەل رون دەکردەوە بەرپرسیارێتیی یەکەمی دە خستە ئەستۆی گەل.

ئەو کات خەلک دەنگیان هەڵبڕی بە (بژی فرانسا) هاواریان دەکرد .

ئەمە بانگ و راگەیاندنێک بوو بۆ سەپاندنی پێگەی خۆی و وەڵامی میلەتیش بو بۆ ویستەکانیان لە پێناو بنیادنانەوەی وڵات بێ راوەستا ن و درێغی .

ئەوسا دیگۆل گەڕایەوە ئەلیزێ بە دەرکردنی بڕیاری چاکسازی وپرۆژەو بوژاندنەوە دەستی پێکرد، بڕیارە چاکسازیەکانی بۆ کەسە حزبیەکان بوو کە ببونە مایەی نەهامەتیی گەلی فرانسا ، دەستیشی بەو حزبانەوە گرت کە سەرباری شاشی دیدو بۆ چونیان بەڵام لە مەیدانی کاردا کارا بون ، بۆ لابردنی تەنگو چەلەمەکانی سەر رێگەیان کە ئەوەندەی نەمابو فرانسا روەو هەلدێرە بەرن.

بڕیارێکی تری چاکسازیی دەرکرد ، بریتی بو لە ئەنجام دانی هەلبژاردنەکانی نوێنەرایەتی و ریفراندۆمی میللی لەسەر بڕیار و داخوازیەکانی.

ئەوەی ویستی سەرکەوتنی لێ وەدەست هێنا ،..دواتر دەستوری نوێی فرانسای دەرکردو بڕیاری چاکسازیی یەک لەدوایەکی دەرکرد کە لە هەمویان پشتگیری و پیرۆزبایی گەلی لێ وەدەست دەهێنا ، تەنانەت یەک رکابەریشی نەکەوتە سەر رێ بۆ ئەو بڕیارو کارانەی ئەنجامی دان....

چاودێرانی روداوەکانی فرانسا گەواهی ئەوە دەدەن کە ئەم گۆران و چاکسازیانە خەلکی وشیار کردەوە بۆ سازدانی خۆپیشاندان رایپەراندن ،ئەم دیاردەیە سەرتاپای وڵاتی گرتەوە لە باشور تا باکور بەدوای رێگەی رزگاری دا دەگەران داوای کەسی شیاویان دەکرد کە ئەمەش تەنها شایستەی جەنەرال شارل دیگۆل بو هەموان کۆ دەنگ بون لەسەر هەلبژاردنی

دیگۆلدا،ئەو کەسەی کە هەمو شەڕەکانی لەپێناو رزگار کردنی ئیمپراتۆریەتی فرانسا دژی نازیەکان بەڕێوەبرد لە هەر کوێیەک پێبکرابێت دژی داگیرکاریی نازیەکان دەوەستا کە دەیانویست ئیمپراتۆری فرانسا پاوانبکەن ، گەلی فرانسا تام و چێژی سەرکەوتنەکانیان لە بیر نەدەکرد ئەوکاتەی دیگۆل توانیی رزگاری و ئازادی بۆ وڵات دەستەبەر بکات ، ئەگەرئەوسا هاوراییی گەل بۆ رزگاری وڵاتی فرانسا بو و بە سەرۆکی ووڵاتیان هەلبژارد، ئەم جارەیان هاوراییان لەسەر هەلبژاردنی دیگۆل بۆ ئازادی گەلە.

* * *

## دیگۆل و گیرو گرفته کانی جیهانی

---------------------------------

ئەو رۆژەی دیگۆل وێرای رەشبینی بڕیاری دامەزراندنی فرانسایەکی ئازاد و بێ سنور و خاوەن سوپایەکی لەژمار نەهاتوی دا که خاوەنی ئەرکانی جەنگ و شارەزایی سەربازی بێ ، بۆ ئازاد کردنی هەر بستێکی خاکەکەی لە ژێر چنگی نازیە داگیرکەرەکان ئەوکات فەرەنسیەکان بە چاوێکی ئومێدەوە دەیان روانیە داهاتوی وڵاتەکەیان .

ئەم بڕیارەی بڕیارێکی بێ بنەما نەبوو ، سەرچاوەکەی لەوەوە گرتبو کە بڕوای بەوە هەبو ، خەلکی ئەم وڵاتە و خاوەنی ئەم بڕیارە مافی خۆیانە بە ئازادی لەسەر خاکی خۆیان بژین ، ئەم ئەرکەش بێ گومان دەکەوێتە سەر شانی ئەم ، لەم پێناوەدا هاو شان لەگەڵ میلەتەکەی ، چەکی کردە شان.

سەرجەم بۆچونەکان وادەردەخەن کە جەنەرال دیگۆل بڕوای بەوە هەبوو کە هەر میلەتێک مافی خۆیەتی لەسەر خاکی خۆی بە ئازادی بژی وبڕیار لەسەر چارەنوسی خۆی بدات ، لە هەڵوێست و بڕیارەکانی دا سەبارەت بە گیرو گرفتەکانی دەرەوە ئەوە دە سەلمێنن.

لەم روانگەیەوە بابچمە سەر باسی هەندێک لەم گیرو گرفتانە ، وەکو واقیعێک نەک وەکو بیانویەک بۆ سەلماندن .

## یەکەم : گیرو گرفتی رۆژهەلاتی ناوەڕاست:

-------------------------------------

کاتێک جەنەرال دیگۆل بەر لە شەڕی حوزەیران بە یەک هەفتە پێشوازیی لە وەفدی زایۆنی کرد بە سەرۆکایەتی ئیشکۆل ی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل ، پێی ووت:

- بە راشکاوی پێم بڵێ ئایا دەتانەوێ شەڕ دژی وڵاتانی عەرەب رابگەیەنن؟
- ئەگەر ئەمە نیازتانە ، پێویست ناکات قسەم لەگەڵ بکەن چونکە من دژ بە م شەڕەم و بە زۆرلێ کردن لەسەر ئاسایشی گەلی دەزانم، ئەگەر ئەمەتان کرد ئەوسا ئێمەش هەڵوێستی نیشتمان پەروەریی خۆمان رادەگەیەنین .. بشزانە کە من دژی جەنگم.

ئەگەر نیازی شەڕیشتان نیە ، ئەوا بەخێربێن و ئامادەم گوێ لە راکانتان بگرم و قسەیان لەسەر بکەین .

ئە شکۆل وەڵامی دایەوە :

- بەڵێ دەمانەوێ شەڕ دژی وڵاتانی عەرەب بکەین .

ئەوسا جەنەرال دیگۆل پێی لەسەر ئەوە داگرت کە لەگەڵ وەفدی ئیسرائیل وتووێژ نەکات، ..ئەو کاتەی کە دیگۆل ئەم هەڵوێستە راشکاوانەی وەرگرت لەژێر هیچ فشارێک دا نەبوو ئەو دەمە وڵاتانی عەرەبی بەهۆی هەڵوێستی جەزائیر و ملیۆن شەهیدەکەی پەیوەندیەکی

ئەوتۆیان لەگەڵ فرانسا دا نەبوو ، بەلاَم ئەم هەڵوێستەی لەبەر ئەو بڕوایە بو کە پەلاماردەر دەبێ سزای خۆی وەرگرێ.

ئیسرائیل ئەم ئامۆژگاریانەی بە هەند وەرنەگرت و سوربوو لەسەر دوژمن کاریەکەی.
ئەوەبو لە بەرەبەیانی 5 ی حوزەیران ی 1967 فڕۆکە جەنگیەکانی زایۆنیزم پەلاماری فڕۆکەخانەی میسرو دواتر سوریاو ئوردن یان داو بەسەر هێزی ئاسمانیی عەرەبەکاندا زاڵ بو و لە مەیدانی جەنگی وەدەرنان ، بەمەش بردنەوەی جەنگی بۆخۆی مسۆگەر کرد .
جەنگێکی کتو پر بوو ،دەرفەتی سەرکەوتن بۆ وەشێنەری گورزی یەکەم زیاترە ، چونکە تا ئەویتر بە ئاگا دێت و بۆ کاری بەرگری دەکەوێتە خۆ ،کار لەکار دەترازێ.
ئەوەی شیاوی وەبیر هێنانەوەیە ، جەنگی عەرەب – ئیسرائیل لە ڕێککەتنێکی چوار قۆلیی نێوان ئەمەریکا و بەریتانیا و ئەڵمانیای رۆژئاوا و ئیسرائیل دا نەخشەی بۆ داڕێژرا بو .

دواتر بە ماوەیەکی کورت زانرا کە پنتاگۆن خۆی داڕێژەری یەکەمی نەخشەی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر خاکی عەرەبی بوە، سەرەڕای مخابەراتی ئەمریکی (سی،ئای،ئەی)کە ئیسرائیل لە شەڕەکەدا بۆ مەرامی خۆی بەکاری دە هێنا.
بەمەش توانیان چەند ناوچەیەک لە خاکی عەرەب داگیر بکەن وەکو چەند شوێنێک لە بیابانی سینا تا کەناری رۆژئاوا لە کەنداوی سوێس و قودسی کۆن و غەزەو بەرزاییەکانی جۆلانی سوری.
یەکەم بڕیاری دیگۆل ، ڕێگرتن بوو لە بارکردنی فڕۆکەکان بۆ ئیسرائیل ، ئەوەی زانراوە کە ئیسرائیل لەهەموهێرشە دوژمنکاریەکانیدا پشتی بە فڕۆکەکانی میراجی فەرەنسی دەبەست ، بڕیاری دواتری ، راگرتنی ناردنی هەموو ئەو چەکانە بو بۆ ئیسرائیل کە بەر لە هیرشەکەی 5 ی حوزەیران لەسەری ڕێککەوتبون.
ئیسرائیلیەکانیش هەلمەتێکی بەهێزیان کردە سەر دیگۆل، تۆی ژەهراویان لە نێو ریزەکانی گەلی فرانسا دا بڵاو کردەوە کە هەندێکیان خەریک بو مەرامەکەی خۆی بپێکێ ، بۆ نمونە... خۆ پیشاندانەکانی خوێندکارە فەرەنسیەکان کە (براندات کۆهین ) ی بە رەگەز جولەکە

ڕێبەرایەتیی دەکردن ، دواتر چەند مان گرتنێکی بواری گواستنەوەو ئاو و کارەبا و کاری کانزاکانی بەدوادا هات ئەم بارە پەشێویە ماوەی دوو هەفتەی خایاند ، ئەوەندەی نەمابو وولآت لەروی داراییەوە بشلەژێنێ .

دیگۆل دەستەوەستان نەوەستا، بڕیارێکی دەرکرد بە ڕاگرتنی ناردنی پارەو پول بۆ دەرەوە، بە چەند هەنگاوێکی دارایی و ئابوری توانیی نرخی زێری فرانکی فەرەنسی لە دابەزین ڕزگار بکا .

بڕیاریکی تری دەرکرد بە دەرکردنی (براند کۆهین) لە خاکی فرانسا…دواتر دیگۆل لە ڕێگەی رادیۆو تەلەفزیۆنەوە قسەی بۆ میلەت کردو تیایدا هەڵوێستی فرەنسای بۆ رونکردنەوەو وێرای خەتەرناکی ئەو رۆژگارەی کە وڵات تێیدا تێپەر دەکات.، میلەتیش بە پیر بانگەواز و قسەکانیەوە هاتن.

دەبوایە راپرسیەک بۆ بڕیارو چاکسازیەکانی دیگۆل بکرێت کە ئەمیش ئەنجام درا، ئەنجامەکەشی 80% لە بەرژەوەندی دیگۆل دا بو.

ئەمەو دەبوایە هەلبژاردنی نوێنەرایەتی بکرێت کە ئەویش ئەنجام درا، خەلک زۆر بەگەرمی بەرەو سندوقی دەنگدان دەچون ، ئەنجامەکەشی دیسان بە ڕێژەی لە 70% لە بەرژەوەندی دیگۆلیەکان بو کە فرانسا لەژیانی هەلبژاردن دا ئەمەی بە خۆوە نەدیبو.

دیگۆل لە روی سەهیۆنیزمی جیهانیدا بە شکۆداری مایەوە .

لە نەتەوە یەکگرتوەکانیشدا نوێنەری فرانسا بە راشکاوی رای گەیاند کە رای وڵاتەکەی ئەوەیە نابێ ڕێگە بە زۆردار بدرێت بەرهەمی زۆرداریی بچنێ.

ئەورۆژەی ئیسرائیل هێرشی کردە سەر فڕۆکەخانەی بەیروت لە 28کانونی یەکەمی 1968 ئەو هێرشەی سەرتاپای دونیا لەسەر شەرمەزارکردنی یەک بون، لە ئەنجومەنی ئاسایش جەنەرال دیگۆل بڕیارەکەی خۆی ڕاگەیاند کە بە خەتەرناکترین بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش دەژمێردرێت کە بریتی بو لە ڕێگە نەدان بە ناردن و فرۆشتنی هیچ پارچە چەکێک بۆ ئیسرائیل…ئەوەی شیاوی باسە فڕۆکەکانی ئیسرائیل لە جۆری میراجی فەرەنسی بون ، بۆ هەر فڕینێک دەبوایە پارچەی یەدەکیان هەبوایە ئەگەر فڕینەکە بۆ ماوەیکی کورتیش بێ ،

دیسان فرۆکەکانی هەلیکۆپتەری فەرەنسیش بەهەمان شێوە .سەرەڕای ئەوەی لەم ماوەیەی دواییدا ئەو فرۆکانە رویان لەکەم بون کرد بو  بەهۆی خستنەخوارەوەیان یان نەبونی پارچەی یەدەگەوە، بەم جۆرە  دژواری و کاریگەریی ئەم بڕیارەمان بۆ دەرکەوت بۆسەر ئیسرائیل و بارە سەربازیەکەی.

**دووەم : شەڕی جەزائیر و فرانسا**

--------------------------------

جەزائیریەکان لە 1945لە خەباتیان دا  بۆسەربەخۆی وولات ، لە تۆڵەی هاوکاریە کانیان بە فەرەنسیەکان بۆ دەرکردنی سوپای داگیرکەری نازی لە جەزائیر چاوەڕێی ئەوەیان لە فرانسا دەکرد کە دانیان پێدا بنێن و هاوکاریان بکەن بەڵام بە پێچەوانەوە  دەرچو ، بۆیە جەزائیریەکان  ناچار بوون شۆڕشێک دژی فەرەنسیەکان بەرپا بکەن .

لە یەکەم شەوی تشرینی دوەم ی 1954 بەرەی رزگاریی نیشتمانی یەکەم گولەی خۆی تەقاند وەکو راگەیاندنی چەخماخەی شۆڕش و بڵاوکراوەکانیان  هەموو  شەقامەکانی  گرتنەوە ئامانجەکانیشیان بەم خاڵانە دیار کردن:

1- دامەزراندنی حکومەتێکی نیشتمانی بە ناوی حکومەتی جەزائیر کە خاوەنی سەروەریی دیموکراتی و کۆمەڵایەتی خۆی بێت .

2- رێز گرتن لە ئازادیی هەموو رەگەزو بۆچونەکان بەبێ جیاوازی .

ئەمەو ئامانجە دەرەکیەکانیش بریتی بون لە :

بە نێو دەوڵەتی کردنی دۆزی جەزائیر لەکاتێک دا فرانسا دەیوت کێشەکە کێشەیەکی فەرەنسیە بە بیانوی ئەوەی جەزائیر سەربە ئیمپراتۆریەتی فرانسایە.

بەڵام هۆکارەکانی هەلگیرساندنی شۆڕش بریتی بون لە :

1- هۆکارە سیاسیەکان: گوایە جەزائیر بەشێکە لە خاکی فرانسا بەم پێیە ئەو یاسایانەی لە سەر خەلکی فرانسا  پیادەدەکرێن لەسەر خاکی جەزائیریش پیادە

دەکرێن، سەرباری ئەنجومەنە کارتۆنیەکەی یاسادانان و خۆجێییەکان وبونی تێرۆری جیاکاریی رەگەز پەرستانە .

2- هۆکارەکانی ئابوری: ئەمەش بە وتەیەکی مارشالی فەرەنسی (بوگو ) دەردەبڕێت کاتێک دەڵێ ( لە هەرکوێیەک خاکی بە پیتو بەرهەم دارت دی دەبێ فەرەنسیەکان لە وێ بن).

3- هۆکارە فەرهەنگیەکان: ئەمەش بەوە ناسرا کە دژایەتیی هەموو ئامرازەکانی نەتەوە و ئاین و زمان ونەریتەکان بون .. بڵاو بونەوەی نەخوێندەواری و نەزانین تا کار گەیشتە ئەوەی 86% جەزائیر بگرێتەوە . سەرباری جیاوازیی رەگەزپەرستی لەنێوان نەتەوەکاندا بەتایبەت عەرەب و ئەوروپیەکان ، بەرجەستە بونی چینایەتی و نەبونی خزمەتگوزاری تەندروستی.

ئەمەو بەشداری کردنی جەزائیر شان بەشانی فەرەنسیەکان لە کارو چالاکیەکان بوە هۆی بەرز بونەوەی توانای سیاسی و سەربازییان..

لەڕوی کاروباری دەرەوە دا ، توانرا بیرۆکەی بە نێو دەوڵەتی کردنی دۆزی جەزائیر مکوم و جێگیر کەن و لەوە دەرچێت کە کیشەیەکی ناوەخۆی فرانسا بێت .

ئەویشیان بەو شێوەیە کرا :

- گەلانی عەرەبی وئاسیەوی و ئەفریقی لە دەوری جەزائیر ئاڵانەوە وسۆزیان بۆ شۆڕشەکەیان بو، ئەمەش لە کۆنگرەی باندونگ و ئەکرا و قاهیرە دا کرا.
- خستنەروی کێشەی جەزائیر لە نەتەوە یەکگرتوەکان، لە 1957 بڕیار دەرکرا بە دەستپێکردنی دانو ستان لە نێوان جەزائیر وفرانسا، ئەم بڕیارەش دەکرێ بە داننان بە بونی جەزائیر لەلایەن مەحافلی دەولی یەوە دابنرێت..

کاتێک هەوڵی فەرەنسیەکان شکستی هێنا لە تێکشکاندنی شۆڕشی جەزائیر ، لە کۆماری چوارەم داوای راگرتنی شەڕیان کرد ئەوەبو هەندێک لە بزوتنەوە فەرەنسیەکان باوەشیان بۆ ئەم داخوازیە کردەوەو کۆماری چوارەمیان لەناو برد و کۆماری پێنجەمیان بە سەرۆکایەتی دیگۆل راگەیاند...

ئەوە بو دیگۆل دەستی بە گفتوگۆ کرد بەڵام دەستەیەکی یاخی بوو دژی بڕیارەکەی دیگۆل هەڵگەڕانەوە و خەڵکیان هاندەدا بۆ هەڵگرتنی چەک ، چەندین کاری توندو تیژیان ئەنجام دا ، لەوانە ئۆپەراسیۆنی( البسات المتوى) کە جەنەراڵ شال سەرپەرشتیی دەکرد مەبەستیان لەم ئۆپەراسیۆنانە ئەوەبو کە جەزائیر بۆ چەند چوارگۆشەیەک دابەشکەن و بە تۆپ وفڕۆکە بۆردومانی بکەن دواتر بە هێزی پیادە داگیری بکەن ، ئەم کارە بەردەوامیی پێ بدرێ تا بەتەواوەتی جەزائیر لەناوبەرن.

بەڵام دیگۆل نارەزایی بەرامبەر بەم یاخیبونە دەربڕی وفەرمانی گرتن ولەسیدارەدانی شالی دا ، بەم فەرمانەش هەموو ئەوانە بگرێتەوە کە فەرمانەکانی دەسەڵاتی ناوەندی فرانسا جێبەجێ دەکات .

ئەوەبو لە( ئیڤیان )لە 18 ئاداری 1962 وتوویژ لە نێوان فرانسا و جەزائیر دەستی پێکرد و گەیشتنە رێککەوتنێک کە تەقە رابگیرێ ، مەرجەکانی ئاشت بونەوەش بریتی بون لە :

1- یەک پارچەیی خاکی جەزائیر و مافی جەزائیریەکان بە مافی چارەی خۆنوسین.

2- ئەنجام دانی ریفراندۆمێکی سەرتاسەریی وڵات بۆ مافی چارەی خۆنوسین.

3- ئەو فەرەنسیانەی لەسەر خاکی جەزائیرن سەرپشک بن لە مانەوەیان لە جەزائیربە رەگەزنامەوە ، بە پابەند بونیان بە رێنماو یاساکانی جەزائیر، یا وەکو فەرەنسی بمێننەوەو مامەڵەی میوانیان لەگەڵدا بکرێت .

4- هێزەکانی فەرەنسی خاکی جەزائیر جێ بهێڵن.

5- حکومەتی جەزائیر هاوکاریەکی مالی لە حکومەتی فرانسا وەردەگرێ بە مەرجێ کار نەکاتە سەر سەروەریی جەزائیر.

* * *

## دیگۆل و ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و

یەکیەتی سۆڤیەت

--------------

گومانی تیا نیە کە ئەمەریکاو سۆڤیەت دوو وڵاتن لە وڵاتە مەزنەکانی دونیان ...لەم روانگەیەوە ئاسایی بو کاتێک ململانێ لە پێناو دەست بەسەرداگرتن لە نێوانیان روو بدات.

ململانێ لە نێوان ئەمەریکا و روسیا تەنها بۆ دەست بەسەرداگرتنی خۆیان نەبوو بەڵکو بۆ بڵاو کردنەوەی بیرو بڕواکانیان بوو، دیارە کە ئەمەریکا نوێنەری ئۆردوگای سەرمایەدارەو روسیاش هی کۆمۆنیستە، ململانێکەش بۆ ئەم مەبەستە بوو .

بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم مەرامانەشیان پێویستیان بە وڵاتانی تر هەبوو ئەوەبو رویان لە وڵاتانی تازە پێگەیشتو دەکرد جاری وا بو ململانێکە دەگەیشتە روبەروبونەوەی چەکداری، ئەمە لە کوبا رویدا کاتێک کوبا بڕوای بە کۆمۆنیستی هێناو رێگەی بە سۆڤیەت دا بنکەی سەربازی لەم وڵاتە دابمەزرینێ هەروەکو دەزانین لەروی جوگرافیشەوە کوبا گەلێک لە ئەمەریکاوە نزیکە کەوایە دەزانین خەتەرمەندی ئەم بنکانە بۆ ئەمەریکا چەندەن ، هەڕەشەکانی ئەمەریکا کە ئەگەر ئەم بنکانە لە ماوەی 24 کاتژمێر هەلنەوەشێنێنەوە لیدانی بنکەکانی روسیاو خودی روسیاش ئەنجام دەدا ، لە ئاست ئەم هەڕەشانە هەمو دونیا چاوی بڕیبوە ئەو ساتەی ئەم شەڕە ئۆتۆمیە لە نێوان روسیا وئەمریاکا رودەدا.

بەڵام دوژمن دارێتیەکە دوژمن دارێتیەکی نەریتی بوو، ئەوەی شارەزایی لە ململانێکانی ئەڵمانیای دیموکراتی و ئەڵمانیای رۆژئاوا هەبێ دەزانێ کە ئەمیش یەکێک بو لەو ململانێیەی نێوان روسیا و ئەمەریکا ، ئەوسا روسیا پشتگیریی لە یەکەم دەکرد و ئەمەریکاش لە دووەمیان .

هەروەها ململانێی نیوان چینی گەلی و چینی نیشتمانی ، روسیا پشتگیریی لە یەکەم دەکرد و ئەمەریکاش لە دوەمیان ، ئەم ململانێیە تەنها خۆ لەیەک نزیک کردنەوە بو لە نێوان ئەمەریکا و روسیا ، ململانێش لە نێوان کۆریای باکورو کۆریای باشور، روسیا پشتگیریی لە

یەکەم دەکردو ئەمرەیکاش لە دوەمیان ، ململانێی نێوان ڤیتنامی باکور وڤیتنامی خواروش روسیا پشتگیریی لە یەکەم دەکرد وئەمەریکاش لە دوەمیان ، هەروەها ململانیی نێوان عەرەب وئیسرائیل ئەمەریکا بە هەمو شێوەیەک پشتگیریی لە ئیسرائیل دەکرد روسیاش لە روی مادی ومەعنەوی هاوکاریی عەرە بی دەکرد ، بەڵام راستەوخۆ لە مەیدانی جەنگ هاوکاریی نەدەکردن چونکە ئەگەر بە چەک وتفاق هاوکاریی بکردبانا ئەوا دەکرا ئیسرائیل کاول کەن بۆیە مەبەستی روسیا ئەوەیە ئیسرائیل بمێنێتەوە تا خۆی تەراتێن بکاو چاکەی بەسەر عەرەبەوە بمێنێ مانەوەی ئیسرائیل مانای مانەوەی چاکەیە بەسەر عەرەب هەروەها بۆئەوەی ئیسرائیل بە کێشەکەیەوە لەغەڵ عەرەب بمێنێتەوە.

شایەدحال لەسەر ئەم روداوانە زۆرن..

دیگۆل ئەم ململانێیەی وەکو شانۆگەریەک لە نێوان ئەمەریکاو روسیا دەبینی بۆمەبەستی دیار کردنی رۆلی خۆیان لەم شانۆگەریە دا سازیان دابو بۆ ئەوەی دەست بگرن بەسەر هەمو جیهاندا.

چونکە ئەمەریکا بەسەر ئیرادەی ئەوروپا ی رۆژئاوا دا زاڵ ببو ، ئەمە ش لا ی دیگۆل رون و هەست پێکراو بوو ، پاشکۆیەتی کردنی ئەم حاڵەتە توانەوەی کەسایەتیی فرانسا و جێبەجێ کردنی حەزەکانی ئەمەریکای لێ وەپاش دەکەوت .

بۆ دور کردنەوەی فرانسا لەم چوارچیوەیە دیگۆل بەرەو روسیا کەوتە رێ ، سەبارەت بە هەمو کێشەکانی دونیا وناوچەکە وتووێژیان ئەنجام دا ، ئەوە بوو دۆستایەتی ونزیک بونەوەی فرانسا و روسیا گەشەی بەخۆوە بینی و پەیوەندیەکانی ئەمەریکاش بونە پەیوەندیی نێوان دوو هاوتاک نەک سەرۆک وژێردەست.

دیگۆل بەم هەنگاوەی توانیی فرانسا لە نێوان هەردوو ئۆردوگا مەزنەکە راگیر کات وەرچەرخانێک بەرێچکەی پەیوەندیەکانی فرانسا و وڵاتانی دونیاوە بکا و کەسایەتیی فرانسا لە مەحافلی دەولی دیارو پرشنگدارو سەروەردار بکات کەواتە لە گێڕانەوەی ئەو هەمووە روداوانەدا بۆمان دەردەکەوێت کە دیگۆل بێ پەرواکاری بۆ گەل ونیشتمانەکەی دەکردو لە پێناوی مرۆڤدا خەباتی دەکرد لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانە بیت . لە جیهانێکدا

كە شەڕو ئاژاوە دایگرتوە ململانێی گرتنە دەستی دەسەڵات و پاوانخوازی سەرقالی کرودوە . ئەویش بێ گوێدان بە پێویستی پاراستنی مان و بەهاکان بۆ ئەوەی بەهاکانی مانەوە شکۆدار بن و پێشبڕکێی جیهانیش بۆ هێنانەدی ژیانێکی پڕ خۆش و خۆشگوزەرانی و کامەرانی بێت .

* * *

## دیگۆل و زاڵ بونی نازیەکان

--------------------------

سەبارەت بە شەڕی رزگاری کە بەو پەڕی پالەوانیەوە بۆ رزگار کردنی وڵات جەنەرال دیگۆل پێی هەڵسا بەم شێوەیە قسەی لەسەر دەکات:

لەو رۆژەوە کە هەستم بە راستیەکان کردوە فرانسا بەشی زۆری بیرکردنەوەی منی داگیر کردوە توانیومە درکی راستیەکان بکەم ، بنەمای ئەم بیرکردنەوەیەشم دەکرێتە دوو بەش :

یەکەم: ئەو سۆزە بی سنورەیە کە فرانسام وەکو بوکێک وشاژنێک دەبینیێ.

دوەمیان: توانا عەقلیەکانی فرانسایە کە من پێم وایە دەبێ لەگەڵ پێشەنگەکانی تر ئەگەر تاکە پێشەنگ نەبێت لە مەیداندا بونی هەبێ.

سەیر نیە ئەگەر بڵێم نابێ فرانسا بەم شێوەیە بێت تا ئەوکاتەی مەرجەکانی شکۆداری و مەزنیی تیا بەدی نەیەت.

ئەم راستیانەش لەو کاتەوە بۆم رون بونەتەوە کاتێک منداڵ بوم فرمێسکی پیاوان و هەناسەی ژنانم دەبینی کە بۆ شکست خواردنەکەی (فاشودا) دەیان رشتن و هەڵیان دەکێشا، ئەوکاتەی فرانسا لەژێر رکێفی ململانێی بیرورا و جیاوازکاریەکانی مەزهەبیی دە نالاند.

لەو کاتەی چومەتە مەیدانی خزمەتی سەربازیەوە هەستم بە هیچ شتێک نەکردوە تەنها بە بڕوابونم بە مافی وڵاتەکەم نەبێ کە بە ژیانێکی سەربەرزو کەرامەت بژیت، سەرباری روبەروبونەوەی سوپاکەمان بە رەخنەی هەست بریندارکەرو سوکایەتی پێکردن ، ئەو سوپایەی چاوەکانی پڕن لە ئومێد وئاسۆیەکی رون بۆ ئەم نیشتمانە ، کە ئەوان لە رۆژگارێکی نزیکدا ستونی ئەم نیشتمانەن .

- دوای تەواو کردنی خوێندنی سەربازیم لە کۆلێژی (سان سیر) لە 1912 وەکو ئەفسەرێکی مەشق تەواو نەکردو پەیوەندیم بە کەتیبەی (33) وەکرد کە لە ناوچەی (ئاراس) بو. بە

فەرماندایەتیی جەنەرال (بیتسان) ئەویش شەونخونیی لەسەر زانین و فێربونی هونەری فەرماندەی منی دەکرد.

- دواتر لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر گواسترامەوە و لە پایەکەوە بۆ پایەیەکی تر.

- بۆبەشداری کردن لە هێرش بۆ سەر پۆلەندا راسپاردرام .

- سەرپەرشتیی فێربونی مێژوم کرد لە کۆلیژی( سان سیری جەنگی) .

- فەرماندارێتیی فەوجی 19 ی پیادەم کرد لە (تریف) .

- کاری یاریدەدەریی دەزگای ئەرکانی گشتیم کرد لە سوریا ، لبنان، هەرێمی راین.

لە ئەنجام ئەوە سەلمێنرا کە تەواوبونی شەڕ ، ئاشتی لە دونیا بەرقەرار ناکات ، بەتایبەت کە ئەڵمانیا واز لە چاوبرینەکانی خۆی ناهێنێ بۆ ئەم مەبەستەش کات ئەژمار دەکات .

سەردەمانێک فرانسا بە تەنیایی لە مەیدان مایەوە ، پاش ئەوەی روسیا بە شۆڕشەکەیەوە ماندو بوو ئەمەریکاش دوره پەرێزی خۆی راگرت سەرباری نەرم کێشیی بەریتانیا لەگەڵ ئەڵمانەکان ، بەو ئومێدەی فرانسا پەشیمان بێتەوەو پێویستیی بە تواناکانی ئەوان ببێ .

لەم ماوەیەدا بەرلین رێگەی خۆپڕچەککردنی گرتبوە بەر و هیتلەریش هەنگاوی خێرای دەنا بۆ دەستبەسەر حوکم داگرتن.

- لەم کاتەد ابو داواکرام بۆ وەرگرتنی پۆستی سکرتێری گشتیی بەرگریی نیشتمانی سەربە سەرۆکی وەزیران بوو، ئەرکەکەی بریتی بو لە ئامادە کردنی وڵات و حکومەت بۆ جەنگ.

بە هۆی ئەو بارەی جیهان تێی کەوتبو ئەم پۆستە بێ بەها نەبو پۆستێکی پر بایەخ وگرنگ بوو، ماوەکە کورت بوو ، دەستیش لەسەر پەلاپیتکە ی تفەنگ بوو.

پەلەم لە چاوخشاندن بە نەخشەی (ئەندرێ تاردیۆ) کرد کە تایبەت بوو بە سەلامەتی لەگەڵ پرۆژەی (بۆل بۆنکۆر) بۆ پرچەککردن ، کە پێشکەش بە کۆمەلەی نەتەوە یەکگرتوەکان کرابو لە جنێف .

سەرباری ئەمە پێویست بو لەسەرمن کە راپۆرتەکان بە وردی ئەم دێرو ئەو دێریان پێ بکەم و زانیاریش لەسەر کەم وکوریەکان بەوپەڕی راشکاوانە بە (دۆمریج ) بدەم ، ئەمەو پرۆژەیەکی رێکخستنی گشتیی وڵاتم لە سەردەمی شەڕدا ئامادە کرد کە هەمو پێویستیەکانی

ولأت لەروی پیشەسازی و گرد بونەوەی جەماوەری بۆ پالپشتی جەنگ ئامادە کرد هەموو ئەوانەی بە میشکم دا هاتن کە هاوکاربن بۆ سەرکەوتنی جەنگ ئامادەو پوختم کردن ، لەوانە زاڵ بونی حکومەت بەسەر کاروباری لەشکرداو پەیوەندیەکانی نێوان حکومەت و فەرماندە ی بالای سوپاو ، ئەوانەی کە دەبێ هەمو ولاتێک لەم قۆناغانەدا کە ولأت تێیدا تێپەر دەکات هەیبێ ، بەتایبەت ولاتێکی وەک فرانسا کە ئەم مەرجانەی لێ بەدی دەکرا .

- توانیم هەمو را و بیرۆکەکانم لە دو پەرتوک دا کۆبکەمەوە ئەوانیش:

1- (ناکۆکیەکانی نێوان دوژمنان)

2-(تیلمی شمشێر)

چالاکیەکانی راگەیاندنم لە سنوری ئەم دوپەرتوکەدا نەوەستا بەڵکو چەندین بابەتم لە رۆژنامە و گۆڤارەکان بلاوکردنەوە .

لەم کاتەدا وبەتەواوەتی لە مانگی کانونی دوەمی 1933 هیتلەر بەبێ رکابەر بو بە رابەری (رایخ).

لەگەڵ ئەمەش لەم رۆژگارە ناسکەدا لە روانگەی هەست بە لێپرسینەوە درێغیم لە دەرکردنی پەرتوکی (سوپای دوارۆژ) نەکرد ئەم پەرتوکەم هەموو راو بیرو بۆچونەکانمی لەخۆ گرتبو، تیایدا ئامازەم بە پێکهێنانی سوپایەک دابو کە توانای هەردوو ئۆپەراسیۆنەکەی شەڕی هەبێ :

هێرش بردن و بەرگری کردن ..

- ئەم سوپایە خاوەنی باشترین چەک وتفاقی سەربازی بێ .

- پیاوەکانی لە سەربازی پایە بەرزو بەتوانا و خاوەن تەمەنی درێژ لە ریزی سەربازی و خاوەنی ئەزمون بن .

- هەمو یەکە دروستکراوەکانی سەربازیی ولأت سەر بەم هێزەوە بن .

ئەم پەرتوکەم (سوپای دوارۆژ) شەپۆلێکی دوو سەرەی خولقاند ، بایەخ پێدان و دژایەتی کردن ، بەلأم لە دواییدا تەنها وەکوپەرتوکێکی سەربازیی سادە هاتە ئەژمار کە بۆ فێرگەکانی سەربازی سودی لێ وەردەگیرا ..ئەگەر هەستم بەوە نەکردابا کە پێویست بە وە

دەکات پەلە لە بڵاوکردنەوەی ئەم پەرتوکە دەکرێت ، ئەوا راو بۆچونەکانی خۆمم لە یانەو شوێنە گشتیەکان دەردەبری نەک لەم پەرتوکەدا ، ئومێدەوارم بۆ بەرژەوەندیی گشتی سود مەند بێ .

بەڵام هیتلەر دوژمنی چاوەروانی بوو و دەستی کرد بە جێبەجێ کردنی نەخشەکەی .

هەر لە 1933 هیتلر خۆی لە کۆمەلەی نەتەوەیەکگرتوەکان جیا کردەوە ، بە ئاشکراش دەستی بە خۆ پرچەککردن و رێکخستنی وڵات کرد بۆ ئامادەباشیی جەنگ.

لە سالەکانی 1934-1935 رایخ شۆڕشێکی سەرتاسەریی لە مەیدانی پیشەسازی عەسکەرتاری بەخۆوە بینی لەگەڵ ئەمەش نیازەکانی سەردەمی نازیەکان بۆ پەشیمان بونەوە لە پەیماننامەی (ڤێرسای) شاراوە نەبون.

بەهۆی ئەم سیاسەتە خێرایەو گۆرانە پێشبینی کراوە ، بونی ئامێرێکی سەربازیی ئامادە بە کەرەستەی هێرش بردن زەرورەتێک بو ، هیتلەریش بە لێزانییەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەو بارە کرد ،ئەوەبو بوێرانە خەلکی بۆ شەڕ هان دەداو فەرمانی بانگێشتی خزمەتی سەربازیی دا ، خزمەتی سەربازیشی بەسەر کرێکاراندا سەپاند .

بەمەش وازی نەهێنا ،پیادەی بیروراکانی (گۆرنگ) ی کرد، بڕیاری دامەزراندنی هێزێکی ئاسمانیی دا کە هاوکاری هێزی زەمینی بێ.

هەر واش بو (گۆرنگ) لە 1935خۆی رایگەیاند کە (رایخ) خاوەنی هێزێکی ئاسمانیی فرە فرۆکەیە چەندین فرۆکەی شەڕکەر وهێرشبەر و رۆکێت لەخۆ دەگرێت.

بۆ هیرشەکانی بۆ سەر فرانسا ، کەسێک نەبو دەنگ بە رویدا بەرز کاتەوە ، شەڕمەزاری بالی بەسەر سەرکردەکان دا کێشا بو ،هەمویان چاویان بەردابۆوە.

هیتلەر باڵی شەڕمەزاریی بەسەر وولاتاندا کێشا...

لە سالی 1935 لە کاتی راپرسیدا لە ناوچەی (زار) ی سەر بە( رایخ) هیتلەر لەوێ ترس و تۆقاندنی لەناو خەلک دا بڵاوکردەوە ، تا ئەنجامی راپرسیەکە لە قازانجی ئەڵمانیا تەواو بن ،بەمە (زار) ی گێرایەوە بۆ (رایخ) دواتر هێرشێکی توند کرایە سەر (ئەسیوبیا)لە هەمان کاتدا سوپاکانی ئەڵمانیا هەنگاویان بەرەو روباری (سین) دەنا ئەویش لە حەوتی ئاداری

1936 بێ ئەوەیڤابەندی پەیماننامەکەی (ڤێرسای) کە ڕێگەی بە هێزەکانی ئەڵمانیا نە دەدا بپەڕنەوە روی رۆژهەلاتی روباری راین ، چونکە بە پێی ئەو پەیماننامەیە ئەو ناوچەیە کراوەتە ناوچەیەکی بێلایەن .

لەروی یاسایشەوە و بەپێی پەیماننامەی (ڤێرسای) دەمان ویست ئەو ناوچانە دوبارە بگەرێنینەوە چونکە ئەڵمانیا ئەو پەیماننامەیەی پێشێل کردبو ،بەڵام توانایهێزی سەربازیمان رێگر بون لە بەردەم ئەم ویستە جونکە دەبووە مایەی سوکایەتی پێکردن بە کەرامەت و خۆراگریمان بەرامبەر بە ئەڵمانەکان.

لە رۆژی 11 ی ئاداری 1938 هیتلەر سوربو لەسەر ئەوەی نەمسا بخاتە سەر خاکی ئەڵمانیا، ئەوەبوو بە هێزێکی چەندین تیپی سەربازیی چەکی هەمە چەشنەوە هێرشی کردە سەر نەمسا وبێ شەڕێکی گەورەی ئەوتۆ داگیری کرد خۆشی شەو بە تیپێکەوە چوە ناو ڤیەننا ی پایتەخت.

لە فرانسا لەجیاتی ئەوەی ئەم لەشکرکێشیە نارەوایەی ئەڵمانیا ببێتە پەند وهەلەکانی ئەڵمانیا لە خزمەت خۆیان وەگەر خەن بۆ راست کردنەوەی سیاسەتەکانیان و دەرسی لێوەرگرن، دلنیاییان دەخستە دلی خەلکەوە دلیان بە خەسارەتەکانی ئەڵمانیا خۆش دەکرد بە وەسفکردنێکی ناشیرن باسیان لە ئامێرە تێکشکاوەکانی ئەڵمانیا دەکرد .

من بە دلێکی پەژارەوە چاودێری هەڵوێستەکانم دەکرد ئەوکات من فەرماندەیی کەتیبەی ژمارە (507) لە هێزی تانکەکان لە ناوچەی ( میتز) بوم دوای ئەوەی کۆتاییم بە خولی خوێندنی سەربازی هێنا بو لە 1938.

لە 21ی ئادار ئەنجومەنی نوێنەران بڕوای خۆی لە حکومەت سەندەوە بەم شێوەیە حکومەتی (دیلادییە) روخا ، تەکلیف لە (پۆل رینۆ) کرا بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ ،ئەوەبو منیان بانگهێشتی پاریس کرد ، راپۆرتەکەی بێ قسە لێوەرگرتم داوای سەرەۆکی حکومەتی لێکردم کە راپۆرتێک لەسەر باری سەربازی پێشکەش کەم ،منیش ئەم کارەم زۆر بە وردیو وشکی ئامادەکرد ، دواتر بڕیاریدا کە لە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران بخوێنێتەوە.

گرنگیەکی ئەوتۆ بە راپۆرتەکەم نەدرا ،بەڵکو لە هەندێک شوێن تانەیان لێدا ، حکومەتیش بە رێژەیەکی زۆر کەم متمانەی وەدەست هێنا .

ئەو کاتانە کە لە تەک سەرۆکی وەزیران دانیشتبوم ، ئەو بارو دۆخەکانی بە وردی بۆ باس دەکردم و شیدەکردەوە ، رەنگدانەوەو ئەنجامە ناخۆشەکانی بۆ باس دەکردم ، کە گەلێک لە دەسەلاتدارانی سەر بە هەندێک لە حزبەکان شەڕ راگرتنیان بە زەرور دە بینی.

. بەلام من وەکورای تایبەتی خۆم دەڵێم ، زۆر لە فەرمانگەکانی ولات (ستالین ) یان بە دوژمنی سەرەکی دەزانی، نەک هیتلەر وەک بارو دۆخی ئێستا دەری دەخات .

هەر چەندە کۆمۆنیستە کان دەستیان لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگ و ئامادەباشی دابون بۆ شەڕکردن ، بەلام وایان لێ هاتبو کە نەفرەتیان لە شەڕ دەکرد سەرکردەکانی شەڕیان بە ئیمپریالیزم ناوزەد دەکرد ، ئەمەش دوای رێککەوتن نامەی (ریبنتروب و مۆلۆتۆف) بو .

لەم بارە گرژ و پر لە تەلەو پیلانەدا خەلک توشی دلەراوکێ وگومان بون ، هەمو هەستیان بەوە دەکرد کە ئەگەر نسکۆیەک روبدات ئەنجامەکەی بۆ ولات پر کارەسات و نەهامەتی دەبێ .

ئەم دۆخە تەمو مژاویە ورەی (بۆل رینۆ) ی نەروخاند ئەوەی هەمو هەوڵەکانی وەگەر خستبون لە پێناو ئەوەی کۆنترۆلی دۆخەکە بکات چونکە هەوڵەکانی لە لایەن بەرێز (دیلادییە) کە دواتر ئەنجومەنی وەزیرانی پێکهێنا ، رەت دەکرانەوە....ئەوەی دۆخەکەی نالەبارتر کرد توندی هەڵوێستی حزبی (رادیکالی) بو پشتگیریکردن لە (دیلادییە) ی سەرۆکی پارتەکەی بۆ سەرۆکایەتی حکومەت ، چاوەرێی دەرفەت بوون بۆ گەیشتن بەم مەرامەیان..

بەلام بەرێز پۆل رینۆ پێی لەسەر ئەوە داگرت کە پۆستی سکرتاریەتی گشتی بەمن بسپێردرێت، ئەوەی شیاوی باسیشە ئەم لیژنەیە بریتی بو لە وەزیری سوپاو وەزیری کەشتیگەل و فەرماندەی گشتیی هێزی ئاسمانی ، چونکە ئەم لیژنەیە بەرپرسیاربو لە بەڕێوە بردنی جەنگ .

كارو ئەركە سپێردراوەکانی سەرشانم لەم پۆستەم دا بریتی بون لە ئامادەکردنی خشتەی کاری لیژنە کە و نوسین و تۆمارکردنی بڕیارەکانی وسەرپەرشتی کردنی جێبەجێ کردنیان .

وەکو ئەوەی ئەم ئەرکەم زۆرلێکردنێک بێت لە بەرێز (دیلادییە)وە چونکە ئەم نارازی بو. تا کار گەیشتە ئەوەی درک بە ئاستەنگیی مەسەلەکە بکات کاتێک بە نێردراوی سەرۆک وەزیرانی راگەیاند کە ئەم حەزەی خوارەوەی بۆ بگەیەنێ :

- بە دڵنیایەوە ، ئەگەر دیگۆل بێتە ئێرە ئەوا ئۆفیسەکەم جێ دەهێلم ، وئاگاداری بەرێز (رینۆ)ش بکەرەوە کە دیگۆل لەشوێن من بە وەزیری بەرگری دابمەزرێنێ.

هەر چۆنێکی بێت هیچ ناکۆکیەکی کەسایەتی و تایبەتی لە نێوان من و بەرێز (دیلادییە) دا نیە ، ئەمە دوپات دەکەمەوە کە لەکاتی بەرزکردنەوەی پلەی ئەفسەران ،ناوی منی لەگەڵ لستی بەرزکەرەوەکاندا نوسیبو لە کاتێکدا سەرۆکی کاروباری دیوان ناوی منی پەراوێز کردبو.

بەڵام هۆی نارەزاییەکەی دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە دوبارە رێکخستنە وە کاتێکی زۆری گەرەکە ،کاتێک سەرۆکایەتیی وەزیرانی گرتە ئەستۆ ناچار بو وەکو دیفاکتۆ رەوشەکە ی قبول بێ ، ئەمیش بەهۆی کەمی کات و دیارە کە هیتلەریش لە چاوەروانی حەزناکات.

بۆیە دەبوایە من پاریس جێ بهێلم و بگەرێمەوە بەرەکانی جەنگ دوای ئەوەی بۆم نەکرا کاری سکرتێری گشتی لیژنەکە بگرمە ئەستۆ بەهۆی رێگریی وەزیری بەرگرییەوە...

بەر لە جێ هێشتنی پاریس چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ جەنەرال (گاملان) کرد دوای ئەوەی خۆی داوەتنامەی بۆ کردبوم کە سەردانی بارەگای فەرماندەیی بکەم لە (شاتو دی فانسین).

(گاملان ) لەگەڵ ژمارەیەکی کەمی ئەفسەران بەهێمنی وچاودێرانەوە کاریان دەکرد و بەو پەڕی راشکاوانەش دیالۆگیان ئەنجام دەدان ،هەموشیان بڕوایان بە سەرکەوتن هەبوو، بەرەکە بەسەر سێ یەکەدا دابەش ببو، بەرەی کور کە جەنەرال (جۆرج) فەرماندەیی دەکرد ، بارەگای فەرمانەدەکەی لە (لافیرتی سۆجوار) بو، بەرەیەکیش جەنەرال (دۆمنک) فەرماندەیی دەکرد ، هەندێک لە ئەفسەران لە ناوچەی (مۆنتری) ئەرکانی جەنگ یاریدەیان دەکرد.

دوای مانگ ونیوێک یەکەم گولەی دوژمن بۆ هێرش کردن تەقێنرا، دوای ئەوەی دانیمارک ونەرویج خێرا داگیرکران.

لە کاتێکدا دوژمنی خۆی بۆ هێرش بردن ئامادە دەکرد بڕیار درا کە هێزە زەمینیەکان بە ئالیاتی گرانەوە بەرێ بکەون بەپالپشتی هێزی ئاسمانی بۆ تەنها یەک جار.

10 تیپ لە هێزی زرێپۆش بەرێکەوتن لەگەڵ 6 تیپ لە هێزی ئامێری بەرەو رۆژئاوا، ئەم تیپانە دابەشی دووبەش ببون :

- یەکەمیان بە فەرماندایەتی (هۆت)
- دوەمیشیان بە فەرماندایەتی (کلایست)

وەنەبێ ئەم تیپانە سازش بزانن بەڵکو بەپێی نەخشەی دارێژراو کارەکانیان ئەنجام دا بە 3 رۆژ توانیان 7 تیپ لە روباری(مایو) بپەرێننەوە لەوانە تیپی(الاردین) .

بەمەندەش نەوەستان ، لە رۆژێک پاش گەیشتن بە روباری (الموز) واتە لە 14 ی مایس لە هەلکشان بەردەوام بون تا لە کەناری (نیانت ،جیفین،مونترمی،سیدان ) پەڕینەوە.

ئەم هێزانە تەنها بە هێزو توانای خۆیان نەدەرۆیشتن بەڵکو بە پالپشتی تیپە زریپۆشەکان بون ، ئەمانیش رێ خۆشکەری هێزە ئاسمانیەکان بون کە بە رۆکێت لە هێزەکانی دواوەو پێشەوەی ئێمە و لە هێلە ئاسنی ورێگاوبانیان دەدا بۆ ئەوەی کۆمەکمان پێ نەگات.دوای 4 رۆژ واتە لە 18 ی مایس 7 تیپە هێرشبەرەکە گەیشتنە ناوچەی (سان- کانتان)بۆ گرد بونەوەی هێزەکان دوای ئەوەی هێلی (ماجینۆ) یان رەت کرد کە من بۆ بەهێز کردنی هێزی بروسک بەرپەرچ دانەوەی دوژمن داوام کردبوو ، بەڵام کەرو لالەکان حەزی منیان پیادە نەکرد تا ئەوەی رویدا رویدا، نیاز ئەوەبو هێرش بکرێتە یەک لەم دو ئامانجە ، پاریس یا دنکرک.

بەم شێوەیە فرانسا بەرهەمی بەهەند وەرنەگرتنی چێشت ، گلۆری بەرەو لێژ رۆیشت ، چەندیش رۆژگاری درێژ ئەمەمان لە بیر بەرێتەوە .

ئەوەی شیاوی باسە دوژمن لەروی ژمارەوە لە ئێمە زیاتر نەبو،ئێمە نزیکەی 3000 تانکی فەرەنسیمان هەبو 800 دۆشکەی سەر پشتی ئۆتۆمبێل مان هەبو ، دوژمن لە ئێمەی زایاتر

نەبو بەڵام بەهۆیی هەلەی نەخشەو پلانەکانمان شکستمان خوارد زۆربەی فەرماندەکانمان لە ئاست لێپرسینەوە دانەبون سەرابری کارە پچر پچریەکەی هێزاکانمان کە وای کرد لە سەرکەوتن دوربکەوینەوە چونکە هێزەکانمان بەدرێژاییبەرەی شەڕ بڵاو ببونەوە زۆریان ئەزمونی سەربازیان هێندە نەبو کە بتوانن هێرشێکی سەربازیانەی گورز وەشێن ئەنجام بدەن یاخود بتوانن مانۆربکەن .سەرباری ئەوکارە پچر پچرانەی هێزەئالیەکانی ئێمە بەهەموو جۆرەکانیەوە ئەنجامیان دەدا وایان کرد کە سەرکەوتن بەدەست نەهێنن .

ئەوە بو ئیدی تیپی یەکەمی زرییۆش مان لە رۆژی 16 ی مایس لەئەنجامی دژە هێرشێک لەرۆژئاواییناوچەی تامور لەلایەن دوژمنەوە گەمارۆ دراو بەتەواوەتی تیا چو.

هەروەها سەبارەت بە تیپی دوەمیش کە ویستی هەمان ئەزمون دوبارە بکاتەوە دوای ئەوەی بەهۆی هێلی ئاسنی شەمەندەفەرەوە گواسترایەوە بۆ (هرسۆن) ئەویش وەکو براکەی تری هیچی لەبەردەم دا نەبو جگە لە تیاچون.

تیپی سێیەمیش بەدەوری خۆی هەوڵی ئەوەی دا کە شتێ بکات ، ئەو تیپە ئەوەبو کەتازە پێکهێنرابو لە خواروی (سیدان) ، بەڵام ئەویش توشی هەمان کارەساتی تیا چون هات.

رۆژگار هاتو رۆیشت بەهۆی شکستەکانی سەربازیی یەک لەدوای یەکەکان لە 16 ئایار بڕیاردارا کە من فەرماندەیی تیپی چوارەم ی زرێپۆش بکەم ، هەر واشبو لە 15 ی ئایار لە بنکەی فەرماندەیی لە (فینیسیە) وە بانگی فەرماندەی گشتی کرام وجەنەرال (دومانک) هەواڵەکەی پێ راگەیاندم پێی وتم:

فەرماندەیی دەیەوێ بەربەستێکی بەرگری لەبەردەم هێزەکانی دوژمن لە (ئالاین وئەیلیت ) دروست بکات بۆ بەرگری کردن لە پاریس، ئەرکی سوپای شەشەم کە جەنەرال (توشون ) فەرماندەی دەکات ئەوەیە بەدرێژایی ئەم بەرەیە بڵاو بێتەوە، بەڵام تیپی تۆ دەبێ کار لە بەرەی پێشەوە لە ناوچەی (لائون)بکات ، دەبێ ئامادەکاری ئەوە بکەیت کە دۆخەکە چاک بکەیت ، دواتر جەنەرال (جۆرج) فەرماندەی بەرەی باکور داوات لێ دەکات کە خۆت ئەوشێوازو ئامرازانە هەلبژێریت کە بۆ ئەنجام دانی ئەو ئەرکە پێویستن.

کاتێک لەلای جەنەرال(جۆرج) ئامادە بووم ، سیمای ماندوێتیی پێوەدیار بوو لەگەڵ ئەمەشدا بە زەردەخەنەوە  پێشوازیی لێ کردم و وتی:

- دەرفەتەکان بۆت رەخساون ئەی دیگۆل.. چونکە ئەوەی ئیمڕۆ دوژمن دای رێشتوە و جێبەجێی دەکات تۆ ماوەیەکە درکی پێ دەکەیت.

دوای ئەوەی هەموو ئەو هێزەی کە لەژێر فەرماندەی منە پشکنیم کە بریتی بو لە تیپی سێیەمی سوارە  تیپی چوارەمی تایبەت بە تۆپخانە، جگەلە باشترین سەرباز و جەنگاوەر ، فەرمانی کۆبونەوەم پێدان لە کەنالی(سیسۆن).

هەرکە شەو داهات تەقە لە نێوان هیزەکانی ئێمەو دەوریەکانی دێدهاوانی دوژمن دەستی پێکرد.

رۆژی دواتر سوربوم لەسەر ئەوەی هەموو هێزەکەی خۆم لە شوێنی خۆیدا بەسەر بکەمەوە .

ئەو شەڕەی لە 16 ئایار رویدا خرایە سەر هێزەکەی من ، منیش بڕیاری ئەوەم دابو کە دەبێ خۆم بەدوای زانیاری و راستیەکاندا بچم .

هەستم بەوە کرد کە هێزەکانی ئەڵمانیا بەرەو باشور نارۆن بەڵکو بەرەو چەپ دەرۆن،  ئەو هێزەی کە لە ناوچەی لاردینە وە روەو  (روکروا و ئەلمیزەر ) هەنگاوی دەنا ، زانیم کە ئەم هێزە روەو رۆژئاوا دەروات تا دەگاتە ناوچەی (سان کنتا) بە پالپشتی هێزە پەرشو بڵاوەکەی لە خواروی ناوچەی ( زار) بۆ پاراستنی روی باکوری خۆیان .

بۆ بەرە بەیانی رۆژی دواتر بڕیارم دا بەهەمو ئەو هێزەی کەهەمە هێرش دەست پێ بکەم ، بۆ ئەم بیرۆکەیەم بڕیاری چونە پێشم دا بە مەودای 20 کم روەو (مونت کورنیە) بۆ رێگە گرتن لە ئەڵمانیەکان ،

چونکە ئەم ناوچەیە خالی بەیەک گەیشتنی هەمو ناوچەی (سان کنتا و لائون ریمز)ە، ئەم ئۆپەراسیۆنەم رێگە لە دوژمن دەگرێ کە روەو رۆژئاوا هەنگاو بنێ دواتر رێگە لە هێزەکانیان دەگرم کە نەتوانن بگەنە شوێنە تازەکەیان کە دەکەوێتە ژێر پاسەوانێتیی سوپای شەشەم کە لەروی هێزەوە هەندێک لاوازن.

بەڵام رۆژی 17 ی ئایار هێزی ترم بۆ هات کە بریتی بو لە فەوجی چل و شەشەم جۆری(ب) هەردو فەوجی بیست و دوو و بیست و چوار لە جۆری (35) بەڵام من فەوجی یەکەمم بەهێزکرد بە جۆری (25).

هەر ئەوەندەمان زانی بەرەبەیانی زووهەلهەلەی سەرکەوتن بەرزبۆوە کاتێک هێزەکانمان توانیان ئەو خاکە پاک بکەنەوە لەو هیزانەی کە بۆ (مۆنت کۆرنیە ) هیرشیان دەبرد، هەندێ بنکەی نهێنی لەناوبرد کە دوژمن خۆی تێدا

حەشار دابو ئاگریان بەسەر ئەو هێزەدا باراند کە هەوڵی پەڕینەوەیان دەدا تا توانیان تەفرو تونایان کەن.

دواتر بۆم رون بۆوە کە تانکەکانمان بەهۆی نەبونی تەقەمەنی وکەرەسەی یەدەگەوە و دیسان زۆری ژمارەی تانکەکانی دوژمن لە توانایان دا نیە راوەدویان بنێن بۆ ئەوبەر.

لە هەمان رۆژدا هێزێکی تری پیادەم بۆهات کە سەر بە فەوجی چوارەم بو،

هەر کە ئامادەباشی کرا فەرمانی لەناوبردنی ئەو کۆمەلە سەربازەی دوژمنم دا کە گەیشتبونە ناوچەی (شیفر) ، کتو پر لەبەر چاوی تانکەکانمان ون بون بە نیازبون لە پشتەوە لێمان بدەن ، هێشتا تیپە نوێکە دەستی بەکارەکانی نەکردبو کاتێک تۆپەکانی ئەڵمانیا لە سەرتاسەری بەرەکە تۆپبارانیان کردن بەهاوکاریی هێزەئاسمانیەکانیان هێدی هێدی چەکی دوژمن بەهێزتر دەبو،ئێمە 3 کم لە دواوەی هێلی (لاین) دوربوین وەکو مندالی سەرلێشێواو مابوینەوە. بۆیە بڕیارم دا سنورێک بۆ ئەم هەڵوێستە خەتەرناکەمان دابنێم .

بۆ ئێوارەکەی تیپی دەیەمم نارده سەر دوژمن بۆ ئەوەی لە هێرشەکەیان رایانگرن ودەرفەت بە دوژمن نەدەن وچانێک بدەنەوە.

هەروەها فەرمانم بە تانکەکان و هێزی پیادە دا پاشەکشە بکەنە ناوچەی (شیفر)لە رێگا لاشەی ئەڵمانیەکان وئامێرە تیک شکاوەکانیان بێ ژمارە لەو ناوە کەوتبون سەرەڕای دیل کردنی 130 لە سەربازەکانیان ، ئێمەش تەنها 200 کەسمان لەدەست دابو ، دواتر وا بڵاوبۆوە کە هێزەکانمان بەرەو پێش دەچێ وسەرکەوتن وەدەست دەهێنین ، ئەمە بوە هۆی ئەوەی کۆچکردوەکان بگەرێنەوە سەرمال و حالی خۆیان لە گوندەکان .

ئەمەو دواتر هێزەکانی دوژمن بەرەوە رۆژئاوا بۆ لافێر هەنگاویان نا دەبوایە ئێمەش روەو (لائون ) لە باکور بکشێین،بەتایبەت کە هێزە ئەڵمانیەکان هەڕەشەی گرتنی (ئیلیت) یان دەکرد پاش ئەوەی لە باشور بڵاوبوونەوە.

دوای هەوڵو کارێکی زۆر تیپی چوارەمی هێزی زرێپۆش توانیی لە شەوی 18 لەسەر 19 مایۆ شوێنەکانی خۆی لە رۆژهەلاتی باکوری (لائون) بگرێت .

کۆمەکەکان یەک لەدوای یەک بۆم هاتن هێزێکم بۆهات بریتی بو لە فەوجی 3 لەگەڵ 2 تیپ لە تانکی (ساموا) ی تۆپهاوێژ،تیپی ژمارە 322 ،2تیپی (75) ی تۆپچی .

بارەکە بەم شێوەیەمانە وە هێزەکانمان لە زیادبوندابون تا دەهات ئاسۆی سەرکەوتنمان زەلال تر دەبو.

بەڵام هێزەکانی دوژمن بە ئەگەری پرچەکی وقورسی ئامێرەکان و هێزی ئاسمانی بە تونا وایکرد کە هەموو ساتێک پێویستیمان بە هێزی زیاتر هەبێ ، شایانی ئاماژەیە کە هەندێک لەو تیپانەی بۆ هاوکاری کردنمان هاتبون ، بێ توانابون ، ئەفسەرەکانیان یەکەم جار بو لەسەر زەوی روبەروی دوژمن ببنەوە .

هێزی تیپ و هێزی پیادە تازە لە مەشق تەواو ببون ، جگەلەوەی کە هەندێک لە فەرماندەی تانکەکان تەنها چوار کاتژمێر مەشقیان پێ کرابو، ئەمەو هێزە پیادەکەش بە پاس هاتوچۆیان دەکرد کە ئەمەش لایەنەکی تری لاوازیی هیزەکەبو و دەیخستنە بەر مەترسیەکی گەورە لە کاتی پەلاماری کتوپردا، هەروەها کەمی ئامێری بێ سیم کارێکی خەراپی کردبوە سەر رەوشی ئێمە، ، وای لێ هاتبو فەرمانەکانم بە ماتۆرسێکل بەسەر بنکەکاندا دابەش دەکرد هەندێک جاریش لەکاتی سەردانەکانم دا لەگەڵ خۆم بۆیانم دەبردن.

ئەم دۆخە وایکرد کە جەنەرال(ویگان) داوای تەقە وەستان بکات ،لەولاشەوە نیشانەکانی خۆوەدەست دان لە شای بەلژیک بەدی دەکرا.

ناچاری ئەوە بوین کە فەرماندەی دەیەم فەرمان دەربکات تا راوە دوی دوژمن بنێ کە لەخواروی شارجێگیر ببو.

ئەوەبو کە لەماوەی تەنها 5 رۆژدا تیپەکە توانیی 180کم بچێتە پێش و گەمارۆی ناوچەکانی (فیم وسواسون،کویین،بوفییە) بگرێتەوە.

لەلایەکی تریشەوە کۆمەکی تریشمان بۆ هات کە بریتی بون لە فەوجی 47 لە چەکی تانک جۆری(ب) و فەوجی 19 ی تانک لە جۆری (د2)تیپی 7 ی ئامێری سەربازی و چەند بەتالیۆنێکی راوەدونەر ی هێزی ئاسمانی وتانکەکان ، لێتان نەشارمەوە ،ئەم هێزانە لەروی تواناو شارەزاوە هەمویان بێکەلک بون ، بەڵام چالاکیە کانمان بونە فاکتەری بەرەو پێش چونی کارەکانمان بەر لە دەست کردن بە شەڕ فەرماندەی تیپی پیادەی دوەمی بۆ ناردم ئامانجیش خواروی شار بو .

کاتژمێر 6 شەڕ لە 3 محوەرەوە دەستی پێکرد . شەو بالی بەسەر بەرەکاندا نەکێشابو کاتێک لەهەمو بەرەکاندا بەسەر دوژمن بەسەر کەوتین ، دەسکەوتێکی بێسنور لە ئامێرە جێ ماو ەکانی دوژمن مان دەست کەوت .

لەگەڵ شەبەقی خۆر درێژەمان بە هێرشەکانمان دا ئەرک و ئامانجەکانمان بەم شێوەیە بون :

بەرەی باکور : داگیر کردنی ناوچەکانی (مۆنتفیل، بیانفی)

بەرەی ناوەڕاست : داگیر کردنی (هۆشنفیل،فیلر).

بەرەی خوارو : داگیر کردنی (ماروی).

هێرشەکان روبەروی قورسی دەهاتن بەڵام بە هیمەتی ورەی بەرزی سەربازەکانمان توانیمان سەرکەوتن وەدەست بهێنین ، تانکەکانی (ب) لەرۆژئاواوە بەرەو رۆژهەلات بۆ گەمارۆدانی هێزەکانی دواوەی دوژمن جولەیان کرد .

مەبەست وئامانج یشمان لە هەرسێ بەرەکە گرتنی چیای ( مۆنت کۆبیر ) بو ، لەنیوان چێژی سەرکەوتن و شەڕمەزاریی شکست دا شەڕ بەردەوامیی هەبو .

کۆمەکی سەربازی لەشکری ئەڵمانی بەردەوامووە. کە بە تۆپخانەکەی ئێمەی داگرتبۆوە و ئاگربارانی دەکردین کە لە ناچەی سوم و چیای کۆپێرەوە دەیهاوێشت.

سەرباری توندی شەڕەکان ولەدەست دانی هەریەکەمان لە کۆمەڵێک سەرباز و ئامێری سەربازی لەگەڵ ئەوەشدا توانیمان ئامانجەکانمان بپێکین.

لەخۆشی سەرکەوتنەکان هەلهەلەو پێکەنینی بریندارەکانمان سەرەڕای ئێش و ئازارەکانیان بەرز ببۆوە ، وەک ئاوازێکی خۆش لە گوێماندا دەزرینگایەوە

بەم شێوەیە هێزەکانی دوژمن پاش شەڕێکی قورس لەبەردەم هێزەکانی ئێمە پاشەکشەیان کرد و ئێمەش تامی سەرکەوتنەمان بەرانبەر دوژمنێکی سەرسەخت چێشت.

بەلاّم دوژمن لەم شکستەی بێدەنگ نەبوو، هێزی بۆکۆکردینەوە ، ئەوەبو لە شەوی 27 لەسەر 28 ی مایۆ بەهەمو توانایەکیەوە کۆمەکی هێزە شکست خواردەکەی خۆی کرد .

بەرامبەر بەم ئامادەکاریەی دوژمن دەبوایە ئێمەش لە ئامادە باشی دابین بۆ بەرسنگ گرتن لە گورزی داهاتوی دوژمن کە دەیتوانی بە هۆی ەو کۆمەکانەوە و پاش گەرانەوەی هێزی خۆی بیوەشێنێت.

هەرچەندە ئەوکات هێزەکانی ئێمە هیچ کۆمەکێکی بۆ نەهات بەلاّم ئێمە بەگیانێکی لەخۆبوردویەوە لە شەوی 28 ی مایۆ بڕیاری هێرش کردنمان دا ، ئامانجی هێرشەکەشمان چیای (کۆبڤیر ) بو کە تا ئەوکات لەژێر چنگ ئەڵمانیا دابو سەرەڕای ەوەی دەوروبەری لە دەستی ئێمەدا بو.

شەڕ دەستی پێکرد و منیش هەندێک لە هێزەکانمانم بۆ رۆژئاوان شاخەکە نارد داواشم لە تانکەکانی جۆری (ب) لە (مونیفیل وبیانفی ) کرد دەست بە هێرش بکەن ، لەکاتێکدا کە تانکەکانی (سوموا ) م لە خوارەوە بۆ باکور گواستبۆوە ، ئەوەی ماوە لە هێزی پیادەو تیپی هێرش بەر هێزەکەمم پێی دەولەمەند کرد .

دواتر بڕیارم دا بەهاوکاری تانکەکانی رینۆ لە ناوچەی فیلەرەوە هێرش بکرێت و

لە رۆژی دیاریکراوی هێرشەکە کاتژمێر پێنج دەست بە هێرش کرا هەر لەگەڵ دەستکردن بە هێرشەکە کەناری چیای (کۆبیر) مان گرت ، بەلاّم لوتکەکەی هەر بەدەستی ئەڵمانیەکان مایەوە .

دوژمنیش لە چاوەروانی شەودابو ئەوسا دژە هێرشێکی سەختی کردە سەرمان ، تۆپەکانیان بنکەکانی ئێمەیان لە (مۆنیفیل،بیانفی) بە تۆپباران هەراسانیان کردبوین ، بەڵام ئەوەندەی نەخایاند کە تۆپخانەکانمان توانیان بیدەنگیان کەن و ناچآریان بکەن لە گرتنی ئەو ناوچەیە پاشگەزبنەوە.

سەرەڕای ئەوەی لەتوانامانداںو کە رێگە بەدوژمن نەدەین هیچ سەرکەوتنێک وەدەست بهێنێ و لەگەڵ ئەوەی سێ لەسەر چواری چیاکەمان لەبەردەست دابو ، ئەو هەر لە لوتکەی چیاکە مایەوەو لەتوانای دانەبو هیچ هێرشێک بکاتە سەرمان، چونکە ئەگەر ئەمەی بویستبایا دەبوایە ئەو روبەرە داگیر بکاتەوە کە پێشتر لەدەستی دابو.

لەگەڵ هەندێک لە فەرماندەی تیپەکان دوام سەبارەت بە رەوشی بەرەکان و ئەو زیانانەی کە لێمان کەوتن لەوانە (سودر،سیمۆنین،فرانسوا،دی هام،بیر تراند ،لیتاکۆن، دیلۆنگمان، شودیسول ، گۆمیل) هەرچەندە ئێمە زیانێکی زۆرمان لێکەوتبو بەڵام بە بەراورد لەگەڵ زیانە کانی دوژمن هی ئەوان زیاتر بون ، سەرباری ئەوەی توانیبومان ژمارەی 500 سەربازی ئەڵمانی بەدیل بگرین لەگەڵ چەندین ئامێری سەربازیی چاک.

بەڵام جەنگەکە کەوتە بەرژەوەندی دوژمن ئەویش بەکەم بونەوەی بەردەوامیی هێزەکانمان بەهۆی کەمی ئامێری سەربازی و بێکەلکی ئامێرەکان،دیسان بەهۆی خۆ وەدەست دانی لە شکری بەلژیکی وکشانەوەی لەشکری بەریتانی لە (دنکرک) کە ئەمە وایکرد لەشکری فەرەنسیش نیازی ئەوەی هەبێ چاو لە لەشکری بەریتانی بکات .

ئەم گۆرانکاریانە بونە هۆی ئەوەی لەمەزیاتر نەتوانین خۆمان راگرین، دوای ئەوەی سێ یەکی هێزەکانمان لەدەست دان ، ئەمانە هەموی بونە رێ خۆشکەرو هۆکاری ئەوەی هێزەکانی دوژمن بتوانن هێز کۆبکەنەوەو هێرشی توندمان بکەنە سەر .

رۆژی پێنجەم ئەوەم بەر گوێ کەوت کە دوژمن نیازی هێرش کردنی هەیە کاتێک منیش سەردانی فەرماندەی حەوتەمم کرد جەنەرال (فریر)م بینی چونکە من فەرمانەکانم لەو وەردەگرت ،ئەم سەربازە پێگەیشتوە بە دەمارێکی ساردەوە هەواڵە خەتەرناکەکانی بەرەکانی شەوری پێی راگەیاندم وتی:

(لەپێناو رزگار کردنی شەڕەفمان دەبێ ئەوەی لە تواناماندایە بیکەین ، بەهەر نرخ و بەهایەک بێت) .

* * *

لە 5ی حوزەیران بەرێز (پۆل رینۆ) کابینەی حکومەتەکەی هەموار کرد ئەوەی بەر من کەوت پۆستی جێگری وەزیری بەرگری نیشتمانی بوو.

بەیانیەکەی جەنەرال ( دیلیستران) ئەم هەواڵەی پێراگەیاندم دوای ئەوەی لە رادیۆ گوێبیستی ببو ،چەند چرکەیەکی نەبرد ، بە بروسکە ئاگادار کرامەوە ، دەبوایە بگەرێمەوە پاریس.

هەرکە گەیشتمە پایتەخت چوم بۆ دیدەنی سەر وەزیر، ئەمیش بە جۆشەوە سلاوی لێ وەرگرتمەوە،هەر لەوێ ئەو زەرورەتەی پێ ووتم کە ناچاری کردوە بشداری بە (ماریشال پیتان ) بکات لە وەزارەتەکە ، ئەمە لەگەڵ ئەوەی بڕوای وایە کە چەندین کەس لەوانەی داوای دانو ستان دەکەن لەپەنای خۆ گرتوە ، بەرێز( رینۆ) پێی ووتم:

(ماریشال پیتان لەناو وەزارەتەکان بێ باشترە لەوەی لەدەرەوەی وەزارەت بێ)

وەڵامی بەرێز (رینۆ)م دایەوە ووتم:

( من لەوە دەترسم کە هەر لەخۆتەوە بەم بڕیارەتدا بچیتەوە ،چونکە ماریشال پیتان و ئەوانەی لەگەڵیدان ئاواتە خوازن کە کارەکان وەکو ئەوان حەزی لێدەکەن بڕوات،گریمان ئێمە لە شەڕی 1940 دۆراند مان ، بەڵام ئەم دۆراندنە بەربەست نیە کە لە شەڕێکی تر ببەینەوە ، من وای دەبینم کە ئێمە بەردەوام بین لەسەر شەڕ لەناو خاکی ئەوروپا بەپێی توانامان بەبێ گەرانەوە ، دەبێ ئەم تێگەیشتنە راستە بە هەند وەرگرین و هەمو ئەگەرەکان لە ژێر چاودێری دابن ، درێژە بەخەبات بدەین لە خاکی ئیمپراتۆریەت ، بۆ گەیشتن بەم مەرامە ش دەبێ هەمو توانا کانمان بگوازینەوە بۆ ئەفریکا ی باکور ، بە دەست نیشان کردنی باشترین جەنگاوەرو فەرماندەکانمان لەگەڵ پاراستنی پەیوەندیەکانی ئێمەو بەریتانیەکان سەرەڕای هەستکردنمان بە نارەحەتی لە بەرامبەریان ، داواشت لێ دەکەم کە ئەم ئەرکە بە من بسپێری.

(رینۆ)گوێی بە داخوازیەکەم دا و وتی:

تکات لێ دەکەم  هەر ئێستا سەفەر بکەیت بۆ لەندەن..... چۆن کاتی خۆی لە 26 و 30 ئایاردا  توانیت بەرپرسانی ئەوێ بهێنیتە سەر ئەو بڕوایەی کە ئێمە  لەگەڵ ئەڵمانیا بەرەو ئاگربەستێک هەنگاو دەنێین . ئەوەی من هیوا دەخوازم بە پێچەوانەی ئەمەیە ، واتە ئەوەیان تێبگەیەنە کە پێویستە بەردەوام بین لە شەڕ ، داواشت لێ دەکەم کە چاوت بە چرچل بکەوێ و لە هەموارکردنی وەزارەتەکەشی ئاگادار بکەرەوە  .

لەم روانگەیەوە سەرباری داخوازیەکەی رینۆ دەبێ لەندەنیش رازی بکەم کە چەکی ئاسمانیی شاهانە لە شەڕەکانی فرانسا بەشداری پێ بکەن  بەتایبەتی فڕۆکە شەڕکەرەکان و پرسیارکردن لە حکومەتی بەریتانیا  لە بارەی رۆژی کۆتایی هاتن لە بەچەککردنە وەی ئەو هێزە ئینگلیزیانەی لە شەڕی دنکرگ رزگار کرابون.

بۆ وەڵامی ئەم دوپرسیارە دەبێ هەندێک زانیاریی هونەری بەدەست بهێنرێت ، بەڵام بڕیاری دوایی بۆ چرچل (وەزیری بەرگری) دەگەڕێتەوە.

لەو کاتەی بەرپرسان بۆ سەفەرەکەی من ئامادەکاریان دەکرد ، بڕیارم دا کە چاوم بە جەنەرال ریگان بکەوێ لە (شاتۆ دی مۆنتری) ، لەم ساتە ئالۆزە ئەم زۆر هێمن و ئاسودە بو ، دوای تۆزێک روناکی خستنە سەر دۆخەکان بۆم دەرکەوت کە تەسلیم بە دیفاکتۆ بوە پێی لەسەر ئاگر بەست داگرتوە  ، ئەوسا  بەزەرورم  زانی کە پێی رابگەیەنم ئەوەی ئەم بیری لێ دەکاتەوە هەلەیە کەس ئامادە نیە چەک دانێ و بەپێچەوانەی خواستەکانی حکومەت، خواحافیزیم لێی کردو گەرامەوە پاریس ..

لەو هەڵوێستانەی ئەفسەرەکان کە چاوم پێیان کەوت و لەگەڵ ئاگربەستدابوون، سەرم سورما بو لەبەر خۆم دا وتم ئەگەر ئەمرۆ بە چرپاندن دەری دەبرن ئەوا بەیانی بەدەنگێکی بەرزەوە بانگەوازیی بۆ دەکەن .

لێرە توشی شۆک هاتم ، بیرم لەوە کردەوە کە دەبێ حکومەت هەڵوێستێکی توند وەرگرێ وجەماوەر وشیار کاتەوە تێیان بگەیەنێ کە دەبێ شەڕ بەردەوام بێ خۆ وەدەست دان کارێکی نەخوازراوە.

هەر خێرا گەرامەوە پاریس و چومە دیداری رینۆ وپێم راگەیاند کە دەبێ فەرماندەی گشتی لە ویگان بسێنیتەوە و بە کەسێکی تر بسپێرێ ، چونکە ئەم ورەی بەرداوە. هەر دوای چاوپێ کوتنەکە بڕیارم دا دەست بە جێبەجێ کردنی نەخشەیەکی زەرور بکەم کە هێز بۆ باکوری ئەفریکا بگوازمەوە دەستەی ئەرکان خۆی ئامادە دەکرد بۆ بەشداری پێکردنی کەشتیگەل و چەکی ئاسمانی بۆ ئەوەی هەمو ئەو تیپانەی بەشداری شەڕ ناکەن لە دەریای سپیی ناوەڕاست بگوێزرێنەوە.

لەبەرەبەیانی رۆژی9 ی حوزەیران فڕۆکەیەک من و هاوسە فەرەکەمی هەلگرت بۆلەندەن ، بریتی بوین لە (جوفریدی کۆرسیک ، بەریز رۆلاند دی مارجیری)

رۆژەکە یەکشەممە بو واتە رۆژی پشوی هەفتە بو شار ئارام وکش و مات بو لە ئارامی شارەوە هەستم بەوەکرد کە خەلکی لەندەن لە گری پاریس ئاگادار نین.

لە داونینگ ستریت چاوم بە بەرێز ونستۆن چرچل کەوت ، یەکەم جار بو چاوم بەم پیاوە مەزنە دەکەوێ ، بە قسەکانی دلنیای کردمەوە کە هەرگیز لەندەن لە شەڕکردن درێغی و پاشەکشە ناکات ئەمەم بە دلنیایەوە وەرگرت بەتایبەت لە سەرکردەیەکی وا بەتواناو خاوەن ئەزمون و بوێر. دوای قسەو باس پەیامی سەرۆک (پۆل رینۆ) م پێ راگەیاند سەبارەت بە شەڕو خۆ بە دەستەوە نەدان ، ئەم پەیامەم سیمای دەمو چاوی خۆش کرد .

بەڵام پرسیاری کرد :

راستە ئەم بڕیارە جێ بەجێ دەکرێ ؟

بەرلەوەی گوێ لەوەڵامەکە بگرێ رەتی کردەوە کە چەکی ئاسمانی شاهانەی بەریتانیا بەشداری لە شەڕەکانی فرانسا بکات، ئاشکراشە ئەم بڕیارەی بەریتانیا دەمی فەلسەفە لێدەرانی فرانسای لێ هار ئەکردین دوای چەندین چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسان لە لەندەن لەوانە وەزیری بەرگری (ئایدن) گەرامەوە پاریس لە فڕۆکەخانەی (لابورجیە) دابەزیم کە بەر لە دابەزینم بە چەند خولەکێک ئەم فڕۆکەخانەیە لە لایەن دوژمنەوە بۆردومان کرابو.

رۆژی 10 ی حوزەیران سەرۆکی وەزیران بەرێز (رینۆ) بەدوایدا ناردم ، بە بیستنی هەواڵی گەیشتنی هێزەکانی ئەڵمانیا بۆ سەر روباری (سین ) نزیک بە شاری پاریس خەمبار ببو،

دیارە کە ئەمە هەڕەشە بو بۆ گرتنی شاری (شامپانیا) بەگرتنی ئەم شارەش پاریس لە سێ لاوە باکوروو رۆژهەلات و رۆژئاوا دەکەوتە مەترسی و هەڕەشەوە.

ئەوەی کارەکەی ئالۆزتر کردبو نیازەکانی ئیتالیا بو کە لە سەرو بەندی ئەوە دابو بەشداری لە شەڕ دژ بە فرانسا رابگەیەنێ.

لەسەر ئەوە رێککەوتین کە هەمو توانا سەربازیەکان بە پەلە بۆ ئەفریکا بگوازرێنەوە بێ گوێدانە شەڕی هاوپەیمانان کە لەم هەلۆێستە دەکەوتەوە.

کارەسات رۆژی 10 ی حوزەیران رویدا کاتێک بڕیاری چۆلکردنی پاریس درا و ئیتالیاش رایگەیاند کە بەشداری لە شەڕی دژی فرانسا دەکات.

بێ ئومێدی و هەست کردن بە شکست بالی بەسەر دۆخەکە دا کێشابو هەستم بەو تالیە کرد کە ئەگەری ئەوە هەیە فرانسا لە لوتکەی مێژووەوە دەخرێتە ناو چالی لەبیرکردنەوە.

ئێستاش سەرم لەو سەردانەی بالوێزی ئیتالیا بۆ شەقامی (سان دومینیک) سورماوە.

ئەو کاتەی دەچوم چاوم بە بەرێز رینۆ بکەوێ دیم بالوێزی ئەمەریکا ویلیم بۆلیت لەوێ ئامادە یە ، پێی لەسەر ئەوە داگرتبو کە پاریس جێ ناهێلێ تەنانەت ئەگەر پێویستیش بوو بۆ پاراستنی پاریس پەنا بەرێتە بەر چەک.

بەلاّم ئەم پێداگرتنەی بالوێز دلنەواییەکی لە ناخی خەلک دا دروست نەکرد بڕوایان وابو کە ئەمەریکاش ناتوانێ فریای فرانسا بکەوێ.

دواتر بەرێز رینۆ لە نوسینی ئەو بەیانە بەردەوام بو کە بڕیار بو لە رادیۆکان رایبگەیهنێت ، کتو پڕ رایگەیەندرا کە جەنەرال (ویگان ) گەیشت ، من و بەرێز رینۆ لە هاتنی سەرمان سورما :

- من هاتم لەسەر داوای جەنابتان.

رینۆ : من هەرگیز داوای تۆم نەکردوە.

منیش : بە سەرسورمانەوە وتم منیش هەروەها

- جەنەرال هەر چیەک بێت من هەندێک هەوالّی گرنگم پێیە...

رونی کردەوە کە زەرورە بە زوترین کات ئاگر بەستێک رابگەیەنرێ

بەردەوام بو و وتی:

- خەریکە هەمو شتەکان لەدەست دەچن .

دوای ئەوەی بە تێر وتەسەلی باس لەهەمو کارەکان کرا ،سەرۆک تادەرگاش بەو پەڕی پەژارەوە بەرێی کرد .

جمو جۆل وپەشێوی کەوتە شار لە ئەنجامی چۆل کردن وکشانەوە ، هەرچەندە وەزارەتی بەرگری هەندێ هەنگاوی نابو بۆ ئەوەی ئامادە باشیەکی وا بکرێ نەبادا لە کتو پر هێرش بکرێتە سەر پاریس بەلاّم بەهۆی هاتنە پێشی هەندێک کاری نەبینراو بیر کردنەوەکان ئالۆز بون.

لەو کاتەی ئێمە خەریکی خۆ ئامادەکردن بوین بۆ گواستنەوەی هەرچی زیاتری ژمارەی خەلکەکەیە بۆ دەرەوەی پاریس ، فەرماندەی گشتی رایگەیاند کە پاریس شارێکی کراوەیە .

لە نیوە شەودا من وبەرێز رینۆ سواری ئۆتۆمبیلێکی تایبەتی بوین بە خشکەیی لە شار دەرچوین بەهۆی قەلەبالغی خەلکەکەوە زۆر بە هێواشی دەرۆیشتین ، دونیا روناک نەببۆوە کاتێک گەیشتینە شاری (ئەورلیان) بەرەو تەلاری پارێزگا رۆیشتین.

چرکەیەکی نەبرد ... زەنگی تەلەفۆن لێی دا ، جەنەرال ریگان بو داوای کرد لەگەلّ بەرێز رینۆ قسە بکات . سەرۆک کاتێک گوێ بیستی قسەکانی بو سەری لە قسەکانی سورما هەستی کرد کەوتە تەپکێکەوە ، قسەکان دەلّێن : ونستۆن چرچل گەیشتە پاریس..! دیارە جەنەرال ریگان داوای لە چرچل کردوە کە لە (بڕیار) کە بارەگای فەرماندەیی نوێ یە ئامادە بێ ، دواتر هەر خۆی جەنەرال دەلّێ :

دەبێ بە راشکاوانە لە هەمو گۆرانەکانی ئاگادار بکەینەوە .

منیش بە سەرسورمانەوە بە سەرۆکم وت :

کارێکی سەیرە کە رێگە بە فەرماندەی گشتی دەدەیت بەبێ ئاگاداریی پێشوەخت بانگێشتی چرچل بکات ، من پێم وایە جەنەرال ریگان دەیەوێ پیلانێکی سیاسی ئەنجام بدات دژ بە

بەرنامە سیاسیەکەی جەنابتان کە ئەوەش زیدە رۆییەو دورە لە ئەرکە سەربازیەکانی، من بە زەروری دەزانم یەکێکی تر لە شوێنی ئەم دابمەزرێنیت .

سەرۆک وەڵامی دامەوە :

راست دەکەیت ، دەبێ سنورێک بۆ ئەم دابنێم کاتی خۆشی قسەمان لەسەر ئەوە کردبو کە (هوتزنجر) بخەمە شوێن ئەم وا چاکە بنێرم بە شوێنی.

پێم وت :

باشە .. لە سەرتە کە ئاگات لە رێنماییەکانی حکومەت هەبێ .

لەرێگای گەرانەوەمان بۆ بڕیار، بنکەی فەرماندەیی نوێ ،سەرێکم لە چەند بنکەیەکی هێزەکانی خۆمانمان دا تا لە هەواڵیان بپرسم ، کاتێک گەیشتمە بڕیار بەدوای بەرێز رینۆ دا گەرام ،کە دۆزیمەوە هەڵوێستی جەنەرال (هۆنتریجر)م پێ راگەیاند ، بەڵام ئەم لە پێشنیارەکەی پاشگەز ببۆوە ، نیازو بڕیاری مانەوەی ریگان بو لە شوێنەکەی خۆی سەرەڕای ناکۆکیەکانیان لەسەر شەڕو ئاشتی .

لە دانیشتنەکە (ماریشال پیتان ) ئامادەبو ، لە 1938 وە نەم دیبو دوای قسەو باسی تایبەتی و فەرمی مستەر (چرچل ) گەیشت. دۆخی دانیشتنەکان بە قسەی سۆزدار و گەرم توند بون، لە ئاست نیشتمان ، لە کۆتایی دا ئەمە رون بۆوە کە ئینگلیزەکان لەم شەڕە هاوکاری فرانسا ناکەن ، فرانساش ماوەیەکی زۆرە لە زەلکاوی جەنگ دایە.

( ویگان ) ستونەکانی خۆی لەسەر جەنگ دەست نیشان کرد ، راگرتنی شەڕی بەزەرورەت دەزانی ، بنەمای قسەکانی لە راو بۆچونەکانی هەردو جەنەرال ( جۆرج و بیسۆن )ەوەگرتبو دۆخی بەرەکانی شەڕی بەوە وەسف کرد کە سەرکەوتنی لێ بەدی ناکرێ ، دواتر هۆکاری شکستەکانی لەشکری دەست نیشان کرد ، ئەوکاتەی هئەو سەرۆکی دەستەی گشتیی ئەرکان بو لە سالەکانی 1930و1935 واخۆی نیشان دا کە لەم روەوە بێ گوناهە ولۆمەی لایەنی دوەمی دەکرد بێ دەست نیشان کردنی هۆکارەکان ، بەهەر شێوەیەک بێ رای خۆی بۆ ئامادەبووان ئاشکرا کرد ، کە شەڕ دەبێ رابگیرێ چونکە سەرکەوتن دورە و ئەگەر شەڕیش کرا کارەساتی گەورەی لێدەکەوێتەوە .

به باسێکی گاڵتەجاری چێرچل بۆ (ماریشال پیتان )ی باس دەکرد کە چۆن لە کاتی شەڕی (ئەمیان) دۆخەکان ئاوەها نالەبار بون دواتریش توانرا ئارام بکرێنەوە شەڕەکانیش زۆر لەگەڵ هی ئەمرۆ لەیەک دەچوون .

ماریشال زۆر بە توندی وەڵامی دایەوە :

ئەمە راستە بەڵام دەبێ ئینگلیز ئەمە بزانێ کە هەڵوێستەکان زۆر خەتەرناک بون ، تا 40تیپی تریان بۆ چوو و بەوە رزگاریان بو.

بەڵام سەرۆک رینۆ سوربونی خۆی لەسەر درێژە پێدانی شەڕ دوپات کردەوە، بە و مەرجەی ئینگلیز بە هێزی ئاسمانی کۆمەکی فرانسا بکات.

لەگەڵ ئەمەش من هەر لە بیری خۆراگری و بەرگری دابوم بەڵام لە پشت دەریاکانەوە .

دوای شیو خواردن وتەواوبونی وتوو ێژەکان (ئەمیرال دارلان وجەنەرال فیللوما ن ) ی فەرماندەی هێزی ئاسمانی گەیشتن،هاتنەکەیان زۆر سوکایەتی بو، ( دارلان )لە بیرۆکەی تۆپباران کردنی شاری جنوا پەشیمان ببۆوە کە نیاز وابو لە دەریاو لە وشکانیەوە تۆپباران بکرێت، بە بیانوی ئەوەی ، ئەگەر ئەم کارە بکەین ئەوا ئیتالیا بیرە نەوتیەکانمان لە (بار) تۆپباران دەکات . ئەمیرال داوای لە سەرۆک کرد کە ئەم بڕیارە بدەن .

سەرۆک روی وەرگێرایە لای من و وتی :

رات چیە ؟

وەڵامم دایەوە :

بەزەروری دەزانم لە تۆپبارانەکە بەردەوام بین ،ئەگەر لێی پاشگەز بینەوە دەبێتە نیشانەی لاوازی و ترسنۆکیمان ، ئەمەش لەم ئان و ساتە گونجاو نیە.

لەدوایی ، بڕیار لەسەر ئەوە وەستا کە تۆپباران نەکرێت.

دوای 3 رۆژ( جنوا) لە لایەن چەند تیپێکی بچوکەوە تۆپباران کرا ، زانیم کە ( ئەمیرال دارلان ) دەستی بەو یاریەکردوە ، وەک دەڵێ (گوێز لە باخەلی خۆیدا دەژمێرێ).

رۆژی 12 ی حوزەیران لە مالی پاریزگاری ( لونی) لەگەڵ جەنەرال (کۆلسۆن ) ماینەوە بۆ جێبەجێ کردن و تەواوکردنی رێوشوێنی ناردنی هێزەکانمان بۆ ئەفریکای باکور و بەردەوامبوون لەسەر شەڕ.

دوای ئەوەی کاری ناردنی هێزەکانم تەواوکردن چومە شیسی بۆ دیدەنی بەریز رینۆ لە بارەگا نوێکەی ئەویش لە نیوەی شەودابو .

کە گەیشتمە ئەوێ دیم لە کۆبونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیران دەهاتە دەرەوە ،کە بە بێ ئاگاداری من بەسترابو ، (بۆدوان )یشی لەگەڵدابو.

لە سەرمێزخوانی شیو بە هەلم زانی رای خۆمیان بۆ رون بکەمەوەو بڵێم بەراستی باکوری ئەفریکا بۆ ئێمە باشترین شوێنە بۆ ئەوەی لەوێوە سەرپەرشتی بەرەکانی جەنگ بکەین .

بەڵام هەر یەکە بە داوی خۆیەوە گیری خواردبو ،، ئەویش ئەوەیە ، حکومەت لە کوێ جێگیر دەبێ؟

بەتایبەت کە هیزەکانی ئەڵمانیا گەیشتبونە روباری سین  لە ناوچەی ئەلوارە بۆ شوێنی حکومەت دوو ناوچە لەبەرچاو بو : بوردو و کامبیە.

گۆرینەوەی بیرو را لەسەر ئەمە دروست بوراکانیش هەندێکیان جدی بوون و هەندێکیشیان بۆ نانەوەی ئاژاوە دەخران روو ، نەگەیشتینە هیچ ئەنجامێک تا بەرێز رینۆ چوە ژوری نوستنی خۆی .

من بیرم لە کامبیە دەکردەوە ، ئەو ناوچەیەی  هانی حکومەت دەدات ئەگەر ئەڵمانەکان ئەلوار بگرن ، لەوێشەوە هەڕەشە لە ئینگلیز بکەن  حکومەت دەتوانێ لە دەریاوە بڕوات بۆ وڵاتانی پشت دەریا .

بەرە بەیانیی رۆژی 13 ی حوزەیران چومە شیسی ئەوکات سەرۆک رینۆ بڕیاری دابو کە بارەگای نوێی حکومەت لە بۆردۆ بێ .

ئەم بڕیارە هانی ئەوەی دام کە داوا  لە سەرۆک بکەم بڕیارێک بۆ فەرماندەی گشتی دەر بکات بە گواستنەوەمان بۆ  باکوری ئەفریکا  ، بەڵام بە گەیشتنی هەندێک  لە ناحەزان بۆ

لای سەرۆکی وەزیران کە بۆیان هەبو بێ مۆڵەت سەردانی بکەن ئەم هیوا و ئاواتانەم هەلوەرین .

لە جیاتی ئەم ، سەرۆک ئەم بڕیارەی بۆ فەرماندەی گشتی دەرکرد (دە بێ زیاتر لە ناوچەی شەڕەکانی ناوەڕاست و بریتانی خۆتان راگرن )تا کار گەیشتە روخان کە هیچ ئومێدێک نەما ، وتی :

ئەگەر پیلانەکەمان شکستی هێنا دەبێ خەباتمان لەسەر بنەمای گواستنەوە لە تەواوی خاکی ئیمپراتۆریەکەمان لە ناو دەریا ریک خەین ، بەڵام ئەم بڕیارە دوای یەک رۆژ لە دەرچوونی گەیشتە فەرماندەی گشتی .

بەیانیی رۆژی 13 ی حوزەیران بەرێز جانینی و بەرێزسەرۆکی ئەنجومەنی پیران و بەرێز هیریۆ سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران گەیشتنە لای سەرۆک وەزیرشیسی ،هەردولا پشتگیریی خۆیان بۆ حکومەت دوپات کردەوەو وئامادەیی خۆیان دەربڕی کە ئامادەن لەگەڵ حکومەت بچنە جەزائی، نابێ خۆ بەدەستەوە بدەن .

ئەوسا بۆ بەرێز رینۆ رون بۆوە کە لە توانایدایە دریژە بە بەرگری وشەڕ بدات سەرەڕای بونی دەنگی خۆوەدەستەوەدان و چۆک دادان .

دوای هەمان رۆژ بەرێز دی مارجیری سەرۆکی دەزگای دیبلۆماسی لە بارەگای سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران داوای کردم و پێی راگەیاندم :

کۆبونەوەیەکی بەپەلە لە نێوان چرچل وسەرۆک رینۆ لە شاری توردەکرێت ، لەگەڵ ئەوەی تۆ داواش نەکراوی بەڵام تکات لێدەکەم کە ئامادە بیت چونکە بەرێز بۆدوان دەیەوێ پیلانەکەی خۆی جیبەجێ بکات کە ئەمەش بەدلم نیە ...

یەکسەر چومە تۆر، هەندێک بیرۆکەی ئەم کۆبونەوەیە لە مێشکم دا هەبون کە پێشتر بەرێز رینۆ پێی نەوتبوم ،هەر کە گەیشتمە ئەوێ خۆم کرد بەژورەکەی بەرێز رینۆ ئەم لەگەڵ بودوا و دی مارجیری گفتو گۆیان دەکرد.

بەرێز چرچل لەنێوان وەفدە کە دانیشتبو، لە تەکیا هەریەک لە ئەسکەندەر کادوگان و جەنەرال سبیریس و لورد هالیفیرکس ولۆرد بیفەربرۆک بون.

دوای کەمێک بێدەنگی بەرێز چرچل بە فەرنسی دواو گوتی:

من زۆر باش لەو ئازارە دەگەم  کە بە فرانسا گەیشتوە  ئێمە لە روداوو هەلسوکەوتەکان ئاگادار بوین لەگەڵ ئەو هۆکارانەی ئەم رەوشەیان بەم ئاستە گەیاند ، دوپاتی دەکەمەوە کە ئێمە تا دوا سات لەگەڵ فرانسا داین ئەگەر باجەکەی هەر چەندێکی بێت واز لە شەڕ ناهێنین ئەگەر فرانساش وازی لێ بهێنێ.

بەرێز چرچل لە قسەکانی بەردەوام بو تا گەیشتە ئەو برگەیەی کە باس لە دانوستان دەکات لە نێوان فرانساو ئەڵمانیا ، ئەمەش ئەو پرسیارەبو کە فرانسا خستبویە بەردەمیان ، من بۆ ئەم بابەتە چاوەروانی تورەیی ئەمم دەکرد بەڵام ئەوەی دیم بە پێچەوانەوە بو ، ئەم هاوسۆزی و هاو هەڵوێستی خۆی بۆ دوپات کردینەوە .

دواتر چوە سەر بابەتی کەشتیگەلی فەرەنسی ، زمانی قسەکردنی گۆرا ، تورەیی خۆی نیشاندا دوای ئەوەی بەریتانیا هەستی بە ئەنجامەکانی رادەست کردنی کەشتیگەلی فرانسا بە ئەڵمانیا کرد ، بە چاوێکی سوکەوە ئەوەی خستە بەرچاو کە بەریتانیا ئامادەیە ڕێککەوتنەکەی ئاداری 1940 هەڵوەشێنێتەوو بەمەرجێک فرانسا ڕێگەی بدات کەشتیگەلی فرانسا لە هەر مەترسی و خراپەکارییەک بپارێزێت .

بەم کۆبونەوەیەش هەندێک ژانیان خستە سەر ژانەکانی تری فرانسا .

کاتێک چرچل نیازی دەرچونی هەبو ئەوەی راگەیاند کە هەر کاتەی فرانسا تەسلیم بە ئەڵمانیا ببێتەوە ئەوا دەبێ هەر 400 فڕۆکەوانە دیلەکانی ئەڵمانی  را دەستی ئینگلیز بکات ، لایەنی فەرەنسیش گفتی ئەمەی پێدا .

بە تورەیی، لە سەرۆک رینۆ  وەژور کەوتم  پێیم وت :

راستە تۆ دەتەوێ ئاگربەست بکەیت ؟

وەڵامی دامەوە :

نەخێر ، نەخێر،بەڵام ئەمەم تەنها بۆ ئەوە  ووت  تا ترس بخەمە دلی بەریتانیەکان بۆ ئەوەی پەلە لە هاوکاری کردنمان بکەن .

كه (تۆر)م جێهێشت و روەو (بوفیە) بەڕێ كەوتم دلم لەو دۆخە پڕ ببو ،ئەوكات سەرۆك رینۆ پەیوەندیی بە رۆزفلت ی سەرۆكی ئەمەریكاوە كرد ، تییدا داوای كۆمەك ویارمەتیی لە ئەمەریكا كردو پێی وت ئەگەر زو هاوكاریمان نەگاتێ ئەوا هەمو شتێك لەدەست دەدەین ئەوكاتیش هاوكاری بێ سود دەبێ ، لە هەمان كات مەساجێكی ئاراستەی گەلی فرانسا كرد كە تیایدا هاتبو: ئەگەر فرانسا بۆ سەركەوتنی پێویستی بە موعجیزەیە ئەوا ئەو هێشتا باوەڕی بە موعجیزە هەیە .

هیواكانی فرەنسا بەرەو نەمان دەچون و چونكە سەرۆكی حكومەتیش بیری لە خۆ وەدەستەوەدان دەكردەوە . ئەوەبوو بە شێوەیەكی فەرمی لەداواكاریی ئاگر بەستی كۆڵیەوە ، بەڵم روون بووەوە كە چیتر ناتوانم بەردەوامی بە پۆستەكەیخۆم بدەم و بیرم لەوە دەكردەوە كە نامەی دەست لەكار كێشانەوە بۆ سەرۆكی حكومەت بنوسم بۆیە نامەیەكم ئاراستەی سەرۆكی وەزیران كرد داوای دەست لەكار كێشانەوەم لێ كرد.بۆیە ناچار بوم داواكەی جێبەجێ بكەم .

هەر كە بەڕێوەبەری نوسینگەكەم نامەكەی راگەیاند ، وەزیری ناوەخۆ بەرێز جۆرج مونديل بەتەلەفۆن پەیوەندیی پێوە كردم وداوای ئامادەبونی لێ كردم .

دوای گفتوگۆ و قسە لەسەر كردن ، راستەوخۆ رەزامەندیم لەسەر داواكەی نەدا كە پاشگەزببمەوە لە دەست لەكار كێشانەوەم ، بەڵام لەئەنجام بڕوای پێهێنام كە لە داواكار یەكەم پەشیمان ببمەوە .

بەتایبەت دوای ئەوەی ئەڵمانیەكان لەدەرگای پاریسیان دەدا ، ئەمیش بڕوای پێ هێنام كە كاتێك مرۆڤ لە پۆستی فەرمی دابێ زیاتر دەتوانێ خزمەت بە نیشتمانەكەی بكات .

ئەمانە وایان كرد كە لە داوای دەست لەكار كێشانەوە پەشیمان ببمەوە .

لە 14 ی حوزەیران حكومەت بڕیاری كشانەوەی دا .

خواحافیزیم لە پارێزگاری لونا ی كرد ، بەڵام ئەم بە هاورێیەتی چەند سەربازێك وهاوەلانی بڕیاری مانەوەیان دابو ، ئەوان لە چاوەروانی روبەرو بونەوەیەكی سەخت دا بون لەگەڵ دوژمن ، ئێوارەكەی گەیشتمە بۆردۆ راستەوخۆ چومە بنكەی فەرماندەیی گشتیی

سەربازی ئەو شوێنەی کە سەرۆک وەزیران بڕیاری دابو لەوێ نیشتە جێ ببێ ، کاتێک گەیشتمە ئەوێ سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی وجێگری پارێزگا لە پێشوازیم دا بون.

ئەو کاتەی سەرۆک رینۆش گەیشت ، پێیم وت: ئەوەی ئێستا بەسەرمان دێ ، من چەند رۆژێک بەر لە ئێستا پێم راگەیاندوی. داوای درێژە پێدانی جەنگم لێ کردوی ، من لەگەڵ ئاگر بەست دانیم ، پێم باشترە کە بچم بۆ جەزائیر نەکا ئەویش وەک ئێرە توشی گەمارۆ شکست بێت. ئێستا بڕیاری داوە بچێت ؟

سەرۆک وەڵامی دامەوە :

بەڵێ.. بەڵێ.

منیش پێم ووت:

کەوایە من دەچمە لەندەن ،بۆئەوەی لەسەر ئەم مەسەلەیە لە گەل کاربەدەستانی لەندن گفتوگۆ بکەم ،ئاخۆ تاچەند دەتوانن هاوکاریمان بکەن ؟ بەڵام دوای گەڕەانەوەم لە کوێ چاوم پێتان بکەوێ ؟

ووتی:

لە جەزائیر.

لەسەر ئەوە رێککەوتین کە بچمە لەندەن ولە رێگەی خۆشم دا سەرێک لە بریتانی بدەم تا بزانم دەتوانن چی لەوێوە بگوازینەوە بۆ جەزائیر .

دواتر بەرێز رینۆ داوای لێ کردم کە پەیوەندی بە بەرێز دارلانە وە بکەم بەڕێز رینۆ ببینێت و دەربارەی کەشتیگەلەوە قسەی لەگەڵدا بکات .

پاش دوان لەسەر هەندێک بیرۆکەی تایبەت بە مەسەلەکە کە بەڕای ئەو کوشتنی کات بوو ، رەزامەندیی لەسەر داواکەم دا .

لە بەرەبەیانی 15 ی حوزەیران گەیشتمە ناوچەی راین و چاوم بە جەنەرال رینیە ئەلتمایر کەوت کە فەرماندەی هێزە سەربازیەکانمان بو لە رۆژهەلاتی ناوچەی مابین دەجەنگا ، لەگەڵ فەرماندەی سەربازیی هەمان ناوچە جەنەرال گیتری و پارێزگاری ئیل ئەفلین.

درێژەم بە کاروانەکەم دا بۆ پریست ، بۆ دیتنی هەندێک لە هێزەکانی بەریتانیا کە بۆ ئەم شارە دەچون .

لە بنکەی دەریایی یەوە سەرپەرشتی ئەو باس وهەنگاوانەم کرد لەگەڵ ئەمیرال دی لابور و ئەمیرال تروب بۆ هەرچی لەتوانا دایە لە گواستنەوەی پێداویستیەکان لەسەر کەشتی لە وێوە بۆ جەزائیر لە رێگەی بەندەری بریتانیاوە.

دوای نیوەرۆ سواری پشتی وێران کەر(مدمرە) ی (میلان) بوم کە کەشتی یەکی جەنگیی خاوەن چەکی قورسە ، تا بچمە بلایموت بە هاورێیەتی وەفدی پسپۆرانی کیمیائی بۆ ئەوەی لە توانای هەڵگرتنی ئاوی قورسی بۆ بەریتانیا بکۆڵینەوە .

وەفدەکە بەسەرۆکایەتی جەنەرال لیمۆن بو، کە بەندەری بلایموت مان جێ هێشت کەشتیەکانی ئەوێ فیکە یان لێدا هەروەها کەلوی ریشیلۆشن (بارجە) هاوەنی پێشوەختیان تەقاند وەکو پرۆتۆکۆلێکی پیادەکراو .

لە بلایمۆتەوە روم کردە لەندەن، ئەوەبو لە بەرەبەیانیی رۆژی 16 ی حوزەیران گەیشتم.

هەر کە گەیشتمە هوتێلی هاید پارک بەریزان کەربان و مونیە گەیشتنەلام .

دواتر لەلایەن بالوێزی فرانساوە ئاگادار کرامەوە کە رێو شوێن گیراونەتە بەر بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ کاربەدەستان بۆ خۆسازدانی کاری گواستنەوەی هێزەکان.

کارەکان ئاشکراو دیار بون کە ئەگەر فرانسا داوای ئاگربەست لە ئەڵمانەکان نەکات ئەوا بەرێز چرچل لەگەڵ بەرێز رینۆ قسە لەسەر ئامادە کاریی گواستنەوە و جێبەجێ کردنی نەخشەکان دەکەن.

هەردوو بەرێزان کوربان و مونیە هەواڵی بڵاوبونەوەی بیرۆکەی خۆوەدەست دانیان لە بۆرد و پێ راگەیاندم ، بەتایبەت کە فرانسا بە بروسکەیەکی بە پەلە داوای لە بەریتانیا کردوە هەڵوێستی لەمەر نەمانی رێککەوتنەکەی 28 ی مارس دیار بکات کە تا ئەوکات هەڵوێستی بەریتانیا رون نەبو ، لەوانەیە لە بەرامبەر قبول کردنی داواکەی فرانسا داوای دەستەبەری گرەنتی پاراستنی کەشتیگەلی لێ بکات . کە ئەمە قۆناغی کۆتایی و خەتەرناکەکەیە .

ئەمرۆ دوای نیوەرۆ ئەندامانی حکومەت کۆبونەوەیەکی گرنگیان سازدا ، دیسان مۆنیە وکوربان لە درێژەی قسەکانیان ووتیان :

بارو دۆخی ئەمرۆ پێویستی بە گۆران ورواداوێکی گرنگە کە پیگەی رینۆ توندتر بکات ئەویش تەنها بە گواستنەوە بۆ جەزائیر دەکرێت .

ئێمە پێمان لەسەر جێ بە جێ کردنی هەنگاوێکی گرنگ دا گرتوە و پلانێکی زۆر جوانمان داناوە ، لەگەڵ بەرێز فانیستارت جێگری وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ریککەوتوین کە یەکگرتنێک لە نێوان فرانسا وبەریتانیا رابگەیەنین ، ئەم یەکگرتنە ئەوە دەگەیەنێ کە لە روی کاروباری بەرێوەبردن و وزەکان و سەربازی دا یەک چارەنوسمان دەبێ ، بەمەش دور دەکەوینەوە لە کاری خۆبە دەستەوە دان (تەسلیم بون) ، بەرەو رێگەی جەنگ هەنگاو دەنێین.

دیسان بەرێزان کوربان ومورنیە پێیان وتم:

ئەم پێشنیارەمان تەنها بریارێکی حکومەتی گەرەکە ، تۆش دەرفەتێکی باشت لەدەستە کە ئەم رەزامەندیە وەرگری، دەتوانی سود لە کاتی نان خواردنەکە وەرگری کە بەیەکەوە لەگەڵ بەرێز چرچل نانی نیوەرۆ دەخۆن.

دەستم کرد بە لێکدانەوەو شیکردنەوەی ئەم بیرۆکەیە، بەراستی مەسەلەی یەکگرتن ئەگەر بە پەلە بکرێت ئامانج ناپێکێت ، دواتر پێویستی بە دۆکیۆمێنتی سەلماندن هەیە ئەمە لەروی بڕواوە بەڵام لەروی جێبەجێ کردن دەبێ لە هەمو روێکەوە سیستەم وبەرژەوەندیە گشتیەکان هەموی تێکەل بەیەک بکرێنەوە ئەگەر بۆ ئەم مەرامە ئارەزو هەبو .

بەڵام هەر چۆنێکی بێت و هەرچەندی کێشەو گرفتیش بێنە رێ ئەم داوایە ئەگەر جێبەجێ بکریت گومانی تیا نیە کە گیانی تەبایی و کاردانەوەیەکی باشی دەبێت ، لەسەر ئەم بیرکردنەوەیە وەستام وهە لوەستەیەکم کرد ،هەردو بەرێزان کوربان ومونیە ش لەگەڵم کۆک بون کە بۆ رێگرتن لە هەلپەرست و ئاگربەست خوازان بەرێز رینۆ دەتوانێ پشت بەم یەکگرتنە ببەستێ .

لە کۆتاییدا بڕیارم دا کە ئەوەی لەتوانامدا هەیە بیکەم بۆ ئەوەی بڕوا بە بەرێز چرچل بهێنم ئەم رێککەوتنە ئەنجام بدات .

دوای تەواو بونی رۆژێکی پڕ لە کاری هەمە جۆر ،راپۆرتێکم بەمەبەستی دیاری کردنی شوێن و روی کەشتیی (باستۆر) ئامادەکرد کە هەلگری هەزارەها هاونی جۆری 75 و هەزارەها رەشاش وهاوەنی تر بو.لەسەر ئارەزوی ئەندامانی نێردراوە فەرەنسیەکان کە ئەم کەشتیە روەو یەکێک لە بەندەرەکانی بەریتانیا بچێت ، نەبادا بکەوێتە دەست هێزەکانی دوژمن ، ئەمە لەبیر ناکرێت کە ئینگلیزەکان چەند سودیان لەم کەشتیە چەک وتەقەمەنیە وەرگرت چونکە بەشێکی زۆر لە چەکو تەقەمەنیەکانیان لە شەڕی دنکرک تیا چوبو.

ئەو مەسەلەیەی کەمن بۆی هاتبومە لەندەن ، بریتی بو لە گواستنەوەی هێزەکانمان بۆ ئەفریکا ، بۆم دەرکەوت کە بەراستی ئینگلیزەکان دەیانەوێ یارمەتیمان بدەن ،فەرمان دەرکرا بە هاوکاری کردنی نێردراوە فەرەنسیەکان بەسەرۆکایەتی ئەدمیرال ئۆدیندهال، بۆ ئەم مەبەستە نەخشەی بەپەلە ئامادە کران ، بەلام ئینگلیزەکان بیریان بۆئەوە نەچو کە ئایا هەلویستی فەرمیی فرانسا سەبارەت بەم قەیرانانە چین؟ بەتایبەت کە کەشتیگەلمان بارێکی قورس بو لەسەر بەریتانیەکان کەس نەمابو چارەنوسی کەشتی گەلی فرانسا بە نهێنی یا بە ئاشکرا نەپرسێ.

ئەگەر بەریتانیەکان ئاوا بیر بکەنەوە ، ئەوا سەرۆک وەزیرەکەشیان هەمان شێوە بیر دەکاتەوە ئەو کاتەی لە ئوتێل کارلتۆن پێشوازیی کردم هەمان بیری دەکردەوە .ئەو کات کوربان و مونیە م لەگەلدابون.

پێیم وت:

هەرچەند هەوری رەش ئاسمان داپۆشێ ،ئێمە کەشتیگەلەکە تەسلیم بەدوژم ناکەین. بەلام ، ئەگەر لەسەری سوربین دەبێ بەردەوام بین لەشەڕ،لێت ناشارمەوە من لە (تۆر) لە هەلوێستەکەتان سەرسام بوم ، بەتایبەت کاتێک بە پیر رێککەوتنەکە ی نێوان هەردو ولاتەوە نەهاتن ، وا دەبینم کە ئەمرۆ هەلوێستێکی ترتان هەبێ هیچ نەبێ بۆ ئەوەی وورە بەرنەدەین کە ئێمە لە ماندوبون و ژانەکان دا نقوم بووین.

دواتر چومە سەر بابەتی یەکگرتن لەنێوان فرانساو بەریتانیا و زەرورەتەکانی ئەم یەکگرتنە، وەڵامی دامەوە گوتی:

ئەم بابەتە گەلێک گرنگ وخەتەرناکە.

دوای گفتوگۆیەکی چر بەرێز چرچل لەگەڵم کۆک بو .

کارەکە گواسترایەوە قۆناغی جێبەجێ کردن ، سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا داوای کۆبونەوەی وەزیرەکانی کرد وبەرەو داونینگ ستریت رۆیشت،منیش لەگەڵی چوم.

دوای دوو کات ژمێر لە گفتو گۆ هەر جارەی وەزیرێک بۆ پرسیار لە هەندێ شت دەهاتە دەرەوە ، کتوپر ، هەمو وەزیرەکان رازی بون لە پێش هەمویان بەرێز چرچل. دەنگەکان بەیەک دەنگ بەرز بونەوە وتیان (پێکهاتین).

راستەوخۆ دەستم دایە تەلەفۆن وبڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیرانم بۆ بەرێز رینۆ خوێندەوە ، ئەمیش گوتی :

ئەمە بڕیارێکی خەتەرناکە ، هەرئێستا بۆ وەزیرەکان دەیخوێنمەوە ، بانگیان دەکەم بۆ دانیشتن لەسەری.

لەم ساتەدابو خواحافیزیم لە چرچل کرد کە فڕۆکەیەکی لە ژێر خزمەتی من دا تەرخان کردبو تا بچمە پاریس وبگەرێمەوە ئەگەر پێویستی کرد .

لە فڕۆکەخانەی بۆردۆ دابەزیم بەرێزان هۆمبیر وئەوبورتان لە پێشوازیم دابون،سیمای ماندوێتیان لەسەر روبو، خۆیان پێ ڕانەگیرا هەر زو پێیان راگەیاندم کە بەرێز رینۆ دەستی لەکار کێشاوەتەوە و بەرێز مارشال بیتان یان لەشوێن ئەم داناوە.

هەستم کرد کە فرانسا بەرەو چۆک دادان هەنگاو دەنێ .

بەرەو بەرێز رینۆ رۆیشتم تا لەگەڵی کۆ ببمەوە دیم زۆر بێ تاقەتە لەوەی کە تێی کەوتوین بەتایبەت کە مارشال یەکێکە لە ئاگربەست خوازەکان.

نیوە شەوەکەی چومە ئەو ئوتێلەی دونالد کامبیل ی بالوێزی بەریتانیای لێ دابەزیبو وپێم راگەیاند کە حەزدەکەم پاریس جێ بهێلم بەرەو بەریتانیا رێ کەوم بە هاو سەفەری جەنەرال سیبیرس ، دواتر بەرێز رینۆ مەبلەغی 10000 دە هەزار فرەنکی لە پارەی

تایبەتیی نهێنی بۆ ناردم ، ئەمە لەسەر داوای خۆم بو ، داواشم لە دی مارجی کرد پاسپۆرتی خۆم و خێزانم بۆ ئامادە بکات تا لەپاریس دەرکەوم .

بەیانی کاتژمێر 9 رۆژی 19 ی حوزەیران من و جەنەرال سبیرس و ملازم دی کۆرسیل بە فڕۆکە تایبەتیەکە فرین .

گەیشتینە لەندەن و یەکسەرچوینە ئوتێل لتونا هەستم بە تەنیایەکی ناخۆش کرد وەکو ئەوەی یەکێک بیەوێ بە مەلە لە دەریا بپەرێتەوەو هێشتا لە ووشکانیەوە لە کەناری ئەو بەری دەریاکە بڕوانیت..

* * *

## خۆراگری و ترسی  ون وبن

---------------------------

ئەگەر سوربون لەسەر درێژە پێدانی شەڕ زەرور بێ ، ئەوا زانینی ئامانج وسنوری درێژەپێدانی زەرورترە .

بە دیدی زۆرکەس درێژەدان بە شەڕ زەرورە ،بە هۆی ئەوەی بەریتانیا خۆراگرانە درێژە بەشەڕی دژ بە دوژمن دەدات ،بڕوامان وابو کە دەبێ چەند پیاوێک بە بەریتانیا بدەین .

کاری پێدانی پیاوەکانی فرانسا بە بەریتانیا کارێکی بێ سودە ، چونکە چۆن دەتوانین پیاوەکانمان بۆ شەڕێک ئامادە بکەین کە هی خۆمان نیە ؟

من وای دەبینم کە نەک پێدانی هەندێک لە پیاوەکانمان زەرورە بەڵکو هەمو فرانسا بۆشەڕ ئامادە کەین زەرورە ، چونکە لەمە سەروەری وشەڕەفمان دەست دەکەوێ .

بەڵام دوبارە دەرچونی هێزەکانمان لە مەیدانی شەڕ بێ ئاستەنگ نابن ، لەوانە:

یەکەم - هێزی دوژمن بەبێ ململانێ یەکی درێژو بەردەوام لەناو نابردرێت.

دوەم - یارمەتیە ناراستەوخۆکانی فرانسا بۆ دوژمن ، بریتی یە لە درێژە نەدان بە شەڕ.

سێیەم - ئاستەنگە مادیە کان و ورەیی کە هێزەکانمان پێویستیان پێیەتی بۆ خۆراگرتن بۆ ماوەیەکی درێژ.

چوارەم – درۆو دەلەسەو پرۆپاگەندەکانی هەلپەرستەکان کە بۆ داپۆشینی هەڵوێستە نەرێنیەکانیان بڵاوی دەکەنەوە دژی درێژەدان بەشەڕ .

باشترین شت بە بیرم داهات ئەوەبو ، داوا بکەم لە ریگەی رادیۆوە داوا لە خەلک بکەم ئالای فرانسا بەرز کەنەوە .

ئەو کاتەی چاوپێکەوتنم لەگەڵ چرجل کرد ئەم بیرۆکەیەم پێ راگەیاند ئەویش لەگەڵ بیرکردنەوەکەم دابو و رەزامەندیی لەسەر ئەوەدا کە ئیزگەکە لەژێر فەرمانی من بێ بەڵام دەبێ بەر لە جێبەجێ کردنی ئیمزایەکی حکومەتی فرانسا لەسەر مەرجەکانی ئاگربەست

هەبێ ئەو حکومەتەی کە مارشال بیتان سەرۆکایەتیی دەکات ، ئەوسا بەبەردەوام لە رادیۆکە پەخشی بکە.

دوای وەدەست هێنانی مەرجەکان چوم بۆ ئیزگەکە بۆ خوێندنەوەی بەیاننامە مێژویەکەی راگەیاندنی فرانسای ئازاد.

بۆم دەرکەوت کە ئەگەر رێگاکەش دورو سەختە بەڵام شەرەفی فرانسا لە هەمو ئەزیەتەکان شکۆمەند ترە .

ئەو پەردە خۆبەدەستەوەدانەی کە روی فرانسای لە شەڕ وسوکایەتی داپۆشی بو وای لێکردم هەست بە ئەرکی نیشتمانی و کاری زیاتر بکەم ،لە بۆردۆ وە بە بروسکە ئاگاداری حکومەتم کردەوە کە ئامادەم لەگەڵ بەریتانیا درێژە بە گفتوگۆکان بدەم ، سەبارەت بە کۆمەکەکانی ئەمەریکا بۆ گواستنەوەمان بۆ ئەفریکای باکور ، وەڵامی بروسکەکەم دەڵێ : بگەرێرەوە فرانسا.

لە 20 ی حوزەیران نامەیەکم بۆ بەرێز ریگان نوسی کە تازە پۆستی وەزیری بەرگریی لە ئەستۆ گرتبو ئەو وەزارەتەی مەرجەکانی ئاگربەستی قەبول کردبو ، نوسیبوم ، خزمەت و گوێرایەلیم دەخەمە بەر فەرمانتان بە مەرجێک بگەرێنەوە شەڕکردن.

لە30 ی حوزەیران بالوێزخانە ی فرانسا لە لەندەن ئەو فەرمانە سەربازیەی پێ راگەیاندم کە دژی من دەر کرابو ، کە دەبوایە بێ دواکەوتن خۆم رادەستی بەندیخانەی سان میشیل بکەم ، وەکو سەرەتایەک بۆ ئامادەکردنم تا بدرێمە دامەزراوی سەربازی بۆ دادگایی کردنم ، بەڵام ئامادە نەبوم ئەمە بکەم .

یەکەم جار بەیەک مانگ زیندانی دادگایی کرام دواتر دوای ئەوەی وەزیر ریگان تێهەلچوونەوەی لەسەر بڕیارەکە کرد ، ئەم جارەیان بە لەسێدارەدان حوکم درام .

ئەم حوکم و بڕیارە دەستمی لەسەر مەرام و نیازەکان شل نەکرد بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئارەزوەکانم لە درێژەپێدانی شەڕ ،منیش هەڵسام بە بروسکە ناردن بۆ زۆربەی فەرماندە سەربازیەکانی فرانسا هانی درێژەدانی شەڕم دەدان ، پێشم رادەگەیاندن کە ئامادەکاریمان

هەیە  هەمو پێداویستیەکانی شەڕتان بۆ دابین بکەم و ئاسان کاریی پەیوەندیکردن لەگەڵ کاربەدەستە بەریتانیەکان فەراهەم  بکەم...

دەستم کرد بە دامەزراندنی سوپایەکی نوێی شەڕکەر،تیپی ئەلیم کۆکردەوە کە بە فەرماندەیی جەنەرال بیتوارت بو ئەم  بەر لە شکستیەکە گەرابۆوە بەریتانیا ، هەروەها لەگەڵ 10000 دەهەزار سەربازی دەریاوان ئەوانەی لە بەندەری شربورگ و بریست و لۆریانت  لەسەر پشتی هەندێک لە کەشتیەکان رایان کردبو لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری بریندارەکانمان کە لە شەڕەکانی بەلژیک زامدار ببون وهێنابویانە بەریتانیا بۆ چارەسەرکردن.

کارەکانیش لە سەربازگەی ئۆلمپیا دەکرا کە بەریتانیەکان خستبویانە ژێر دەسەڵاتمان.

ئەوەی شایەنی ئاماژەیە بەریتانیەکان بە هەوڵ و تەقەلای بەرێز چرچل وجەنەرال سبیرس هەمو تواناکانی سەربازی و راگەیاندنیان خستبوە بەر دەستمان ، هاوکاریەکی تەواوی ئێمەیان دەکرد وەکو فرانسای ئازاد . سبیرس ئەلقەی پەیوەندی نێوان حکومەتی بەریتانیا و فرانسای ئازاد بوو .

لە 29 ی حوزەیران چومە ترینتهام ، تیپی شاخەوانی لێ جێگیر ببو لەم ئەرکەم سەرکەوتنم وەدەست هێنا ، توانیم بەشێک لە لیوای سیانزە بە فەرماندەی مقدم ماگری ناسراو بە مونکلار بەگەل سوپای فرانسای ئازاد بدەم  لەگەڵ نزیکەی 200 هێرش بەرو  نیوەی تیپی تانکەکان و هەندێک لە تیپە تۆپ هاوێژ و ژمارەیەک لە ئەفسەری ئەرکان...

رۆژی دواتر بڕیارم دا سەردانی ئینتری و بنکەی هایدوک ی سەربازی بکەم ، کە بە هەزارەها سەربازی دەریاوانی فەرەنسیی لێ جێگیرە ، دوای چەند رۆژێک ،سەردانی  هارو پارکم کرد، لەم سەردانەشم بەختی زیاترم بو . سەربازە دەریاوانەکان رۆژ بەرۆژ لە زیاد بوندا بون  لەگەڵ چەند ئەفسەری دیل و ئەفسەری کەشتیە بچوکەکانی شەڕکەر لەوانە غەواسەی روبیس و نارفال و کەشتیی سەرۆک هوندوس  ، هەمویان بە پیر بانگەوازەکەمدا هاتن.

له سەربازگەی قەدیس ئاتام ، چەندین ئەفسەری ئاسمانی وفڕۆکەوان هاتنە ناو ریزەکانمان لەگەڵ چەند گەورە ئەفسەرێک لەوانە ، کبریرانکور و ئاشیە دی فالات و بیکور و چە ندینی تر ، کارەکان وایان خواست کە رائید بیمو بە فەرماندەی گشتیی چەکی ئاسمانی سوپای فرانسای ئازاد دابمەزرێنم .

بەم شێوەیە سوپای فرانسای ئازاد رۆژ لەدوای رۆژ گەشەی کرد ، بەگەشەکردنی سوپا ورە و سەروەریی فەرەنسیەکان لە شەڕ بوژایەوە ، ئم ورە بەرزبون وگەشە سەندنە هانی فەرەنسیەکان و ئەفسەرو سەربازەکانی دا کە هیلاکی وماندوێتیی رێگای گەیشتن بە هێزەکانی فرانسا فەرامۆش کەن ، فیرار کردنی سەربازەکان و هاتنیان بۆ ناو سوپای فرانسای ئازاد لە لەندەن فاکتەری گەشەبونمان بو ، چەندین ئەفسەری فڕۆکەوان بە فڕۆکەکانیانەوە خۆیان دەگەیاندە لەندەن بۆ هاتنە ریزی سوپای فرانسای ئازاد.

له 13 ی تەموز بەیاننامەیەکم بڵاو کردەوەو لە ئیزگەی لەندەن خوێندرایەوە ، تیایدا هاتبو ( ئەی رۆلە کانی فرانسا ئەوە بزانن کە ئێستا ئێوە خاوەن سوپایەکن خەبات دەکات و تێدەکۆشێ بۆ پاراستن و سەلامەتی نیشتمان).

ئیتر لە 24 ی تەموز مانۆرێکی سەربازیم بە بەتالیۆنە کان کرد لە (وایتهۆل) ، داواشم لە فڕۆکە وانە کانی سوپای فرانسای ئازاد کرد ، هێرشێکی ئاسمانی بکەنە سەر بەرەکانی جەنگ .

لە 25 ی حوزەیران حکومەتی بەریتانیا بەیانێکی دەرکرد دەڵێ : وا دەرکەوت کە هەندێک لە هێزەکانی ئیمپراتۆریەتی فرانسا دەیانەوێ درێژە بە شەڕەکان بدەن ، دوای ئەوەی هیچ وەڵامێکی لە دەسەڵات داران بەدەست نەگەیشت بۆیە هیچی لەبەر دەم نەماوە تەنها ئەوە نەبێ کە دان بە جەنەرال دیگۆل بنێ وەکو فەرماندەی گشتیی فرانسای ئازاد .

کارێکی وامان کرد کە بتوانین بەریتانیا بکەینە مەیدانی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانمان ئەویش بە دەست گرتن بە پۆستی فەرماندەی گشتی یەوە.

ئەمە دوای باوەر هینان و رێککەوتنمان لەسەر ئەوەی ئەم هاوکاریەی بەریتانیا وەکو قە رزێک وەرگرین تا ئەوکاتەی لە توانمان دەبێ قەرزەکە بدەینەوە .

لە (چیکرز) یش دوای خولێکی گفتوگۆ رێکەوتنێک لە نێوان ئێمەو بەرێز چرچل ئەنجام درا کە بە پێی ئەو رێککەوتنە بەریتانیا بۆی هەبێ کەشتی و دەریاوانەکانی لە کاتی پێویستی بازرگانیی دا بەکاریان بهێنێ .

بەم شێوەیە فرانسای ئازاد بو بە پەناگەو ئومێدێک بۆ فەرەنسیەکان ، بۆ ئەوانەی دەیانەوێ ولاتەکەیان بە سەروەری وخۆشیەوەویستی ببینن.

هەروەها بزوتنەوەکەمان بو بە جێی سەرنجی بەریتانیەکان و حکومەتەکە یان،هەمویان ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاری کردن دەربڕی ، بۆ نمونە کاتێک حکومەتەکەی بوردو بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ من دەرکرد ، رۆژەکانی دواتر بۆ بنکەکەمان لە کارتۆن خشت و خال و زێر و تەنانەت ئەلقەی بوکێنیی بێوەژنەکانیشی لەگەڵدا بو بۆمان دەهاتن .ئەمانە لەکاتێکدا دەگەیشتنە بیرۆیەکەم وەکو هاوکاری وبەخشین لە هاولاتیانەوە بێ ئەوەی ناوی خۆشیان ئاشکرا بکەن ، هەموشیان لەسەریان دەنوسرا :

( لە خزمەت دۆزی جەنەرال دیگۆل ) ە .

ناتوانین ئەو دۆخە ی ئەوکات فەرامۆش کەین کە بەریتانیا تیایدا دەژیا ، هەڕەشەو ترسی هێرشەکانی ئەڵمانیا بون.

بەڵام هێزە ئاسمانیەکانی بەریتانیا لەوپەڕی ئامادە باشی دابون بۆ بەربەرچدانەوەی هەر هێرشێکی لەم جۆرە ،هەر لەو ڕوانگەیە شەوە بەریز چرچل پێی وتم (لەوانەیە ئێستا تۆ هەست بەوە بکەیت کە من هەڵە نە بوم کاتێک رازی نەبوم هاوکاریی ئاسمانی بە فرانسا بدەم چونکە فرانسا بەرەو هەڵدێر دەخزا ، ئەگەر ئەمەم بکردبا ئەوا فرانساو بەریتانیاش تیا دەچون )

* * *

## جەنگ لە ئەفریکا

--------------------

دەبی ئەوە لە بیر نەکەین کە دوژمن چاوی بڕیبوە دەریا بۆ ئەوەی جەنگ بۆ ئەوێ بگوازێتەوە ، ئەمە لە بەر چەند هۆیەک بو:

یەکەم – لەوانەیە ئامانج ئەوەبی بلێسەی ئاگری جەنگ هەمو ئەوروپا بگرێتەوە؟.

دوەم – بنکەی نوێ لە دەریا وەدەست بهێنێ.

سێیەم – تا بتوانێ هاوکاریی هاوپەیمانەکانی بدات ،وە کو ئیتالیاو ، ئیسپانیا.

چوارەم – پانتایی زیاتر بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

پرسیارە گرنگەکە ئێستا ئەمەیە : چۆن دەتوانین لە ئەفریکاوە شەڕ دەست پێبکەین ؟. ئەمە لە ئارادا نەبو کە بەم زوانە دەست کەوتێکی باش وەدەست بهێنین لە جەزائیر و مەراکش وتونس چونکە دانیشتوانەکان بە چاوێکی گومان وترسەوە چاودێریی روداوەکانیان دەکرد ، ئەمە دوای ئەوە بو کە هەستیان بەوە کرد ، مەرجەکانی ئاگربەست باکوری ئەفریکا ناگرێتەوە ، فەرەنسیەکانیش بەمە دلخۆش بون و دلنەوایش کەوتبوە دلی موسلمانان.

لە ئەفریکای رەش ئومێدی گەورە هەبوو کە لایەنگرمان هەبێ ، ئەمە لەو خۆپیشاندانانە وەدەرکەوت کە لە داکار وسان لویس و فاگا داگا و ئەبیدجان و برازافیل و تاناریف ولومی و دولا بۆ دەربڕینی خۆشحاڵی بۆ راگەیاندنی لەدایک بونی فرانسای ئازاد رویدا چونکە شەڕیان لە دیکتاتۆریەتی دوو ژمن پێ باشتر بوو.

لە ناوچەکانی مومتەلەکاتی یەکسانیی فرانساش ، خەلکی کامیرۆن درکیان بەوە کردبو کە بەگەرانەوەی ئەڵمانیەکان گەرانەوەی سوکایەتی و تیاچون دەگەیەنێ.

لە (چاد)یش فیلیکس ئیبوبی حاکمی ئەم وڵاتە پشتگیری تەواوی خۆی بۆ بزوتنەوە کەمان راگەیاند.

له كۆنگۆ و ئوباجیش بەهۆی ئەوەی جەنەرال هوسون لە برازاڤیل بو کە نەیدەتوانی لە فەرمانی (فیشی) دەرچێ هەڵوێستیان بەڵێڵی مایەوە.

لە (گابۆن)یش زۆربەی لایەنەکان هەڵوێستی دوەرە پەرێزیان لە ئێمە گرتبو.

بە پشت بەستن بەم هەڵوێستانە بڕیارم دا بە فڕۆکەیەکی تایبەتی کە دەسەڵاتدارانی بەریتانیا خستبویانە ژێر فەرمانەدەم ، وەفدێک بنێرمە لاگوس ، ئەم وەفدەش کە پێکهاتبون لە تیپی یلیفیان و بارانت و هیتری دیبولامپێر بۆلای سەرۆکی ئیبۆبی حاکمی ناوچەی چادم نارد ، رێککەوتن لە نێوان هەمویان رویدا، تا دولا و چادیش بە کودەتایەک هەلسن ئەوسا ئەوانیش ببنە لایەنگرانی فرانسای ئازاد .

وارێک کەوت کە بەر لە فرینی وەفدەکە بەرێز هوتیکلوک م کردە هاوسەفەری وەفدەکە هوتیکلۆک ئەفسەرێکی خاوەن ئەزمون و بەتوانابو بە (لیکلیرک) ناونرابو.

بۆ ئەنجام دانی ئۆپەراسیۆنەکانی کودەتا یەکەم جار دەست بەسەر برازاڤیل دابگیرێ بۆ ئەوەی لەوێوە بۆ ئۆباجی وگابون وکونگو دەرچن ، بۆ ئەم فەرمانەش عەقید (دی لارمینا )م دەستنیشان کرد کە ئەفسەرێکی زیرەک ودرەوشاوە بو .

لە 26 ی ئاب بەرێز ئیبوبی رایگەیاند کە بە فەرمانەدەیی دیگۆل (چاد) چوە پال فرانسای ئازاد..

لە 27 ی ئاب سەرباری بێ توانایشیان کودەتایەکی سەرکەوتوانە لە کامیرۆن رویدا بە فەرمانداییەتی لیکلیرک و بوالامبیر .

بەتواناییەکی بێ وێنە ، جەنەرال لیکلیرک توانیی پلەی عەقید وەدەست بهێنێ و دواتر حاکم و، توانیشی دەست بەسەر حوکمەت دابگرێ و بەرەو بۆندی هێرش بەرێ و کاربەدەستە کۆنەکانیش دەستگیر بکا بێ ئەوەی هیچ روبدات.

لە 28 ی ئاب عەقید دیلانج بە تیپەکەیەوە بەرەو تەلاری حوکمەت چوو، داوای لە هوسان ی حاکمی گشتی کرد خۆی بەدەستەوە بدات ئەویش گوێ رایەلی بو ، بەم شێوەیە برازاڤیل هەرەسی هێنا و کەوتە دەست هێزەکانی فرانسای ئازاد .

کاتێک بەریز دی سان مارت حاکمی ئوبانجیی فەرەنسی  ئەمەی بیست ،بروسکە ی پشتگیریی بۆ ناردم بەم شێوەیە ئەویش هاتە ریز  فرانسای ئازاد .
دوای ئەمە داکار بو بە ئامانجی سەرەکیمان ئەمیش لەبەر چەند هۆیەک ، کە وەکو قەلایەکی سروشتی و بونی ئامێری نوێی مەزن و ژمارەیەکی زۆری فڕۆکەی شەڕکەرو هەندیک کەشتیو کەشتی لە بەندەرەکانیان .

لە 21 ی سەپتەمبەر هێزەکانی بەریتانیا و فرانسای ئازاد هێرشێکیان بۆ سەر داکار رێکخست دوای دو رۆژ گەیشتنە ئەوێ تەم و مژ ئەوێی داپۆشی بو ئەمە لە 23 ی سەپتەمبەر بو هیزەکانی دەکار لە قەلاکەوە بە خەستی تۆپیان بەسەر داباراندین ، بێ ئەوەی ئێمەش وەلامیان بدەینەوە، بەلاَم هێزەکانی بەریتانیا کە هێماو ئاماژەیان لە داکارەوە بۆهات داوایان لێکرا مەودای 20 میلێک بەرەو دواوە بکشێنەوە  ، ناچار بون بە شێوەیەکی پچر وەلاَمیان بدەنەوە .

رۆژی دواتر بەرێز چرچل بە بروسکە ئاگاداری ئەمیرال کانینگهام ی کردەوە کە لە جێبەجێ کردنی نەخشەکە بەردەوامبێ بێ سل کردنەوە ، ئەو کات هێزەکانی کەشتیگەلی بەریتانیا دەستیان بە تۆپباران وگولەبارانی قەلای دەکار کرد وداوای خۆ بەدەستەوە دانیان لێکردن ، شەڕ بەردەوام بو تا چەند کاتژمێرێک کە بەهۆیەوە چەند کەشتیەکی بەریتانیا نقوم بون ، جگە لە زیانە گیانیەکان ، جەنەرال کەوتە ئەو بڕوایەی کە بەپێویستی زانی تەقە بوەستێنرێت . رای خۆی بۆ رون کردمەوە و منیش رەزامەندیم لەسەر دا .
ئەو دەم هەستم بە تالیی  توندو تیژی کرد .
بەلاَم لە 28 سەپتەمبەر بەریز چرچل رایگەیاند کە ئەم شکستە بوە هۆی ئەوەی کە زیاتر بڕوام بە دیگۆل بێ .
ئەو قەیرانەی ژانی گەیاندبوینێ لە ورەو پێداگرتنیە کانمانی کەم نەکردەوە  لەسەر قۆلهەلمالین رشتتر و سور تر بوین لە پێناو ئەوەی خەبات بکەین تا هەمو کێشوەری ئەفریکا بخەینە بەر دەستمان .
هەر بۆیە دەستم بە هەندێ سەردانی ولاَتانی ئەفریکا کرد لە پێشەوە  سەردانی چادم کرد .

لە وێشەوە روەو فۆرت لاما چوم کە پێشەواکەی ئەبیوبی بو بەو پەڕی بڕواوە پێشوازیی لێ کردم و بڕیاری ئەوەی دا کە تا سەرکەوتن لەگەڵ بەرنامەکانمان هەنگاو بنێ .

دواتر بە هاورێیەتی عەقید مارشان فەرماندەی سوپای چاد بەرەو (فایا) فرین کە لە بیابانەکەی هەندێک بنکەی سەربازیی لێ بو بەرێ کەوتین .

لە 24 ی ئۆکتۆبەر چومە برازاڤیل،لە گەل هەندیک لە کاربەدەستان لەسەر بابەتە ئابوریەکان گفتوگۆمان کرد .

لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەر چەند سەردانێکی گرنگم ئەنجام دان بۆ ئۆبانجی وبوان نوار و لیوبولدفیل لەویش پێشوازیەکی بێ وێنەم لەلایەن بەرپرسە سەربازیەکان و ڕەوەندی فەرەنسی لێ کرا .

دواتر بڕیار درا کە کۆتایی بە بارو دۆخی گابۆن بهێنرێت کە هەڵوێستێکی دژایەتیی لێمان وەرگرتبو ،بەڵام لە دوا ساتەکان پێم باش بو راستەو خۆ لیبرفیل داگیرکەم ..

کاتێک گەیشتمە (دولا) دەستم بە دارشتنی بەرنامەکە کرد ،لە 27 ی ئۆکتۆبەر دەست بەسەر میترنیک گیراو سوپاکەشی بە یەک جارەکی لە 5 ی نۆڤەمبەر

چەکی دانا . لەم کاتەدا هیزەکانمان لەسەر پشتی کەشتیەکان بە فەرمانداریێتی لیکلیرک بۆ گرتنی دوالا دەرچون .

کوینگ بە هێزە زەمینیەکەیەوە جولەی کرد ،بە پێی ئەو نەخشەیەی بۆی دارشترابو شەوی 8 ی نۆڤەمبەر گەیشتە لیبرڤیل ، لە ناوچەی لامۆندیون دابەزین ،لە لیواری شار شەڕێکی قورس دەستی پێ کرد ،فڕۆکەکانی لیساندر لە ئاسمانی شەڕەکەدا فڕین جینلیو بە کەشتیەکەی ( سافانان دی برازا ) لە گەل کەشتیی ( قومندان دومینیە) روەو بەندەری شار بەرەو پێش چون لەوێش کەشتیی (بوگانفیل ) لەنگەری گرتبوو.

هیچمان لە بەردەم نەما تەنها گرتنی بەندەری جانتیل نەبێ .

لە 12 ی نۆڤەمبەر دەستمان بەسەر بەندەرەکە دا گرت ، غەواسەی بونسیلیە سەر بە هێزەکانی ڤیشیە ، بەر گورزی بەریتانیەکان کەوتن و تیا چون بە فەرماندەکەیەوە لە قولایی دەریا نقوم کران.

گابۆنیش بو بە لایەنگرمان، دوای ئەوەی کە لایەنگریەکەی خۆی لە مانگی ئاب کێشابۆوە ، ماسۆن بو بە حاکمی.

لە 5 ی نۆڤەمبەر ،چوینە ناو لیبر ڤیل و دواتریش بۆ بەندەری جاناتیل.

فەرماندەیەکی تایبەت بۆ بەریوە بردنی کاروباری سەربازیی بەڕێوەبردنی ولآتە ئازاد کراوەکان دامەزرا ،ئیبونی دەست نیشان کرا بە فەرماندەی گشتیی ناوچەکانی فەرەنسی لە خاکی ئەفریکای ناوەڕاست ، لەگەڵ دامەزراندنی چەند ئەفسەرێک بۆ بەڕێوە بردنی ناوچە جیاجیاکان لە ژێر دروشمی لۆرین.

بەر لەوەی بگەرێمەوە لەندەن نەخشەی هێرشێکم بۆ سەر مرزوق و کفرە لە لیبیا لە زەوی و ئاسمانەوە ئامادەکرد، هێرشێکیش کە بریرتی بو لە یەک لیوای هەمەجۆر بۆ ئەریتێریا ، ئامانجم لەم هێرشانە سەرەتایەک بو بۆ رو وەرگێران روەو ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست .

* * *

## له لەندەن چی دەکرێ ؟

----------------------

کاتێک گەرامەوە بۆ لەندەن ، خیزانەکەشم لەگەڵم دا بو بەرێز ئایدن داوای کرد زو چاوی پێم بکەوێ بۆ کارێکی خەتەرناک .

رۆژی دوەم چوم بۆ دیدەنیی.

نیشانەکانی رارایی و دلەراوکێ و خەتەرناکیی دۆخەکان لەسەر روی بەدی دەکران ، هەر کە دانیتشتم دەست پێشخەریی کرد وتی:

بۆمان رون بۆوە، بەداخەوە کە کەلێنێک لە ریزەکان دروست بونە ئەویش ئەمیرال مۆزیلیە لە ژێرەوە پەیوەندیی بە حکومەتی فیشی یەوە هەیە ، کاریشی بۆ ئەوە کردوە کە ئاگاداری دارلان بکاتەوە لە نەخشەی گرتنی داکار وژێردەریای سیرکۆف ، بۆیە هەر ئەوەندەمان بۆ مایەوە کە دەست گیری کەین ، ئێستا ئەمیرال موزیلیە لە پشت شیشەکانی زیندانە .

لە قسەکانی بەردەوام بوهەڵسا هەندێک لە داکۆمێنتەکانی نیشان دام کە ئەوەی دەسە لماند هەمویان بە ئیمزای بەرێز (روزوی) بون کە سەرۆکی پێشوی نێردراوی چەکی ئاسمانیی فرانسا لە بەریتانیا بو ، بە دروشمی فرانسای ئازاد و مۆری کۆنسۆلگەریی فەرەنسی لێدرا بوو.

لەم کارە توشی سەرسورمان بوم، بەڵام بێ دەنگیش نەبوم چاوم بە چاکی دەگێرا و بە بەرێز ئایدنم وت کە موزیلیە لە سەرتاپای ئەم کارەیدا بێ تاوانە .

بڕیارم دا کە هەر خۆم لیکۆلینەوەی لەسەر بکەم..

سەرەتا بیرم لەوە کردەوەو کە ئەمە بەدورنەزانم ، ئەم سیناریۆیە لە دەرهێنانی هەواڵگریی بەریتانیا خۆی بێ ، بیخاتە پاڵ حکومەتی فیشی ، دواتر بیرم لە ریگەیەکی تریش کردەوە کە دەبێ هەر لەرێگەی کەسێکی تری ناو حکومەتی فیشی یەوە ئامادە نەکرابێ و وەکو بۆمبێکی تەوقیتکراو بۆ تەقاندنەوە ی لە ناو حکومەتی فرانسای ئازاد لە کاتی پێویست دا؟.

بەدوای لێکۆلینەوەو بەلگەکان گەڕام .

گەڕامەوە بۆ چاپێکەوتنی وەزیری دەرەوە و پێیم وت کە ئەو دۆکومێنتانەی دەرکراون بۆ دەستگیر کردنی موزیلیە هەمویان ساختەن. بۆیە ئەمە پاساو نیە تائێستا مۆزیلیە لەزیندان بمێنێتەوە ، دەبێ هەر ئێستا ئازادی بکەن تا ئەو ساتەی شتێکی لەسەر دەبێتە مالو دەیسەلمێنن.

بەلآم بەرێز ئایدن داواکەی منی بە زمانێکی خۆش رەت کردەوە، بڕوای بە وردی وراستگۆیی لێکۆلینەوەکانی بەریتانیا بو .

منیش بە نامەیەک و دواتر بە یاداشتێک ناڕەزایی خۆم راگەیاند بەلآم.. بێ ئەنجام بو .

پاشان شتێکی گرنگم بە مێشک داهات ، ئەویش بانگکردنی دوو بەریتانی بوو بۆ لێکۆلینەوە کە کاتی خۆی لەسەر داوای حوکمەتی بەریتانی هێنرابوونە ناو دەزگا هەوالگریەکەی ئێمە .

هە ر کە گومانەکانم رەوینەوە ، لە بێ گوناهی ئەمیرال دلنیابوم ، ئەمە کاتێک هات کە ئەم دو کەسە لە کاتی لێکۆلینەوە توشی دلەراوکێ و ترسێکی زۆردەهاتن ،دلنیا بوم کە ئەم روداوە لە نوسین ودانانی هەوالگری بەریتانیایە ، ئەمەیان بۆ ئەوە بو کە لەم رێگەیەوە بە دونیای رابگەیەنێ کە ئێمە لاوازین ، دواتر ئەوەی مەبەستیانە پێمانی بکەن .

پێم لەسەر ئەوە داگرت کە ئەگەر تا 48 کاتژمێری تر موزیلیە ئازاد نەکەن ئەوا هەمو پەیوەندیەکانم لەگەل حکومەتی بەریتانیا دەپچرێنم .

لە هەمان رۆژ سبیرس هاتە لام پێی راگەیاندم کە ئەوانەی ئەم سیناریۆیەیان دروست کردوە هەمویان دەستگیر کران و ئێستا لەژێر لێکۆلینەوە دان بە سزای خۆیان دەگەن وهەر ئێستاش ئەمیرال مۆزیلیە ئازاد دەکرێت .

دوای نیوەرۆکەی هەمان رۆژ هەر یەک لە چرچل وئایدن نیگەرانیی خۆیان بەرامبەر بە من بۆ ئەم روداوە دەربڕی ، پەیمانی ئەوەشیان دا کە لە بەرامبەر ئەو سوکایەتی پێکردنەی قەرەبوی بکەنەوەوهەمو کارەکانی بۆ بگێرنەوە دۆخی جاران. .

لە 15 ی دیسەمبەر من و وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بەرێز ئایدن رێککەوتنێکمان ئیمزاکرد کە پەیوەندیەکانی نێوان فرانساو بەریتانیا رێکتر بکەین و فرانسای ئازاد پابەندی یاسا و رێنماکانی فرانسای ئازاد بێ نەک بەریتانیا .

داوامان لە بەریتانیەکان کرد کە بەیەکەوە بۆ کارو باری ئابوری و بازرگانی دانیشین ، لەم دانیشتنە رێککەوتین کە جونەیهی بەریتانی بە 176 فرەنکی فەرەنسی یەکسان بێ .

توانیمان بانکێکی فەرەنسی لە بەریتانیا دابمەزرێنین بە ناوی بانکی ناوەندیی فرانسای ئازاد بۆ بەڕێوە بردنی کاروباری موچەی فەرەنسیەکان و کۆکردنەوەی ئەو هاوکاریەکانەی لە لایەن وکەسایەتیەکانەوە بۆمان دەنێرن ، سەرباری پارەی قەرزکراو لە بەریتانیا .

ئەمانە جۆشیان بە گیانی بەرگریی فرانسا بەخشی ، کاری نهێنی لەفرانسا بو بە بیرۆکەی دروستی رێگەی رزگاریی وڵات .

سەرەڕای سەخت و دژواری ئومێدمان نە بڕیبو کاری نهێنیمان کە ببوە رێچکەیەک گەنجان وتێکۆشەرو خەباتکارانمان لە نێوان هەردو جەنگی جیهانی کردبویان بە نەریت بەتایبەت لە 1940 بە گونجاو ترین شێوەی خەبات دەرچو ، ئەمە لەرێگەی ئیزگەو وورە بەرزکردنەوەو ڕۆژنامەو سینەماو شانۆوە دەکرا کە باسیان لە پاڵەوانان وقارەمانانی نیشتمان دەکرد کە چۆن لە پێناوی نیشتمانەکەیان دا ژیان وماڵ و منداڵیان دەکردە قوربانی بۆ ئەوەی داگیرکەران وزەوت کاران رێ لە شکۆمەندی وڵاتەکەیان نەگرن .

بۆ رزگار کردنی ووڵات دامەزراندنی ریکخراو وتۆری کاری نهێنی شێوازی خەباتمان بو لە ناوەوەی فرانساوە پەیوەندی توند وتۆل هەبون لەمەش ئەنجامێکی باشمان لێ وەدەست هێنا .

زۆری پێ نەچو نوسینگەی ناوەندیی ئۆپەراسیۆنەکان دامەزرا ئەکری ئەو نوسینگەیەش بریتی بوو لە کۆکردنەوەی زانیاری ورێکخستنی کاری هەموو ئەوانەی بە نهێنی کاریان دەکرد .

هەروەها ئەم نوسینگەیە دەستی کرد بە ئامادە کردن و راکێشانی هەموو ئەوانەی دەیانویست کارمان لەگەڵدا بکەن کە ژمارەیان زۆر بوو .

بۆ پەیوەندی کردن وگواستنەوەی هەواڵ و خەڵک پشتمان بە کەشتیە ژێر ئاویەکان وفرۆکەو هەندێ کەشتی دەبەست .

ماوەیەکی کەمی برد تا توانیمان تۆرێکی چاک لە رێکخستن لە ناو ریزەکانی سوپای فرانسا دروست کەین ، رۆژ بەرۆژ ژمارەمان لە زیاد بون بو چالاکیەکان دوقات زیادیان کرد و بەخێرا دەچونە پێش .

سەیر مان کرد کە پەیوەندی کردن بە هاولاتیانی فرانساوە بەرهەمێکی چاکی دەبێ، بۆیە لە رێگەی ئیزگەی بەریتانیا ، کە رێگەیان پێ دابوین رۆژی دو جار بۆ ماوەی 5 خولەک سود لە ئیزگەکەیان وەربگرین ئێمەش بۆ هاندانی خەلک و گەیاندنی پەیامەکانمان بەکارمان دەهێنا .و بەرنامەکەش ناوی ( فەرەنسیەکان بۆ فەرەنسیەکان دەدوێن) بوو. هەروەها توانیمان رۆژنامەیەک بەناوی فرانسا وگۆڤارێک بەناوی فرانسای ئازاد دەربکەین و ئاژانسێکی دەنگو باس بەناوی ئاژانسی دەنگو باسی فرانسای ئازاد دامەزرێنین بۆشمان دەرکەوت کە لە رێی ئیزگەوە دەنگمان باشتر دەگات و لە رۆژی رزگاری نزیکتر دەبینەوە چونکە هەموو خەلکی فرانسا چاوەڕێی ئەو رۆژە بوون .

راست بو کە خواروی ئەفریکا سەرنجی ئێمەی راکێشابو وایکرد کە بکەوینە ناو گێژاوی شەڕ ، بروسکەیەکم بۆفەرماندەی هێزەکانی بەریتانیا لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست جەنەرال ویفل نارد داوای ئەوەم لێی کرد کە هەمو هێزەکانی فرانساما بۆ کۆ بکاتەوە و بۆ کۆمەکی جەنەرال لیگنتون ی بنێرێ بۆناوچەی جیبۆتی ، هەروەها داوام لێی کرد کە تیپی پیادە لە قوبرس هاوکاری بکات و هێزەکانی بەریتانیا لەگەڵ هەندێک سەربازی فەرەنسی کە لە میسرن هەمویان هێرش بکەنە سەر برق و تبرق و دونە.

لە ناوەڕاستی مانگی دێسەمبەر فەرمانم دا بە هەریەک لە جەنەرال کاترو و لارمینا و کەتیبە یەکیش لە دەریاوانەکان بە جێبەجێ کردنی نەخشەی کۆکردنەوەی هێزەکان لە سەنیگال ، کۆمەلێک تانک وهاوەنهاوێژو چەند یەکەیەکی تر، بە فەرماندایەتیی عەقید مونکلار.

هەندێک لەو فرۆکەوانانەی لە تونس وبنکەی ریاق لە لبنان یش وەگەلیان کەوتبون .

بڕیارم دا کە هەندێک فرۆکەشیان بۆ بنێرمە خەرتوم مدمرەکانی (قومندان دوبوک) و( سافورینا دی برازا )م ناردە ناوچەی دەریای سور .

لە روانگەی ئەم خۆبەخشینەی هێزەکانی بەریتانیا لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست ، بە زەرورمان زانی بەرەیەکی فەرەنسیش لە لیبیا بکەینەوە .

لە سەرەتای مانگی شوبات پێمان راگەیەنرا کە نێردراوێکی ئەڵمانیا بە سەرۆکایەتی فون هینگ و روزو گەیشتونەتە سوریا.

مەترسیەکانی ژاپۆن گەیشتبونە لوتکەی هەلچون ، مسۆگەر بو کە ژاپۆن دەیەوێ هێزەکانی خۆی تاقی بکاتەوە تا بزانێ تا چەند دەتوانێ دەست بەسەر ناوچەکانی هندی چینی دا بگرێ ، بەمە کۆلۆنیەکانمان لە وڵاتی کالیدۆنا هند ومەدەغەشقەر دەکەوتنە مەترسیەوە . بەڵام ئومێد براو نەبوین ،هەر زو بڕیارێکم دەرکرد کە هەر پەیماننامە یا ریککەوتنێک کرابێ بۆ دەست هەڵگرتن لە هەندێک زەویەکانمان ئەوا بەم بڕیارە هەمویان هەلدەوەشێنینە وە. پەیوەندیەکانمان لەگەڵ وڵاتە دۆستەکان پتەوتر کرد بۆ ئەوەی لە دۆستایەتیان لەگەڵ فیشی دور خەینەوە .

لە بێ ئومێدیەوە نەخشەیەکمان دانا بۆ بەرگری کردن لە هند ، لەم نەخشەیە هەریەک لەهۆلەندا وبەریتانیا و ئەمەریکا بەشداربن ، دیسان نەخشەیەکی تر بۆبەرگری بۆ لە دەست نەدانی کالیدۆنیا تاهینی بە بەشداری هەریەک لە ئوسترالیا و نیوزلندا .

هەر چۆنێکی بێ ئەگەری شەڕ زاڵ بوو بەسەر بیر کردنەوەمدا ،دلنیا بوم لەوەی دوژمن توشی روبەرو بونەوەیەکمان دەکات لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست و ئەفریکا، لەپێناو دورکەوتنەوە لە دروست بوونی کێشە لەگەڵ بەریتانیا ، بە پێویستم زانی بە پەلە بچینە ئەو ناوچەیە .

لە 9 ی ئادار سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا بەرێز چرچل داوای کردم و پێی راگیاندم کە ئەمەریکا بڕیاری پرۆژەی بەکرێدانی داوە بۆیە دەکرێ چەکی پێویستمان بەم رێیەوە وەدەست کەوێ بۆ روبەروبونەوە لەگەڵ دوژمن.

ئەم پرۆژەی ئەمەریکا کاریگەریەکی باشی بەسەر دەرونی هەمومانەوە هەبو ، بەتایبەت کە پێشتر و تا ئەو کات ئەمەریکا وەکو تەماشاکەر وەستابو بەرامبەر ئەم شەڕەی دژ بە چاوە برسیەکانی ئیمپریالیزم.

لەو کاتە ئێمە توانیبومان کارەکانمان لە رێگەی نێردراوەکان بەم شێوەیە داریژین:

1- دامەزراندنی گارو و دومبال لە ئەمەریکا.

2- دارجینلیۆ ومارتن لە کەنەدا.

3- لیدۆ لە ئەمەریکای خوارو .

4- سۆستێل لە ئەمەریکای ناوەڕاست.

ئەم لیژنە و نێردراوانە کاریگەریی باشیان لە هەمو دونیادا هەبو ، لە گەشە و کارا بون ، بەرامبەر بە دەستەکانی فیشی خۆراگر بون ، بڕوایەکی پۆلاینیان دەنواند هەمو هەوڵە گلاوەکان دەرمان و نەزۆک دەبون و لە بەرژەوەندی ئیمپراتۆریەت تەواو دەبون.

درکم بە هەستێکی غەریب کرد کە فەرەنسیەکان لەو بەری دەریاوە دەیان روانیە هەنگاوەکانمان .

لە کاتی سەردانم دا بۆ ئەو بنکە سەربازیانەی بەریتانیەکانی لێن و بۆ بەرەکانی شەڕ بۆم دەر کەوت تاقە دەرگای ئومێد لای ئەوان دەرگای سەرکەوتنە، هەر وا بینیم ئەو پێشوازیە گەرمەی لە چاوپێکەوتنەکانی تردا لێیان دەکردم بەرەو باشتر گۆڕاوە و لە سیمایاندا دیار بوو کە رێزێکی زۆریان لێ دەگرتم .

لەم سەردانانەم دیسان دەرفەتی ئەوەم بۆ رەخسا کە ئاسۆیەکی روناک لە گیانی بەرگری وخۆراگری فەرەنسیەکان بەدی بکەم ئومێد لە دلی باوەرداران وشەڕکەرە بڕوادارەکان بەدی بکەم ، جیهان بە گشتی و خەباتگێڕان بە تایبەتی چاویان بڕیبوە فرانسای ئازاد تا دەرسێک بە دوژمن بدەن تێکیان بشکێنن ، تا لە ئەنجامدا بە هێزێکی سەرکەوتوانە بگەرێنەوە فرانسا.

*     *     *

## هێزەکانمان لە رۆژهەلاتی  ناوەڕاست

-------------------------------------

گرنگی کەنالی سوێس بۆ بەڕێوە بردنی چالاکیەکانی شەڕ بەرونی بەدی دەکرا  کە ئەگەر ئەم کەنالە لە لایەن دوژمنەوە دەستی بەسەردا بگیرێ رێگەی بۆ خۆش دەبێ بۆ گرتنی میسرو ئاسیاش،مانەوەشی بەدەستمانەوە لە خزمەتی چونمان روەو تونس و ئیتالیا بەرەو فرانسای خوارو دەبێ .

لەم سۆنگەیەوە  بەشداریمان لە شەڕەکان لەپێناو پاراستنی کەنالی سوێس زەرور بو،لە کاتێکدا  شەڕ و  مەترسیەکان  وروژێندران دلەراوکێیان لە ناخی خەلک پەیدا کرد بۆ پاوانخوازی سیاسی وئاینی لە ناوچە عەرەبیەکان و ناوچەکانی تر ، لە بەغدا و دیمەشق و ئەسکەندەریەو تەرابلس وقاهیرە  و قودس ونیرۆبی و خەرتوم و جیبۆتی سەریان هەڵدا.

بە پێداگرتن لەسەرکارەکەم هەڵسام بە پشکنینی تواناکانمان ، گرنگترین کارەکان سەبارەت بە فرانسا گرتنی سوریا و لوبنان بو، لەوێ پالاوگەی نەوت هەیە ، لەگەڵ جیبۆتیش کە هێزی دەریایمان لە ئەسکەندەریە یە کە هەمویان دلسۆزییان بۆ فیشی هەبو ، بەلام من پێم لەسەر ئەوە داگرت کە دەبێ ئەمانە بخەمە ژێر دەستی خۆمان .

کارو چالاکیەکانم لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست بەم شێوەیە بن ،دەبوایە روپێوی کارو چالاکیەکانمان فراوانتر بکەین. بێ ئەوەی سل لە ئەگەرە هەنوکەییەکان بکەینەوە . هەوڵەکانیشمان لەگەڵ هێزەکانی فیشی بەپێی توانا یەکخەین .

خەرتوم یەکەم شارم بو کە لێی نیشتمە وە چونکە ، لەوێوە شەڕەکانی ئەریتیریا و سودان بەرپا بوون کە بە فەرماندەیی جەنەرال بلان دەکران. کە بەهەوڵ وتواناو زیرەکیی ئەم جەنەرالە توانرا هێڵەکانی بەرگریی ئیتالیەکان تێک بشکێنرێن.

هەڵوێست لە جیبۆتی ئەوە بو کە هێشتا هێزەکانی فرانسای کە لەوین لایەنگیری ئێمەیان نەدەکرد .

کارێکی قورس و  نەگونجاو بوو کە بە هێز بیان هێنینە سەر ئەو بڕوایەی لەگەڵمان بن و لایەنگریمان بکەن ، بەڵام ئێمە رێگە چارەیەکی ترمان گرتە بەر ئەویش گەمارۆی دەریامان خستنە سەر چونکە بەم کارە ناچار دەبن دێنە پاڵ ئێمە لەبەر ئەوەی ڕێگەی دەریایی تەنیا رێگەیانە کە لە عەدەن ودورگەی عەرەبی یەوە بۆ هێنانی کەلو پەل پشتی پێ دەبەستن  .

لە 29-30 من بە هاوشانی هێزەکانمان لە ئەریتیریا بوم ، لەوێوە چوم بۆ کیرین ، کە هێزەکانمان توانیبویان شکست بە هێزەکانی ئتاليا بهێنن.

هەر کە گەیشتمە ئەوێ چاوم بە مقدم جنین کەوت کە لە جەزائیرەوە هاتبوو بۆ بەشداری کردن لە شەڕەکانمان ئەوانیش دەردێکیان بە دوژمن دابوو کە با بەدەواری شڕی نە کردبێت ،لەو کاتە دا بوو  فەرماندەی بەتالیۆنی  فەرەنسی رووەو پایتەختی ئەریتیریا هیرشی برد ، توانیان سەرکەوتن بەدەست بهێنن و لە 7ی نیسان بچنە ناو شار وئیتالیەکان لە ناو بەرن ، دواتریش دەستیان بەسەر بەندەرەکە دا گرت و فەرماندەی کەشتی گەلی دەریای سوریان دەستگیرکرد،  ئەم چالاکیە لەسەردەستی سەرهەنگ مونکلار ئەنجام درا ، لە سەرەتای شەڕەکەدا 4000 سەرباز  دەستگیر کران  لە کۆتایی شەڕەکەش دیلەکان ژمارەیان بو بە 10000.

لە 1 ی نیسان فڕۆکە لە قاهیرە نیشتەوە بۆ ئەنجام دانی شەڕی گەرۆک ، بەڵام ئەم گەرۆکە ململانێیەک بو لە نێوان لاواز و بەهێزدا ، دۆخەکەش بۆ بەریتانیەکان بەتایبەتی وبۆ هاوپەیمانان بە گشتی پێویستی بە سەقامگیری هەبو کە ئەویش لە ئارا دا نەبو ،رەوتە سیاسی و سەربازیەکان لە  چاوەروانی تەواو بونی شەڕدابون بۆ ئەوەی هەر یەکە بەشی خۆی لە سەرکەوتن وژێرکەوتنەکانی  دەست کەوێ .

مەترسی و دلەراوکێ کەوتە سەر عێراق ، وتووێژە سەختە  ژێر بەژێرەکانی ئەڵمانیا وفیشی یش لەسەر سوریا دەستی پێ کردبوو ، ناکۆکیەکانی نێوان عەرەب وجولەکە هەڕەشەیەک بوو بۆ کارەکانمان .

بەهەر شێوەیەک بێت لەگەڵ جەنەرال کاترۆ دەربارەی  چونمان سوریا و لبنان  دواین ، بە پێویست مان زانی هێزەکانمان لەم دوو شوێنە بڵاو کەینەوە لەبەر دوو هۆ :

یەکەم –ئەگەر ئەم دوو وڵاتە لایەنگرمان بن ، ئەوا فرانسای ئازاد باشتر دەتوانێ رۆڵی خۆی لە بەرپەچ دانەوەی دوژمن بگێرێ .

دوەم – ئەگەر دوژمن لە شەڕەکە بباتەوە ئەوا هەردوو وڵاتەکە دەخاتە سەر سنوری دەسەڵاتی خۆی ، ئەگەر دۆراندی ئەوا بەریتانیا دەیانخاتە سەر دەسەڵاتی خۆی نەک ئێمە .

بە پشت بەستن بەم دوو تێگەیشتنە بڵاو کردنەوەی دەسەڵاتی فرانسای ئازاد لەم دو وڵاتە بە پێویست دەزانم ، بۆیە دەبێ لە بچوکترین دەرفەت دیمەشق و لوبنان بگرین.

لەکاتی گەیشتنم بۆ قاهیرە بیرۆکەو ئومێدی گرتنی ئەم دو شارە م بە لاواز بینی ، ئەمەش بە پشت بەستن بەو راپۆرتانەی پێمان دەگەیشتن ئاماژەیان بەوە دەدا کە راپەڕین لەم شارانە دژ بە فیشی کارێکی ئەستەمە .

لە گەرمەی ئەم شەپۆلانەدا بە باشم زانی نامەیەک بۆ فیشی بنوسم داوای یەکخستنەوەی هێزەکانی فرانسای لێ بکەم لە ناو یەک بەرەدا بۆ بەرەنگار بونەوەی دوژمن .

هەر واشبو کاترۆ بە بروسکە ئاگاداری( ویگان)ی کردەوە کە بابەت و رەزامەندیەکی ئاوەها لە بەر دەستە ، هەر چەندە من خۆشم لە داوایەکەم بە گومان بوم .

لە 28 ی دیسەمبەری1940 لە ئیزگەوە بۆ هەمو ئەو فرانسایەنە دوام کە ماوەیەکە لێمان دورن و هەر لەگەڵمانن ، ووتم دەبێ بزانن کە بونیان لەگەڵمان هیچ سودێکی کەسیی (شەخسی ) بۆ ئێمە نیە .

جارێکی تر بابەتەکەم دووبارە کردەوە ، لە 4 ی شوباتیش بۆ جەنەرال ریگان م نوسی داوای هاوکاری و کۆکردنەوەی هێزەکانم لێی کرد لە یەک بەرەدا ،بە رونی پێم راگەیان کە رەزامەندی لەسەر داواکەم دەبێتە مایەی هاوکاریمان ، ریز و راست گۆیی خۆشم بۆی نواند .

(جەنەرال کاترو) یش چەندین نامەی بە پشت بەستن بە بۆچونەکانی من بۆ هەر یەک لە گودفرویف و مسیو بیو ئەرلابڤوز و یاریدەدەری جەنەرال فوجیر نارد هەمو یان بۆ هەمان مەبەست وبەهیز کردنی داواکەم بو ، لە ناوەرۆکی نامەکان هانی یەکگرتنی هێزەکانی دەداو سودی ئەم یەکگرتنەی بۆ رون دەکردنەوە.

بەڵام ئەم داوایانەمان هەموی رەت کرانە وە جگە لە رەتکردنەوەش جەنەرال ویگان لە نامەی رەتکردنەوەیدا نوسیبوی ، دەبێ ئەو حوکمەی کە بەسەر دیگۆل دا سەپاوە جێبەجێ بکرێت (حوکمی لە سێدارەدان بو ).

بەم هۆیەوە چونە ناو خاکی سوریا بۆ ئێمە کارێکی قورس بو ، هیچ ئومێدێکم نەما ، بۆیە بەباشمان زانی کە هێزەکانی جەنەرال لیگنتۆن ئامادە بکەین بۆ یارمەتی دانی جەنەرال ویفل لە بەرەی لیبیا.

بۆ مێژوو ئەمانەت دەیلێم کە خەلک بە لێشاو دەهاتنە ریزەوە .لە دوای خۆشیان جوانترین ئاسەواریان جێ دەهێشت لە دیدی خەلکی رۆژهەلاتی ناوەڕاست کە فرانسایان بە مەزنی و شکۆ داری بیستبو .

مسریەکان ریزیان لە پیاوەکانی ئێمە دەگرت سۆزیان بۆ هەبون ئەو پێشوازی و ریزەی لەوانیان دەنا بە پێچەوانەی ریز و پیشوازیی بەریتانیەکان بو ،من خۆم پەیوەندیی باشم لەگەڵ بەرێز میر محمد عەلی هەبو کە ئەوکات سەرۆکی وەزیران بو هەروەها فەرەنسیە نیشتەجێ بوەکانی ئەوێ، لە بازرگان وئەندازیارو کارگەرەکانی تر لە دەورەمان کۆ ببونەوەو خۆشحالی خۆیان بۆمان دەر دەبری .

دوای ئەوەی دو هەفتەم لە میسر وفەلەستین وسودانم بەسەر برد بەرەو برازاڤیل رێگەم گرتە بەر کارم بۆ کۆکردنەوەی هێزە ئاسیایی یەکان کرد ، چونکە لەدەست دەرچونی ئاسیا بۆ ئێمە شکستێکی مەزن و شکانی هێلەکانی بەرگریمان بو، بە پێچەوانەوەش ئەوا دەتوانین لە وێوە بەرەو هەمو شوێنێک دەرچین .

دواتر بەرەو دوالا و یاوند وفایا و فادا و بون نوا و لیبرفیل وبورجنتی فورلامی وموسورو گەلێ شوێنی تر رۆیشتم مەبەستیش لەم گەرانەم دا دەربرینی نیاز پاکی ودلسۆزیم بو بۆ ئەفسەرەکان .

کۆتایی مانگی نیسان بو لەوە گەیشتم کە رۆژهەلاتی خوارو ئەو بنکەیەیە کە دەبێ پرۆسەکانمان لە وێوە دەست پێبکەین ،

هەر واشبو هێرشەکانی دوژمن لە ناوچەی دەریای سپیی ناوەڕاست دەستیان پێکرد ،لە 24 ی نیسان دوژمن توانیی بەسەر هێزەکانی بەرگریی ئینگلیز ویۆنانیەکاندا زاڵ بێ ، یوگسلاڤیەکانیش سەریان بۆ دانەواند..وا دیار بو کە ئەڵمانیەکان کەنارەکانی یۆنانیان بۆ هێرش کردنە سەر سوریا بەکار دەهێنن، بۆ ئەوەی بیکەن بە بنکەیەکی فڕۆکەوانی ، چەند فڕۆکەو هێزێکی ئاسمانی بۆ ئەوێ بگوازنەوەو لە وێشەوە پەلاماری سویس و پورسعید و دەورو بەری بدەن .

هەر وەکو مەزندەم دەکرد پیاوە ئازاکانمان لە ئەفسەرو سەربازەکان لە سوریاو لوبنان بەرگریەکی پالەوانانەیان دەکرد ، بۆیە کارم بۆ هاوکاریی ئەوان کرد ، داوام لە تیپی جەنەرال لیگنتۆن کرد کە بەرەو دمشق بەرێ کەوێ هەروەها (کاترو)ش خۆی بۆ ئامادە کرد ، بەڵام بەریتانیەکان ئەم نەخشەیان رەت کردەوە چونکە جەنەرال ویفل لەشەڕەکان ماندو ببو ، نەیدەویست چیتر گرفت بۆ هیزەکانی دروست بکات بە پاساوی ئەوەی کە جەنەرال دانز دەتوانێ بەرگریی دوژمن بکات لە هێرشەکانی بۆ سەر سوریا .

تا دەهات زیاتر بڕوام بە وە هەبو کە بۆ هێرشەکانمان هەردەبێ پشت بە رۆژهەلاتی خوارو ببەستین بەڵام بەم بیرۆکەیەم هاوپەیمانان لێم دور دەکەوتنەوە ، بۆیە دوای ئەوەی بۆم دەرکەوت کە بونی جەنەرال کاترو لە میسر بێ سودە ،نامە یەکم بۆ لەندەن نوسی کە جەنەرال کاترو لە میسرەوە بانگێشت کەم .

مستەرئیدن چەند جارێک نامەی رەزامەندی ونەرمی نواندنی کێشانی بۆ نوسیم ،لە وەڵامەکانم دلخۆشی و خۆراگری ئەوم دەربڕی ، بەتایبەت دوای ئەوەی هەواڵی دانیشتنی هتلەر ودارلانم بیست کە لە برختسفاد دانیشتبون بە پێی رێکەوتنەکە رێگە بە فڕۆکەکانی ئەڵمانی درابو کە لە بنکەی حەلەب و سوریا بنیشنەوە .

لەو کاتە روداوەکانی عێراق گرفتیان بۆ بەریتانیەکان دروست دەکرد ، شۆڕشی رەشید عالی گەیلانی هەلگیرسابو ، توانیبویان لە چەند شوێنێک بنکەی هێزە ئاسمانیەکانیان گەمارۆ بدەن دواتر فڕۆکەکانی ئەڵمانیا لە 12 ی مایۆ گەیشتنە دمشق بۆ ئەوەی لە وێشەوە بچنە بغداد ، حکومەتی فیشی لە مەرزەکانی سوریاوە لە نزیک کرچوک هەندێک ئامێرو تفاقی

سەربازیی گەیاندبوە ئەویٚ تا لەوێشەوە بیان گەیەنێتە بەغدا بۆ هاوکاری کردنی رەشید عالی گەیلانی.

لە 26 ی ئایار خۆم سەرپەرشتیی هێزەکانی خۆمانم کرد بۆ رێکخستنەوەیان لە قستینە ، هەر لەوێش هەندێک مەدالیام بەسەر شایستەکاندا دابەش کرد ،ئەوەی ئەو کات هێزەکانمانی توشی ئالۆزی کردبو هەروەها منیش لەگەڵیان ، ئەوە بو کە دەبوایە فەرەنسیەکان شەڕی براکانیان بکەن ئەمە کارێکی تا بڵێی قورس بو بۆیان بەڵام دەبوایە هەر بچینە ناو سوریا ولوبنانەوە .

هەر واشبو لە 8 ی حزیران هێزەکانی فرانسای ئازاد بە یاوەری هێزەکانی بەریتانیا بەرەو ئامانج هەنگاویان نا ، ئەو فەرمانانەی بە هێزی هاوبەشمان دابون بە فەرماندایەتی ویفل وکاترو ئەوە بو کە تەقە لە کەس نەکەن هەر ئەو رێنمایانەش بون لەو ئیزگە بڵاو مان کردنەوە کە لە فەلەستین دامان نابو ، بۆ ئەوەی لەگەڵ براکانمان روبەرو نە بینەوە .

ئەمەو لە هەمان کاتیشدا ئامادە باشیمان هەبو لە بەرپەرچ دانەوەی هەر هێرشێک کە لە وڵاتانی تەوەری ئەفریکاوە بۆمان بکرێت، بەتایبەت دوای ئەوەی بۆمان رون بۆوە ئەو رێککەوتنەی نێوان هیتلەر ودارالان رێگە بە فڕۆکەکانی ئەڵمانی دەدات لە دیمەشق بنیشنەوە .

دەبوایە بتوانین سۆزی دانیشتوانی نیجر وتوجلاند و داهومی بەرا نبەر بەم رێگە پێدانە بجولێنین ، بۆیە لارمینا نەخشەی داگیر کردنی ئەم وڵاتەی دارشت ، ئەمە ش دوای ئەو ئاماژەیە هات کە من پێم داو بەریتانیەکانیش لە رێگەی نامەی مستر ئایدنەوە بۆ هاوکاری کردنمان ئامادەیی خۆیان دەربڕی.

بارو دۆخی دەولی و روانینی هەردو گەلی سوری ولوبنانی وای خواست کە بەیەکەوە کارێک بکەین کە سەربەخۆیی وسەروەری وڵاتەکەیان بپارێزین.

هەر چەندە پێشتر بڕیاری ئەوەمان دابو کە ئینتداب یان لەسەر دابنێین بەڵام ناچار بوین کە سیستەمی ئینتداب هەلوەشێنینەوەو فرانسای ئازاد سەربەخۆیی ئەم وڵاتانە رابگەیەنیٚ

، چەند ڕێککەوتن وپەیماننامەیەک یان لەگەڵ مۆر بکات بە شێوەیەکی کاتی تا ئەو کاتەی شەڕ تەواو دەبێ ئەو سا بە سەربەخۆیی بمێننەوە .

چونکە هێزەکانی بەریتانیا لەروی چەندایەتی و چۆنایەتی لە ئێمە زیاتر بون دەبوایە ئێمە لەژێر فەرماندەی ئەواندا بین ،دژی دوژمنە هاو بەشەکەمان .

بەڵام بەریتانیەکان لەمە زیادەڕۆییان دەکرد هەوڵی ئەوەیان دەدا کە دەست بەسەر هەمو رۆژهەلاتی ناوەڕاست دا بگرن و لە ژێریشەوە کۆنترۆلی دیمەشق و بەیروت بکەن ، بێ ئەوەی هیچ رۆلێک بە ئێمە بدەن .

بەرامبەر بەم دیاردەیە ویستم هەڵوێستێکی توند وەرگرم .

ئەو رۆژەی بە رێککەوت لەگەڵ بەریتانیەکان بەرەو سوریا هەنگاومان نا دیم ئەوان دەستبەرداری بیرۆکەکە نابن ، تەنها لە ژێر مەرج دا نەبێ :

یەکەم – ئەو راگەیاندنەی بەناوی فرانسای ئازاد رادەگەیەندرێ کە تیایدا ئاماژە بە سەربەخۆیی سوریاو لوبنان دەدات ، دەبێ ناوی بەریتانیاشی تیابێ .

دوەم – یا بەریتانیا وەکودەستەبەر( کفیل) ی فرانسا ی ئازاد دابنرێت ، لەم راگەیاندنە، چونکە ئەوە وای نیشان دەدا کە بەریتانیا سەرەڕای ئەو هەمو گرفتانەی کە دروستیان دەکات بە ئاشتیخواز نیشان دەدرێ.

شتێکی سروشتی بو ئەم دو مەرجە رەت کەمەوە ،بە پاساوی ئەوەی مەسەلەی دەسەڵات گێریی فرانسا مەسەلەیەکی ناوخۆییە ، بۆ هیچ وڵاتێکی بیگانە نیە بمان خاتە ئەم جۆرە هەڵوێستانە .

هەر چۆنێکی بێت هێزەکانمان لە چونەپێش بەردەوام بون لەگەڵ ئەوەی لە رۆژی نۆزدەم دا چەند گرفتێکیان لە لیتانی بۆ دروست بو ، لە رۆژی دوازدەمیش لە ناوچەی کسوە لە نزیک قنەیترە و لە رۆژی پانزەم و شازدەم لە شاری ئەزرع ، هەستم بە ئازار دەکرد کاتێک دەم بینی سەربازەکانمان لە پێناو پاراستنی سەروەریی فرانسا روبەرو لەگەڵ براکانیان سەربازانی فیشی یەخەی یەکتریان گرتبوو دەجەنگان وزیانیان لێدەدان .

سەرباری زیانی زۆر بەڵام دەبوایە بەردەوام بین لە شەڕو شالاوەکانمان .

گۆرانێک رویدا کە لە ئارادانە بو ، ئەویش هەستم بەوە کرد کە دانز دەیەوێ سنورێک بۆ ئەم شەڕە دابنێ ، بە دەربڕینی ئامادەیی خۆی بۆ دانوستان.

ئەوەی شیاوی باسە کۆمەکەکان نەدەگەیشتنە فیشی، ئەڵمانیەکان پەلەیان لە یارمەتی دان نەدەکرد بەڵکو بە پێچەوانەوە کاریان بۆ کێشانەوەی فڕۆکەکانیان دەکرد لە بەندەرەکانی سوریاوە ،تورکیاش رێگەی بە سەربازانی حکومەتی فیشی نەدا کە بۆ هاوکاریی سەربازەکانیان بگەنە سوریا بە رێگەی تورکیاوە،بینو میشان لە هەوڵەکانی بۆ وەرگرتنی رەزامەندی لە کاربەدەستانی تورک سەرکەوتو نەبو .

تەنها ئەو کۆمەکە بێباوکە نەبێ کە لە باکوری ئەفریکاوە فیشی ناردی ، بریتی بو لە سربێک لە فڕۆکە ی شەڕکەر.

ئەم سەرکەوتنانەمان بە هەوەنتە نە هاتبونە دی بەڵکو لە ئەنجامی هێرشەکانی ئەڵمانیا بۆ سەر روسیا بو کە لە 22 ی حوزەیران دەستی پێ کردبو.

لە 21 ی حوزەیران هێزەکانمان چونە ناو دیمەشق، کە گەیشتمە دیمەشق دەبوایە کارم بۆ ئەوە بکردبا کە هێزەکانمان لە ژێر فەرماندەی ئێمە بن ، هەر چەندە فرانسا روخابو بەڵام پەیوەندیم بە کەسایەتی و ناودارانی دیمەشقەوە کرد ولەگەڵیان کۆبومەوە گەیاندمنە ئەو بڕوایە کە هاوکاریمان بکەن ، لە ئەنجامدا بڕواو هاوکاریی خۆیان بۆ دەرخستین و دانیان بە ئێمەدا نا.

دەستم بە پێکهێنانی دەزگا حکومیەکان کرد (کوترۆ)ش کاری بۆسەلامەتیی بارو دۆخی خۆراک وتەندروستی کرد.

لە 20 ی حوزەیران لیگنتون گەیشتە نبک و داگیری کرد لە وێشەوە بەرەو حمس و حلب هەنگاوی نا ، کە لە فراتی عێراقەوە دەرچوبو .

لە 9و10 ی تەموز بەریتانیەکانیش لە کەنارەکانی لبنانەوە بەرەو ناوەوەی لوبنان هێرشیان برد تا گەیشتنە جزین لە خواروی بەیروت .

بەم شێوەیە دەبوایە حکومەتی فیشی دانوستاندن بکات ، هەرواش بو لەسەرئەوە رێککەوتن کە شوێنی دانیشتنەکان لە کەنیسەی قەدیس یوحەنا بێ لە عەکا .

دانوستاندنەکان بۆ ماوەی سێ رۆژ لە نێوان بەریتانیا و حکومەتی فیشی بەردەوام بون.

ئەنجامەکانیش وەکو نەخشە دارێژراوەکانی بەریتانیا هاتن ،بە پێچەوانەی هەوڵ وکۆششەکانی فرانسا ،لە رێککەوتنەکە هاتبو کە سوریاو لبنان لە ژێر دەستی بەریتانیا بن بێ ئەوەی بە هیچ شێوەیەک ناوی فرانسای ئازاد بێت .

دیسان هاتبو کە هەمو هێزەکانی فرانسا بۆ وڵاتی خۆیان پاشەکشە بکەن بۆ ئەوەی رێگە لە دیگۆل بگیرێت و خۆی بە هێز نەکات ،دیسان هاتبو ئەو کەلو پەل وخۆراکەی بەر دەستی هێزەکانی فیشی داهەن بکەونە ژێر دەستی هێزەکانی بەریتانیا بۆ ئەوەی هێزەکانی فرانسای ئازاد سودیان لێ وەرنەگرێ.

ئاسایی بو کە بەهەمو شێوەیەک ئەم رێککەوتنە رەت بکەینەوە ، هەرواشمان کرد سەرتاپای رێککەوتنەکەی عەکامان رەت کردەوەو بە توندیش ئاگاداری بەریتانیامان کردەوە ، راشمان گەیاند کە کاری پێ ناکەین .

بۆ کابتن لیتلتونم رون کردەوە کە هەرگیز رێگە بەمە نادەین سوریاو لبنان لە ژێر دەستی فرانسا دەربهینن و بخەنە ژێر دەستی بەریتانیا ، ئەم کارەتان هاوپەیمانێتیەکەمان دەخاتە مەترسی ، ئامادەشین بۆ هەر ئەنجامێک کە لەم کارە دەکەوێتەوە، ئەگەر بەوە رازیببین کە لە روی سەربازیەوە لە ژێر فەرماندەی بەریتانیا بین ، بەڵام لەروەکانی تر دەبێ رای تایبەتیی خۆمان هەبێ.

کاتێک وەزیر منی بەم شێوە رەقیەوە بینی داوای کاتی لێ کردم بۆبیر کردنەوە .

ئیتر لە ئێوارەی هەمان رۆژ وەزیر لیتلتۆن پەیوەندیی پێوەکردم وپێی راگەیاندم کە هەوڵەکانم بەرهەم دار بون، ئەمە لەو یاداشتەوە هاتبو کە رۆژی دواتر بۆی ناردم واتە لە 25 ی تەموز، لە یاداشتەکەدا هاتبو ماف بە فرانسای ئازاد دەدات لە سەرپەرشتی کردنی سوریا ولبنان ، بەریتانیا هەرگیز نایەوێ ئەم مافە ببەزێنێ ، ئەوەی بەریتانیا لەم دو

وڵاتەی گەرەکە تەنها بردنەوەی شەڕە ، ئەمەو یاداشتەکە ئامازەشی بەوە کرد بو کە بەریتانیا هەرگیز خۆی هەڵناقورتێنتە ناو کارە سیاسی وئیداریەکانی ئەم دوو وڵاتە .

لە هەمان رۆژ قاهیرەم جێهێشت روەو بەیروت ودیمەشق رێ کەوتم .

گەیشتمە دیمەشق لەوێ لە هەمو پێکهاتەو توێژێک پێشوازیان لێ کردم بە ئامادە بونی گەلێک لە پیاوەکانمان کە لەوێ بون ، ئەو پێشوازیەگەرمەی لێیان کردم هانی ئەوەی دام کە لە دانیشگای دیمەشق گوتارێک بدەم تێی دا هەڵوێستمان لە مەر دەست بەسەر گرتنی رۆژهەلاتی ناوەڕاست رون کەمەوە.

لە 24 ی تەموز گەیشتمە بەیروت، بە هتافی پیا هەلدان بەسەر فرانسای ئازاد وچەپلە رێزان لەلایەن خەلکی ئەوێ وسەربازە کانمان پێشوازی کرام.

لەگەڵ سەرۆکی حکومەت ئەلفرێد نقاش لە سەرای کۆبومەوە ، دواتر بەرەو سەرای مەزن بەرێ کەوتم بۆ دیدەنی ئەو سەربازە فەرەنسیانەی دلسۆزی خۆیان بۆ فیشی راگەیاند بو ، بەڵام بە هۆی سیاسەتی دیفاکتۆی پیادەکراوی حکومەتی فرانسای ئازاد توانرا سۆز و دلسۆزی ئەوان بۆ خۆمان رابکێشین وسود لە توانایان وەرگرین ولەگەڵ برا کانیان لە سەربازانی فرانسای ئازاد بە هاوشانی ئێمە بەشداری لە رزگار کردنی وڵات بکەن .

هەر ئەوەندەمان بینی کە نیشانەکانی خۆشی و ئومێدمان لێ رمان ، لە جیاتی خۆشی هەورێکی رەش شوێنی گرتەوە، ئەویش بە پەردە هەلمالین لەسەر گەمەکانی بەریتانیا .ئەو کاتەی لەگەڵ لیتلتۆن پێکهاتبوین لەسەر دەسەڵاتەکانی بەریتانیا لە فرانسای ئازاد ، بینیم کە دانز بە ئەنقەست هێزەکانی خۆی لە تەرابلس ئفلیج کرد وەکو خۆئامادەکردنێک بۆ بارکردن بە پشتی ئەو کەشتیانەی کە لە مرسیلیاوە دێن .

ئەم هێزانەش سەر بە فیشی بون بە فەرماندایەتیی دنز نەیان دەتوانی هیچ لەیەک تێگەیشتنێک لەگەڵ هێزەکانی فرانسای ئازاد بکەن ، بەتایبەت بەهۆی شکستەوە هەستیان بە شەڕمەزاری دەکرد حەزیان لەم شێوە مانەوەیە نەبو ، گەرانەوە بۆ وڵاتیان لا پەسند تر بو ، دیارە ئەمە ش بۆ ئیمە ئومێد برینی دەرفەتی وتووێژ بو .

به م شێوەیەی کە بینیمان هێزەکان پاشەکشە دەکەن بۆمان رون بۆوە کە ئەو رێککەوتنەی نێوان من ولیتلتۆن تەنها مەرەکەبی سەر کاغەزە، پەیمانەکانی بە دەستوەرنەدان بە کاروباری ئێمەوە هەموی بێ بنەما دەرچون ، ئەم ریککەوتنەشی بۆ شاردنەوەی مەرامەکانی بو .

ئەم رەفتارانەی بۆ بەرژەوەندیە تایبەتیەکان بو ئەمە یەکەم ، دوەمیش بۆ هاشمیەکان بو.

هەلسو کەوتی بەریتانیەکان لە گەل مقدم رینیە وەک کەسێکی گومان لێکراو بوو،کە رێگربوو لە رێکخستنەوەی هێزی سوریە و ئاشوری و کلدانیەکان بەبێی ئەم رێک بخەنەوە .

لە تدمریش جەنەرال گلوب خەریکی ئەوە بو کە کۆچەرەکان بخاتەوە ژێر رکێفی ئەمیر عبداللە،جولەو چالاکیی کرێگرتەکان لە ناوچەکانی حوران وحلب ولاتی عەلەویەکان لە هەلکشاندا بو ، بۆ ئەوەی ناوچەکە بخەنە ژێر دەسەلاتی ئەمیر عبداللەو باجەکانی پێ بدەن.

بارودۆخەکانی ناوچەی چیای دروز بە هۆی هەندێک روداوەوە ئەوەیان دەرخست کە نیازی بەریتانیەکان ئاشکرا بکەن ،ئەویش بەتالیۆنێکی بەریتانی دەستی گرت بەسەر ناوچەی چیای دروز و ئالای فرانسایان دابەزاندو ئالای بەریتانیایان لە شوین هەلدا ، بارەگای فەرەنسیشیان کرد بە بارەگای بەریتانیەکان سپارد .

لە ئەنجامی ئەم رەفتارانە دەبوایە لەبەردەم ئەم کارانە بوەستین ، جەنەرال کاترو بروسکەیەکی بۆ عەقید مونکلار نارد ،فەرمانی پێدا کە رۆژی 29 ی تەموز هەنگاو بەرەو سویدا بنێ و بیگرێ ، ئالای فرانساشی لێ بەرز کاتەوە .

هەر کە ویلسۆن بەمەی زانی ، داوای لێ کردم ئەم لەشکر کێشیەی مونکلار بوەستێنم ، منیش وەلامم دایەوە :

مونکلار خۆی ئێستا لەو شوێنەیە کە باسی لێ دەکەیت ،دەبی لەگەڵ ئەو رێک بکەویت، یا لەگەڵ جەنەرال کاترۆ .

لەو کاتەدا جەنەرال مونکلار گەیشتبوە سویدا فەرماندەی ئینگلیز پێی راگەیاندبو ئەگەر هیچ چارە نیە بۆ گەرانەوەتان ئەوا هێزەکانمان ئامادەن شەڕ بکەن ، لەگەڵ ئەمەش مونکلار

توانیی ئامانجەکانی بپێکێ ،لە ئاهەنگێکی سەرکەوتن دا ئالای فرانسای بەرز کردەوەو هەمو هێزەکانی دروزی بە فەرماندەی ئەفسەرێکی فەرەنسی سپارد، هەر چەند رۆژێکی نەبر کە هێزەکانی بریتانیا ئەوێیان جێ هێشت.
هێشتا ئاسەواری ئەم کێشەیە لە ئارادابو کە کێشەیەکی تر هاتە مەیدان،ویلسۆن حوکمی عورفیی لە ولآت راگەیاند بۆ ئەوەی خۆی لە حوکم رانی دەستی والا بێ .
ئاگادارمان کردەوە وتمان ئەگەر لەم کارەی بەردەوام بێ ئەوا ئێمە دژی دەوەستین و پەیوەندیەکانمان دە پچرێنین، پرۆپاگەندەی ئەوەیان بەردەوام بو کە مافی ئەوەیان هەیە دەست لە کاروبارمان وەربدەن.
لە بەرامبەر ئەم دۆخە نالەبارە هەمو رێگەکانی گفتوگۆمان بە داخراوی دەبینی ( ئاشتیەک کە نەتوانێ پاراستنی تیا مسۆگەر بکەیت دەبێتە خۆ وەدەست دان) لەم روانگەیەوە بروسکەیەکم بۆ مستر ئایدن نارد :
دەست تێوەردانی بەریتانیەکان لە کاروبارمان دۆخەکە بەرەو ئالۆزتر دەبات ، ئەگەر ئەوان وا تێگەیشتون بەم کارەیان دەتوانن دەست بەسەر ولآت دا بگرن ئەوا خەراپ بونی رەوشەکە زیاتر لە ئارادایە ،چونکە بەم کارەیان توشی ململانێییەکی توند دەبنەوە، ئەمەش کارێکی خەراپە.
لە 7 ی ئاب بەرێز لیتلتۆن گەیشتە بەیروت بۆ دیدەنیم وقسەکردن لەسەر ئەو خالانەی کە بونەتە گرفت لە نێوانمان .
رای خۆی بەراشکاوی دەربڕی وتی:
گیرو گرفتەکان لە ئەنجامی ئەوە دروست دەبن ، بەهۆی لاوازیی هۆکاری گەیاندن رێنماکان بە درەنگ وەخت دەگەنە دەستمان ، دەبێ سنورێک بۆ لەیەک تێنەگەیشتنمان دابنرێ.
بۆیم رون کردەوە کە بە وتەی ویلسۆن گوایە دەست بەسەرداگرتنی رۆژهەلاتی ناوەڕاست لە ستراتیجیەتەکانی بەریتانیایە ، ئەمە راست نیە ،بەتایبەت کە دوژمن هێشتا گەلێک لەم ناوچەیە دورە ، ئەگەر بیریش لە خۆئامادەکاریەک دەکەنەوە بۆ هێرشێکی کتوپری دوژمن ،

ئەوا دەبێ بەرگریەکی هاوبەش دابمەزرێنین ، نەک بە کارێکی وا تاکرەوی ،کە نیازی دەستگرتن بە سەر مومتەلەکاتی یەکتری لێ بەدی دەکرێ .

بەر لە گەرانەوەی بۆ قاهیرە ، بەسەر ئەم قەیرانەشدا زاڵ بوین ،بەوەی بەرێز ی (لیتلتون) جەختی لەسەر پاراستنی بەرژەوەندیە کانی فرانسای ئازاد کردەوە .

لەو رۆژەوە کارەکان بە ئاراستەیەکی راست رۆیشتن ،لارمینا لەگەڵ هێزەکانی فیشی کەوتە گفتوگۆ وەکو هەولێک تا لەگەڵ هێزەکانی فرانسای ئازاد یەک بگرنەوە ، کاترۆش توانیی چاوپێکەوتن لەگەڵ چەندین لەو فەرمانبەرانە بکات کە مانەوەیان لە گەرانەوە پێ باشتر بو، منیش خۆم چەند سەردانێکم ئەنجام دان .

ژمارەی ئەوانەی توانیمان بیان هێنینە ریزی خۆمان گەیشتە 127 ئەفسەر و6هەزار سەرباز لەو تیپانەی لە سوریاو لبنان بون، لەگەڵ ئەو تیپە تازە دامەزراوانەی سوری ولبنانی کە ژمارەیان دەگەیشتنە 290 ئەفسەرو 14 هەزار سەرباز.

ئەمەو ناکرێ چاو پۆشی لە و 25 هەزار سەربازەمان بکەین کە بۆیان نەکرا بگەرێنەوە و ئێمەش لەتوانامان دا نەبورازیان کەین تا بێنە ریزمان.

بە زەروری دەزانم ئاماژە بەو پێشوازیە گەرم و گورە بکەم کە لەلایەن خەلکی ئەم وڵاتانەوە کراین ،ئێمەش لە پاداشتی ئەمە بە باشمان زانی هەمو هەولێکمان بۆ ئەوە بخەینە گەر تا سەربەخۆییان پێ ببەخشین ، ئەوە بو لە هەندێک بواری وەک گومرگ ، بەرگری ، هەندێک بەرژەوەندیی گشتی یان ئازاد کەین.

بارو دۆخەکان لە سوریا بەرەو تێک چون دەچون چونکە پاریس ئامادە نەبو دان بە رێککەوتننامەکەی تەموزی 1936 و حوزەیرانی 1939 بنێ ، بۆیە هاشم الاتاسی لەسەر کار لابردرا ، ئەنجومەنی نوێنەرانی سوریا ش هەلوەشایەوە ، ئەو کاتەی ئێمە چوینە ناو سوریا خالد العظم سەرۆکی حکومەت بو .

بە پێی توانا هەوڵی ئەوەم دا کە کارەکان بە گەرێنمەوە ئاراستەیەکی دروست ،بۆ ئەم مەبەستەم هەریەک لە سەرۆک هاشم الاتاسی وبەرێز جمیل مردم بگ سەرۆکی وەزیرانی

ئەوسا و بەرێز فارس الخوری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران هاوکاریان کردم کە وەکو سەرەتایەک گفتوگۆبکەین.

پێداگیریەکەیان بۆ ئەنجام دانی ئومێد وئاواتی میلەتەکەیان وایان لێکردین پەیوەندیان لەگەڵ نە پچڕێنین ، بۆ ئەم ئەرکە جەنەرال کاترو مان سەربەست کرد لەگەڵیان دابنیشێ بە مەرجێ مافەکانی فرانسا بپارێزێ.

لە لبنان کارەکان ئاسان تر بون ، سەرۆکی کۆمار (ئەمیل ئادە) ماوەی 3 مانگ بو دەستی لە کار کێشابۆوە ،بۆ ئەم مەبەستە ئێمە گەراینەوە بەیروت ، هێشتا کەسێکی تریان دەست نیشان نەکردبو، سەرەڕای ئەمەش ماوەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەران تەواو ببو.

بۆ پر کردنەوەی ئەم بۆشاییە دەستور رێگرمان بو ، بەڵام پیاوێکمان لێ دەرکەوت چارەسەریی ئەمەی بۆ کردین ، ئەویش شێخ بشارە الخوری بوو پیاوێکی بە تواناو شارەزا بو ووتی :

ئەمیل ئادە پێشتر پۆستی سەرۆکایەتیی وەرگرت بوو ئێستاش نۆرەی ئێمەیە .

لە گەل دەرکەوتنی بشارە ی ،سەرکردەی موسلمانی بێ رکابەر ریاض الصلح یش دەرکەوت ، ئەم توانیی دروشمی نەتەوەی عەرەب لە مزگەوتەکان بەرزکاتەوە و کار بۆ یەکبونیان بکات .

ئەوکاتە شەڕەکان لە سەرسنوری لیبیا - میسر گیرسابونەوە ئەمە لە کاتێک دایە کە شەڕەکان لە بەلتیقەوە تا دەریای رەش لە ئەوروپا، گرتبۆوە ، ئەڵمانیەکان لە روسیا سەرکەوتنیان وەدەست دەهێنا بو، بەرگریی روسەکان لەو پەڕی گەرمی دابو،سیاسەت و ستراتیجیەتی دۆخەکان گۆرا نیان تێکەوتن.

ئەمەریکا درکی بەوە کرد کە کاتەکە لەبارە بۆئەوەی کارێکی وابکات کۆتایی بە شەڕەکان بهێنێ بەتایبەت کە ژاپۆن نیازی وابو بە کارێکی هەلسێ بۆ سوککردنەوەی فشارەکانی ئەمەریکا لەسەر ئەوروپاو ئەفریکا ، منیش بەباشم زانی پەیوەندی بە مۆسکۆو واشنتۆنەوە بکەم بۆ بایەخ دان بە رۆلی هێزەکانی فرانسا ،بۆ ئەم مەبەستە لەمانگی ئەیلول گەیشتمە لەندەن ، لەوێ هەستم بە خەتەرناکی ئەم بیرۆکەیەم کرد ، بەڵام دەم ووت : ئێمە لە

سەرکەوتن نزیک دەبینەوە بەتایبەت کە بەریتانیاش بە هاوکاریی هێزەکانی فرانسای ئازاد بنکەکانی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست داکوتاوە ، ئەڵمانیاش بە هۆی چونە ناو قولایی روسیاوە هێزەکانی پەرتەوازە یە کەواتە کات بۆ بیرۆکەکەم لەبارە.

* * *

## چۆن لەگەڵ هاوپەیمانان دەست بە کار کرا ؟

--------------------------------

هیشتا ئەستێرەی فرانسای ئازاد ئەوەندە درەوشاوە نەبو، تا ببێتە جێی سەرنجی دونیا ، بەهۆی سوکایەتی وفرمێسک رشتن وشکستەکانی ، بۆیە بە پێویست و ئەرکی خۆمم زانی، بیکەمە ولاتێکی خاوەن شکۆ و ئەرک و ماف لەسەر شانۆی سیاسیدا ، ئەمە لەگەڵ جەخت وپێداگرتنم لە سازش نەکردن لەسەر مافە رەواکانی فرانسا ،بۆ گەیشتن بەم ئامانجە دەبوایە گفتوگۆ لەگەڵ واشنتۆن وموسکۆ ولندن بکەم .

ئەوەی لامان رون بو ، ئەمەریکا دۆزی ئێمەی پشتگوێ خستبو بۆ ئەم مەسەلانەش لەگەڵ فیشی دەدوا ، لە کاتێکا رای گشتیی ئەمەریکا ریزو ستایشی بۆ ئێمە هەبو.

لەگەڵ ئەمەش دەم زانی بۆ ئەم مەسەلەیە گفتوگۆ لەگەڵ ئەمەریکا کارێکی سەختە ، بەتایبەت هەڵوێستی رۆزفلت لە مەر ئێمە بارو دۆخەکەی توند تر کردبو . وای کردبو لێی بێ ئومێد ببوین، هەر چەندە من تا ئێستا لەگەڵی دانەنیشتوم.

هەرچۆنێکی بێ هەوڵی ئەوەم دا کە هیچ پێکدادانێک لەگەڵ ئەمەریکا رونەدات تا ئەویش لە دژمان نەکەوێتە شەڕ.

ئەوەی راستی بێ من بۆ گفتو گۆکان هیچ مەرجێکم بۆ ئەمەریکا نەبو ئەوەی لای من گرنگ بو وەرگرتنی دانپێدا نانی ئەمەریکا بو بە ئێمە ،کارەکان وایان دەرخست کە رۆزفلت دەیەوێ وتەکانی ئەم (رۆزفلت)ببنە یاسای جیهانی ، ئەم لە روانگەی فرە دەرامەت وئومێدە مەزنەکانی هەنگاوی دەنا ، لە ئەنجامدا ئەمەم بۆم دەرکەوت کە سەربەخۆیی ئێمە کارێکی پر خەتەرناکیە ،بۆیە بە چاکم زانی چەند رێنمایی یەکی زانستی بۆ گفتوگۆکانمان دارێژم .

داوام لە بلیڤان کرد کە لە پەیوەندیەکی بەردەوام دا بێ لەگەڵ دەرەوەی ئەمەریکا و کار بۆ هاوکاریەکانی یەکتر بکەن لە بواری ئابوری وداهات و کەلوپەلی خۆراک دا،داواشمان لە ئەمەریکا کرد،بنکەی ئاسمانی لە ناوچەکانمان دابنێ ،لە کامیرۆن وچاد وکۆنگۆ کە بە هێلی

بەرگری لە گەل دوژمن دەناسرێن ، دیسان هاوکاریمان کردن لە دورگەکانی دەریای هێمن بۆ خۆپاراستن لە ژاپۆنی دوژمن.

ئەو کاتەی نیشانەکانی شەڕ دەرکەوتن ، ئەمەریکا زیاتر گرنگیی بە ئێمە دەدا ئەوە بو مستر کۆرۆل رایگەیاند ، لە نێوان ئەمەریکاو فرانسای ئازاد چەند بەرژەوەندیەکی هاوبەش هەن ئەمە لە مانگی سەپتمبەر بو.

لە 16 ی نۆڤەمبەر رۆزفلت ی سەرۆکی ئەمەریکا بە فەرمی رایگەیاند کە فرانسای ئازاد دەچێتە ناو لستی بەکرێدان و پێدانەوە ، بە پشت بەستن بەدەستەواژەی (بەرگریکردن لە ناوچەکانی سەر بە ئێمە، بەرگری کردنە لە ئەمەریکا ).

بەڵام کارەکان هەندێک تەگەرەیان تێ کەوتن .

لە 7 ی دێسەمبەر هێرشەکەی سەر بەندەری لوئ لوئ وا پێویستی کرد کە ئەمەریکا بکەوێتە شەڕ ...لە مانگی جەنیوەری کۆمەلەی نەتەوە یەکگرتوەکان دامەزرا ، 26 وڵات ئیمزای لەسەر کرد ،ناوی فرانسای تیا نەبو .

دەبوایە کارێکی کاریگەر بکەین ، ئەم کارە لە ئەنجامی ئەوە کرابو کە هەردو دورگەی سانبیرۆ، میکیلۆن مان خستبوە سەر مەملەکەتی خۆمان.

کارێکی نارەحەت بو کە رێگە بدەین ئەم دوو دورگەیە بکە ونە سەر وڵاتی فیشی ،لەکاتێکا دانیشتوانی ئەم دوو دورگەیە خۆیان داوای ئێمەیان دەکرد ...بەریتانیا ئەم کارەی پێ خۆش بو بۆئەوەی دوای وەرگرتنی رەزامەندی لە ئەمەریکا ئەم دەستی بەسەردا بگرێ ، دوای ئەوەی نەیتوانی ئەم رەزامەندیە وەدەست بهێنێ پشتگیریی لە نەخشەی ئێمە کرد .

جێبەجی کردنی ئەم فەرمانەم بە ئەمیرال مۆزەلیە سپاردو منیش هاوکاریم کرد ، ئەوکات ئەمیرال موزەلیە بۆ کاری پەیداکردنی چەند کەشتی یەکی شەڕکەر، لە کەنەدا بو.

کاتێک موزیلیە لە کاری پەیداکردن وکۆکردنەوەی کەشتیەکان تەواو بو ، داوام لێی کرد کە لە دورگە کانی ناوبراو بنیشێتەوە.

ئەمیرال موزیلیە بێ ئەوەی یەک تەقەش بکرێت چوە ناو دورگەکان ، بە گەیشتنی ، گەنجەکان دەورەیان داو پێشوازیەکی گەرمیان لێ کرد ،چەند تیپێکی گەنجانیان دامەزراند بۆ پاراستنی سەربازە کانی فرانسای ئازاد و ئەوانەی لەگەڵیان دان.

بۆ ئەم گۆرانە نوێیە ،پێشبینی ئەوەمان دەکرد کە ئەمەریکا نارەزایی دەرببرێ ، ئەوەبو هەرەشە لە دوای هەرەشەی دەر دەکرد بە گوتەی ئەم ، ئەمە زیادە رۆییە لەسەر مافەکانی ئەمەریکا ، بۆئەم کارە دەبوایە رەزامەندی ئەمەریکا وەربگیرێ.

بەڵام ئێمە گوێمان بەم هەرەشانە نەدا ، راپرسیەکمان ئەنجام دا زۆربەی هەرەزۆری خەلکەکە دەنگیان بۆ فرانسای ئازاد دا .

لەم کاتەدا مستر چرچل گفتوگۆی لەگەڵ رۆزفلت دەکرد ،بروسکەیەکم بۆیان کرد ووتم : ئەگەر ئەمەریکا لەم هەڵوێستەی بەردەوام بێ ئەنجامەکەی باش نابێت، وەڵامەکەم بۆ هاتەوە دەڵێ : ئامادەین بەسەر هەمو تەنگو چەلەمەکان دا زاڵ بین وهەورەکان برەوێنینەوە.

لە ئەنجامی شالاوەکانی ژاپۆن کۆلۆنیالەکانمان لە زەریای هێمن، کەوتنە مەترسی ،لەوانە کالیدۆنیا و دورگەکانی مارکیز وسۆسیتیە وتاهیتی ،ئەما نە بۆ هاوپەیمانەکان ببونە هێلی بەرگری ، بەتاییەت هەندێک لە ناوچەکانمان ببونە بەندەری ئاسمانی بۆ فرۆکەکان .

لەم روانگەیەوە ئەمریکیەکان درکیان بەوە کرد کە هاوکاری کردنمان لە جیاتی رکابەری و ململانێ باشترە ،دیسان بۆ ئێمەش باشتر بو هاوپەیمانەکان ئەم دورگانە هەم بەکار بهێنن و هەم بیان پارێزن .

لە دیسەمبەر شەڕ لەزەریای هێمن داگیرسا ، ژاپۆنیەکان هێزیان لە مەلایۆ ی ئینگلیزی ودورگەی لوئ لوئ دابەزاند ، لە درێژەی شالاوەکانیان روەو دورگەی هند و ئەندەنوسیا وفلپین وهۆنگ کۆنگ پیشرەویان کرد .

لە مانگی جەنیوەری بو کە بەریتانیەکان چەندین سەربازیان لە دەوری ژاپۆنیەکان لە سەنگافورە کۆکردەوە ، ناچار کران کە خۆیان بدەنە دەست .

کالیدۆنیا کەوتە ناو گێژاوی هەڕەشەکانی ژاپۆن ، چونکە لە ئوسترالیاوە نزیک بو ، بەم پێیە هەمو دورگەکانمان کەوتنە ژێر هەڕەشەکانی ژاپۆن، فیشی ئەم دەرفەتەی قۆستەوە کە ئاژاوە لەم دورگانە بنێتەوە بە هاندانی خەلکی ئەم دورگانە دژی ئێمە .

بەڵام راپۆرتەکانی لە درجینلیۆوە پێمان دەگەیشتن ئومێدەکانی فیشیان هەرەس پێهێنابو،منیش بەردەوام کۆمەک وهاوکاریم بۆ دەناردن . ژێردەریای سیرکۆف کە پر بو لە تەقەمەنی ئەم ژێردەریایە پاش ئەوەی لەگەڵ کەشتیەک لە 19 ی شوبات بەیەکیاندادا بو بە 130 دەریاوانی تاقمەکەیەوە لە قولایی دەریا نقوم بو.

بۆ نمونە لە 15 ی ژەنوەری وەفدی فەرەنسیی نیشتەجێ لە واشنتۆن یاداشتێکی لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا وەرگرت ، تیایدا بێ لایەنی خۆی راگەیاند لە و کێشانەی لە دورگەکانی سەربە فرانسا ئەنجام دەدرێن و ریز لە سەروەری فرانسا لە دورگەکانی زەریای هێمن دەگرێ .لە دوای ئەم یاداشتە یاداشتێکی ترم لە 25 ی جەنیوەری لە مستر کورول هیل فیدنی پێ گەیشت تیایدا هاتبو کە ستونی لەشکری بەریتانی وئەمریکی بە پێویستی زانی ریز لە سەروەری فرانسا بگرن ، هەروەها بایەخ و گرنگیی کالیدونیا لەبەر چاودەگرن بۆیە بەپێویستی دەزانن لە شالاوەکانی بپارێزن.

لە 7 ی ئاداریش حکومەتی ئەمەریکا داوای رەزامەندی لیکردین بە دامەزراندنی بنکەی خۆی لە دورگەی سوسیتیە ، ئەوەبو لە 9 ی ئادار بەسەرۆکایەتی باچی گەیشتنە ئەوێ .

بە گەیشتنی ئەم هێزەیان مومتەلەکاتەکانمان لەم زەریایە لە مەترسیی هیرشەکانی ژاپۆن پارێزران .

لە کۆتاییدا ئەمریکیەکان کەوتنە ئەو بڕوایە کە لەگەڵمان بوەستن بۆ هەردو لامان باشترە بەتاییەت کە گەلی ئەمەریکا بەریزەوە سەیری ئێمەیان دەکرد ، ئەمانە وایان کرد هانی ئەمەریکا بدەن لە داننان بە سەروەریمان لە زەریای هێمن و ئەفریکای ناوەند .

کاتێک ئەمەریکا داوای رێگە پێدانی لە ئێمەکرد بە دابەزینی چەند فرۆکەیەکی لە بەندەری بون نوار ، ئێمەش لەبەرامبەری داوای 8 فرۆکەی جۆری لوکهید مان لێی کرد ، دواتر لەسەر بنەمای هێلی دیمەشق و برازاڤیل ئەم فرۆکانەمان بەدەست گەیشت.

به باشمان زانی هەر لە ئەمەریکاوە پەیوەندیەکانمان لەگەڵ روسیا باش کەین ، دیارە ئەویش باش کردنی ئەم پەیوەندیانەی پێ باش بو بە هۆی بەردەوامی شەڕەکانەوە ، ئەوە بو دوای ئەوەی هێزەکانی ئەڵمانیا کاولکاری و شالاو و هێرشی کردبوە سەر روسیا ئەوانیش هانی ئیزگەو رادیۆکانیان دابو بە پێداهەلدانمان و مەدح و سەناکردنی هێزەکانمان .

بۆ گەیشتن بە ئامانجی هاوپەیمانێتی وەفدی فرانسا لە لەندەن سەردانی بەرێز مایکی سەفیری روسیا لە لەندەن کرد ، نامەیەکی فەرمیی فرانسای دایە دەستی تیایدا حەزەکانی ئێمە ی بە سەفیر راگەیاند بۆ هاوکاری و بەستنی پەیوەندیەکان و رێکخستنی سەربازی لە نێوانمان دژی ئەڵمانیای دوژمن.

لە 26 ی سەپتمبربالوێزی روسیا بەیانێکی فەرمی لەسەر زمانی حکومەتی روسیا دەرکرد تیایدا بە فەرمی دانی بە حکومەتی فرانسای ئازاد نا و دیگۆلی بە فەرمی وەکو فەرماندەی هێزەکانی فرانسا ناساند وپشتگیری وهاوکاری تەواوی خۆی نیشاندا .

بۆ پشتگیری لە هاوکاری و هاوپەیمانێتی جەنەرال( بیتی) م بۆ مۆسکۆ نارد وەکو ئەفسەری پەیوەندیەکان لە مۆسکۆ پێشوازیەکی باشیال لێ کرد وئەویش سەردانی بەرەکانی جەنگی کردو لەگەڵ ستالین کۆ بووە.

لەو کاتە هێزەکانی ژاپۆن گەمارۆی مۆسکۆیان دابو، بەڵام پالەوانێتیی سەربازە روسەکان سەرباری سەرماو بەفرێکی زۆر ئەم گەمارۆیەیان شکست پێ هێنا ، ئێمەش بەزەرورمان زانی لە رۆژهەلاتەوە بەشداریەکی ئەم بەرگریە بکەین ئەگەر بە رێژەیەکی کەمیش بێت، ئەوە بو هەمو فرۆکەکانم بۆ بەرەکانی جەنگ نارد لە نورماندی ، فەرمانیشم بە کاترو دا کە 2 تیپ لە هێزەکانی سوکی فەرەنسی بۆ ناوچەکانی ئێران وقەوقاس بنێرێت .

لە بەهاری 1942 ناو لە فرانسای ئازاد نرا فرانسای جەنگاوەر ،هەمو هاوپەیمانەکان بەمە ئاگادار کرانەوە ،ئێمەش بەم هەنگاوە ئامادەیی خۆمان سازدا تا هاوشانی هاوپەیمانەکان بەشداری لە شەڕەکان بکەین .

* * *

## فرانسای ئازاد دەبێتە فرانسای جەنگاوەر

--------------------------------------

لە ماوەی نێوان هاوینی 1941 – 1942 فرانسای ئازاد کە بو بە فرانسای جەنگاوەر بە پێویستی زانی هاوکاریەکانی خۆی لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان یەک بخا.

ئەم گۆرانە پێویستی بە چر کردنی هەوڵ و تواناکانە بەتایبەت کە پشت بە توانای یەک تاکەکەس دەبەسترێت بەهۆی کەمی کەسانی دلسۆز وشارەزاو خاوەن توانا وە ، لەم روانگەیەوە لە ئەیلولی 1941 بڕیار درا لیژنەیەکی نەتەوایەتی ی فرانسای ئازادی جەنگاوەر دابمەزرێت.

ئەم لیژنەیە وەکو دەزگایەکی بەهێز کە بتوانێ کارەکانی فرانسا ی جەنگاوەر بەڕێوە ببا یەکێک لە ئەرکەکانی ئەندامانی ئەم لیژنەیە ، بریتی بو لە بەشداری کردن لە لێکۆلینەوە لەسەر بابەت وکێشەکان و بەشداری کردن لە جێبەجێ کردنی برگەکان،بە کورتیەکەی دەتوانین ناو لەم لیژنەیە بنێین حکومەت ، هەرچەندە مەرجی دامەزراندنی حکومەت یەکبونی ریزەکانی گەلی فرانسان لە ناو چوارچیوەی سنوری فرانسا .

بە پێویستمان زانی بە هاوشانی ئەم لیژنە نەتەوایەتیە ئەنجومەنێکی راوێژکاری دابمەزرێنین بۆ دیاری کردن و پێدانی زانیاری لەسەر رای گشتیی فرانسا بە لیژنەی نەتەوایەتی ، بەڵام ئەم بڕیارە بوە مایەی نارەحەتی بۆ بەریتانیا و ئەمەریکا ، دیارە ئەویش بە ئەگەری ئەوەی کە تەنها بەڕێوە بردنی کاروباری سەربازی و لەشکری بۆ دیگۆل بهێلنەوە ، کاروبارە ئیداری وسیاسیەکانی تر خۆیان بتوانن دەستی تێوەردەن لە ژێر دەسەڵاتی ستالین و روزفلت وچرچل بمێنێتەوە بە بیانوی دابین کردنی دوارۆژی فرانسا .

گوێ نەدان بە بڕیارو داواکاریەکانمان کێشەی زیاتریان بۆ دروست کردین ، کێشە لە نێوان ئێمەو هاوپەیمانانیش خولقا ،هەلمەتی هێرشی ئیزگەکانیشیان کەوتە گەر .

ئەمیرال موزیلیە کە ئێمە پشتمان پێی بەستبو لەروێکەوە رۆلێکی باشی دەگێرا و پشتگیری ورێزی ئێمەی وەدەست هینابو لە لایەکی تریشەوە رۆلێکی خەراپی لە ئاژاوە نانەوە دەگێرا ،

من هەستم بەوە دەکرد کاتێک پێکهێنانی لیژنەی نەتەوایەتیم راگەیاند ئەم لە نامەیەکدا ناڕەزایی خۆی دەرخستبو پێشنیازی ئەوەی کردبو کە من وەکو سەرۆکی فەخریی ئەم لیژنەیە بم بەڵام راستەوخۆو بە کارایی کارەکان بەو بسپێرم بۆ ئەوەی ناڕەزایی لە لایەنی هاوپەیمانان دروست نەبێ ، بە تایبەتی کە نامەکە لە سوچێکی دا هەڕەشە ئامێز بو کاتێک نوسیبوی کە کەشتی گەلەکە سەر بەم لیژنەیە وە نابێ و خۆی سەرپەرشتیی دەکاو لە شەڕکردن بەردەوام دەبێ بە تەنیایی.

منیش بە توندی بۆم نوسی وئەویش پابەندی فەرمانەکانم بو لەوە دلنیا بوم کە ئەو کەسە نیە ئەرکەکانی بە لێپرساوەتی ئەنجام بدات ، ئەرکی ئەم لیژنەیەش فەرماندەکەردنی کەشتیگەلەکە و کەشتیی بازرگانیی تر بو .

ئەم لیژنەیەش بەم شێوەیەی خوارەوە پێک هاتبو:

- بلڤیان بۆ کاروباری ئابوری و دارایی و بەڕێوە بردنی کارو باری ئیداری.
- کاس بۆ داد و پەروەردە .
- دیجان بۆ دەرەوە .
- لیگینتون بۆ جەنگ .
- فالون بۆ فرین .
- دیتالم بۆ کاری نهێنی لە فرانسا .
- کاترو و دارجینیلو ئەندام.

کاری لیژنەکە بە رێکو پێکی بەڕێوە دەچو ، بەڵام توشی هەندێک سستی هات ، موزیلیە سوربو لەسەر دەست لەکار کێشانەوە لە لیژنەکە ،، بە بیانوی جۆراو جۆر گوایە کارەکان بەم شێوەیە نارۆن بەڕێوە ، هەر چەند رۆژێک کە بە نوسین واز هێنانی خۆی راگەیاند ، بە بێ دودلی دەست لەکار کیشانەوەکەم قەبول کرد ، لە شوێن ئەم ئەمیرال ئەوبوانو م کرد بە فەرماندەی کەشتیگەل،کاتێک موزیلیە بینیی بەبێ راگرتن رەزامەندیمان لەسەر وازهێنانەکەی دا ، گەڕایەوە ووتی من تەنها داوای دەستلەکار کێشانەوەم لە لیژنەکە کردوە بۆ فەرماندەیی کەشتیگەلەکە واز ناهێنم . ئێمەش ئەم بیانوو مەرجانە مان رەت کردنەوە .

بەریتانیا ویستی کەلک لەم ناکۆکیەمان وەرگرێ بۆ ئەوەی بیکاتە بیانویەک دەست لەکاروباری ناوەخومان وەربدات ، هەندێک لە ئاژاوە گێران و فەرەنسیە ئاوارەکان وهەندێک لە پیاوانی ئەنجومەنی گشتیی بەریتانیا ، وەزیری دەریاوانیی ئینگلیزیان وا تێگەیاند کە لادانی موزیلیە هێزی پشتیوانی بەریتانیا لاواز دەکات ، ئەمانە وایان کرد بەریتانیا لە رێگەی وەزارەتی دەریاوانیی بە نوسراوێکی مستر ئایدن ویەکێکی تر هی مستر ئەلیکساندرد بڕیارەکەم رەت کاتەوە ، بەتوندی داوام لێ بکەن کە ئەم بڕیارەم هەلوەشێنمەوە .بەلاّم ئەمە بڕیاری دواییم بو ،بەتایبەتیش کە بڕیاری لیژنەی نەتەوایەتی بو بە کۆی دەنگ دەبوایە جێبەجێ بکرێت .

لە 8 ی ئادار بەنامەیەک ئاگاداری مستر ئایدن م کردەوە کە ئەمە بڕیاری لیژنەی نەتەوایەتیە پاشگەز بونەوەی بۆ نیە ،لە هەمان کاتدا داواشم لێی کرد کە چیتر دەست لە کاروباری ئێمە وەرنەدەن .

لە 23 ی ئادار مستر بیک سەردانی کردم ، یاداشتی بەریتانیای پێدام کە تیایدا رای گەیاندبو ، بەریتانیا پێ لەسەر مانەوەی موزیلیە داناگریت ، لەماوەی کەمتر لە دومانگ لە فەرماندەیی کەشتیگەلەکە لای دەبا ، بەلاّم لە هەمان کاتدا داوا دەکەین کە لە سۆزی ئێوە بێبەش نەبێ پۆستێکی شیاوی پێ بسپێرن.

لە سەرەتای مانگی ئەیار،داوای موزیلیە م کرد کە بێت بۆ چاوپێکەوتن لەگەلّم ، بەلاّم ئەو ئەم داوایەی منی رەت کردەوەو ئامادە نەبو بێتە لام ، چەند رۆژێکی نەبرد کە نامەیەکی نارد تیایدا دەستی لە هەمو کارەکان وهاوکاریەکی لەگەلّ حکومەتی فرانسای ئازاد کێشایەوە ...

لە سەرەتاکانی 1941 ەو هەوالّی چالاکیەکانی ناو فرانسامان بۆ دەهاتن ، ئەمە نیشانەی سەرکەوتنی لیژنە نهێنیەکان بون ،ئەم هەوالاّنە لەرێگەی ئیزگەو خەلکە کۆچکردوەکانەوە بەدەستمان دەگەیشتن کە هەمو مایەی دلخۆشی بون .

ئەوەی شیاوی ئاماژەیە ، حکومەتی فیشی چەواشەی خەلکی کردبو ئەم چەواشە کاریە ببوە هۆی رسوا بونیان لە بەرامبەریشیەوە فرانسای ئازاد ئومێدو هیوای خەلک بو ، ئەوەی ئەم

ئومێدەی لە سەرکەوتن نزیک کردەوە بەشداری کردنی ئەمەریکا بو لە جەنگ ، فرانسای ئازاد بوبە تاکە هێز کە بتوانێ مومتەلەکاتی فرانسا بپارێزێ لە زەریای هێمن و ئەفریکای ناوەند و سان بیر وسۆمال ی فەرەنسی ومەدەغەشقەر ودورگەکانی ئەنتیل و هندی چینی.

ئەو گەندەلیەی کە کەوتە حکومەتی فیشی زیاتر کارەکانی لەبەر دەم ئەمان قورستر کرد ، سالی 1942-1941 چەند روداوێکی خەتەرناک رویان دا ،لەوانە لادانی لافال لە دەسەڵات ووازهێنانە یەک لەدوای یەکەکاننی وەزیرەکان،وەک ئیبرنیفاری و بودوان وشیفالیە وئەشاردو فلاندان و بیروتون وئەلیبار.دیسان هەوڵەکانی کولیت بۆ کوشتنی لافال ئەمیش دیاردەیەکی تری گەندەلی بو ئەمانە بەلگەی دیار بون کە حکومەتەکە توانای خۆ لەسەر پێ راگرتنی نەماوە.

لە ئەنجامی پەرەسەندنی ئەم گەندەلی و شلۆغیەی فرانسا ورژێمەکەی فیشی تێی کەوتبون گیانی بەرگری ودامەزراندنی شانە بەرگریەکان لە زیاد بون دابو، بڵاوکراوەی دژ بە رژێم چاپ و بڵاو دەکرانەوە هاوکاریەکانی خەلک لە بە هێزبون و هاوپەیمانان لە گەشەکردن دابون ، هەواڵی چالاکیەکان لە رێگەی هەواڵگری و خەلکەوە بەدەستمان دەگەیشتن .

لە ئەیلولی 1941 هەندێک هێرش کرانە سەر هێزەکانی داگیرکەران .

بەڵام ئەڵمانەکان لە بەرامبەر ئەم چالاکیانە دەستەوەستان نەوەستابون بەڵکو چەندین خەلکیان زیندان و ئەشکەنجە دەدا ،دیلیان دەکوشتن زەبرو زەنگیان خستبوە سەر خەلک و دەیان تۆقاندن، ئەم توندو تیژیەی ئەوان کارێکی وای کردبوە سەر باری دەرون وژیانی خەلک کە گری خەبات وهاندان لە هەلچون دابێ ، بۆیە منیش لە 23 ی ئۆکتۆبەر 1941 لە نامەیەکی پەخشکراودا بە رێگەوە ئیزگەوە بۆ فەرەنسیەکان م نوسی ووتم:

(مافی فەرەنسیەکانە ئەڵمانەکان بکوژن ، ئەگەر ئەوان دەیانەوێ لە مردن دوربن ئەوا دەبێ لە بنکەکانیان دەرنە کەون ) خەلکی فرانساشم دلنیا کردەوە کە پشتگیرو هاوکاری ئەوانین لە رێگەی کۆمەک کردنیان بە چەک وتفاق هاوکاریان دەکەین بۆ بەرگری کردن لە خۆیان .

له 25 سەپتەمبەر دوژمن تاوانێکی درندانەی ئەنجام دا ئەویش سەربرینی 50 دیل بو، ئەم کارە درندانەییە خەلکی وروژاند ، هانی منیشی دا کە لە هەمان رۆژ نامەیەکی تر ئاراستەی خەلکی فرانسا بکەم :

( دوژمن بەهەلە داچوە ئەگەر واتێ گەیشتوە بە کوشتن وبرین دەتوانی خەلکی فرانسا بترسێنێ ، خەلکی فرانسا وەڵامی خۆی بۆ دوژمن هەیە ئەگەر لەم ئان وساتەشدا نەبێ ئەوا ئامادەباشی دەکرێ بۆ ئەم وەڵام دانەوەی دوژمن ).

داواشم لە فەرەنسیەکان کرد کە رۆژی هەینی 31 ی سەپتەمبەر کات ژمێر چوار لە هەمو شوێنێک وەکو ریز لێنانێک بۆ قوربانیان ماوەی 5 خولەک بوەستن ، وەکو نامەیەک بۆ دوژمن کە لە بەرامبەر ئەم کارەیدا هاودەنگی وهاوگیانی و خۆراگر یەک لە سەرتاسەری وڵات هەیە .

لێرەشدا بە باشی دەزانم ناوی ئەو رێکخراوانەی لە دەرەوەی بازنەی داگیرکەران لە فرانسا دامەزرابون ، ئاماژە پێ بدەم :

- رێکخراوی خەبات بەسەرۆکایەتی نەقیب فرینای.
- رێکخراوی رزگاری بەسەرۆکایەتی عمانۆئیل داستۆ.
- رێکخراوی تۆقاندنی فەرەنسی بەسەرۆکایەتی جان پیار لیڤی.
- یەکیەتی گشتیی کرێکاران : نوێنەرایەتیی دەزگاکانی نەقابیی دەکرد.
- بەشێکی پارتی سۆسیالیست.
- بەشێکی پارتی دیموکراتیی میللی .
- بەشێکی پارتی کۆماری.

هەموشیان بۆ جۆشدان و هاندانی خەلکی فرانسا بە گیانی بەرگری کارو چالاکیەکانیان دەنواندن.

بەڵام ئەو ناوچانەی لەژیر رکێفی داگیرکەردا بون کارەکان لەوێ بە شێوەیەکی تر بون چونکە دوژمن زۆر بێ بەزەییانە رەفتاری لەگەڵ خەلک دەکرد کارەکان لە رێگەی ئەم رێکخراوە سەربازیانە ئەنجام دەدران :

- رێکخراوی سەربازی وسڤیلی بەسەرۆکایەتی عەقید تونی.
- رێکخراوی پیاوانی ئازادی بەسەرۆکایەتی ریبۆش.
- رێکخراوی پیاوانی بەرگری بە سەرپەرشتی لیکونت بونیە.
- رێکخراوی رزگاریی باکور بە سەرپەرشتی کاڤییس.
- رێکخراوی دەنگی باکور بە سەرۆکایەتی هوکی.

لە کۆتایی سالی 1941 کۆمۆنیستەکان بۆ بەرگری هەڵسانە سەر پێ ، بە تایبەت دوای ئەوەی هتلر شالاوی بردە سەر روسیا، دەستیان دایەچەک ولە ژێر چەتری دو رێکخراو ی بەرەی نیشتمانی و دامەزراوی خەباتگێڕان بۆتۆقاندن ، خۆیان رێکخست وبەرگریەکی باشیان لە فرانسا کرد زەبری کوشندەیان لە دوژمن دەدا ، دوای ئەوەی هەلمەتی هێرشی راگەیاندنیان کەم کردەوە داواشیان لێ کردم کە هاوکاریان بکەم .

منیش کە سەیرم کرد ، هەوڵ و چالاکیەکان چونکە لە پێناو رزگاری فرانسادان کات لە بار بو تا هاوکاریان کەم ، شوێنم بۆ تەرخان کردن لەگەڵ سنوری کارو چالاکیەکان بۆ ئەوەی جلەوی کارەکان لە دەست خۆمان دەر نەچێت .

دوا وتەی شەهیدەکانمان کە لە مەیدانی جەنگ شەهید دەبون تەنها ( بژی فرانسا ) بو .

لە مانگی سەپتەمبەر هەواڵێکم پێگەیشت کە جان مۆلان لە رێگەی خۆیەوە بەرەو لەندەن گەیشتوتە لشبۆنە ، دوای ئەوەی پاریسی جێ هێشتبو .

ئەم پیاوە لەمن غەریب نەبو دەم ناسی کە پارێزگاری ئەوری لۆرا بو پیاوێکی خۆراگر بو .

دیارە حکومەتی فیشی ئەم پیاوەی پەراوێز کردبو منیش دەمزانی پیاوێکی بەتوانایە ، بۆیە نامەیەکم بۆ بەریتانیا نارد داوای ئەوەم لێ کرد کە هاوکاریی بکەن تا بگاتە لام .

ماوەیەکی برد ئەم پیاوە (جان مولان ) نەگەیشتە لام دیار بو کە خۆشی لەبەرانبەر تەماحەکانی بەریتانیا بەرگریی هەبو ، خۆشی سوربو کە بێتە ریز ئێمەوە .

نامەیەکی دوپاتم بۆ مستەر ئایدن نارد بە توندی داوای ئەوەم لێ کرد کە مۆلانم بۆ بگەیەنێ ، ئەویش داواکاریەکەی جێبەجێ کردم.

له دیسەمبەر گفتو گۆ كانم لەگەڵ مولان شێوازێكی جدی وراشكاوانەی وەرگرت ، ئەولە رێگە خۆی چاوی بە كاربەدەستانی بەرگری كەوتبو بۆیە دركی بەو لێپرسراوێتیە دەكرد كە بە نیازبوم پێی بسپێرم، ئەویش پێشنیارەكانی گونجاو بون .

ئەو كارەی من پێیم سپارد ، یەكخستنی هەمو رێكخراو و دامەزراوەكانی باشور بو لە ناو یەك دامەزراودا بە سەرۆكایەتی مۆلان خۆی ، ئەمانیش سەر بە لیژنەی نەتەوایەتی بن لە بەرانبەری بەرپرسیار بن تا یەكگرتن لە خەیالەوە بچێتە قۆناغی پراكتیك.

كە لە باشور تەواو بویت بچیتە باكور ئەگەر لە تواناشدابو هەردوكیان یە كخەی تا كاریگەریان زیاتر بێت .

بەڵام دو گرفت لەبەردەم ئەم هەنگاوەمان بونە رێگر وایان كرد كە كەمێك دوابكەوین :

یەكەم- بەشداری كردنی پارتە سیاسیەكان لەم دەزگایە هاوبەشیە.

دوەم – دەزگا سەربازیەكانی ناوەوەی وڵات .

سەبارەت بە پارتە سیاسیەكان ، نەدەكرا پەراوێزیان كەین لە لایەك نوێنەرایەتی چەمكێك لەچین و توێژ دەكەن لە لایەكی تر بەشداری پێكردنیان سیفەتی شەرعیەت بە گشتگیری دەزگاكە دەدات.ئەوەی راستی بێ پارتەكانی هەمو گەلی فرانسا نەبون بەڵام وایان لێ هاتبو كە كاری حوكمەت بەرێوە ببەن ، بۆیە بە زەرورم زانی بەشداری بە پارتەكان بكەین تا لە كاری دەسەڵاتیان دور خەینەوە .

ئەم كارەم لە بێ دەسەڵاتی نەبو بەڵام دیارە كە وڵات لە سەرەتای رەواندنەوەی تۆزی شكست دا بو دەبوایە كارێكی لەم بابەتە بۆ دلنەوایی خەلك وبەرەو پێشچونی گیانی بەرگری بكەم .

دیسان رۆلی ئەم پارتانە لە بیر ناكرێت كە لە دەهۆلژەنین بۆ دوژمن دور بونە وخەلكی خۆراگر وفیداكاریان لە خۆ گرتوە ، هەمو ئومێدو هیواكانیان بە چاوی رزگاری نیشتمانە وە دەبینی .

لەم روانگەیەوە مۆلان فەرمانەكەی بەجێ گەیاندم و هاوكاریی لەگەڵ دامەزراوە خەباتگێڕەكان كرد .

ئەمە لایەنی ئامانجە سیاسیەکان بون بۆ ریکخستنی دەزگاکانی فرانسا.

بەڵام لایەنی سەربازی ،گرنگی و بایەخی لە گرنگیی سەربازی کەمتر نەبو واتە کۆکردنەوەی هەمو دەزگا سەربازیەکان لە یەک دەزگادا ، بەڵام بۆ ئەمەیان چەند گرفتێک هاتنە پێش ،

یەکەمیان : هەندێک لەم بزوتنەوانە ژمارەیەکی زۆری خەباتگێرانی لە خۆ گرتبو ، ئەمە وایان کرد کە لەگەڵ بزوتنەوەکانی تر یەکگرتن ئاسان نەبێ .

گرفتی دووەم :هەندێک لەو بزوتنەوانەی لەناوچە شاخاویەکان دامەزرابون زۆربەی ئەندامانی لەدەست دادپەروەری رایان کردبو واتا لە یاسا دەرچو بون بۆیە قەبولی ئەوەیان نەبوو لەگەڵ ئەوانی تر تێکەڵ ببنەوە ، بەناچاری رێگەمان پێدان کە ئەوان شەڕی پارتیزانی بکەن بەڵام بۆ ئەم رێگە پێدانە کێشەمان بۆ خۆمان دروست کرد واتە رێگەمان پێیان دا بە سەربەخۆیی کاربکەن ، کە دەبێتە هۆی ئەوەی لەگەڵ بزوتنەوەکانی تر بپچرێن بەڵام لە هەوڵی لەیەک نزیک کردنەوەیان بەردەوام بوم .

بەم شێوەیە مۆلان بوە بەرپرسی فەرمان و کارو چالاکیەکانی ئەم رێکخراو و بزوتنەوانە. دوای ماوەیەک توانیمان سوپای نهێنی دابمەزرێنین بە فەرماندەیی جەنەرال دیلستران.

لە 1 ی جەنیوەری 1942 فڕۆکەی مۆلان لە ناوچەی باشور دابەزی و فەرمانی ئێمەی پێبو کە بەم ئەرکە هەلبستێ ، ئەو هۆکاری پەیوەندی و محوەری چالاکیەکان بو لە باشور ، ماوەیەکی کەمی پێچو ئەنجومەنێکی دامەزراند سەرجەم سەرۆکی ریکخراو و بزوتنەوەکانی باشوری لە خۆگرتبو، ئەمە بە هەوڵ و توانای خۆی ئەنجامی دابو کە لە سەرەتای مانگی ئادار ئەنجام درا، دروشمی ئەم ئەنجومەنە بریتی بوو لە (یەک خەبات- یەک فەرماندە ) دوپاتی ئەوەشیان کردەوە کە هەمویان لە ژێر فەرماندەی دیگۆل دان.

بەم شێوەیە ئەم ئەنجومەنە دامەزراو خرایە بەردەستی لیژنەی نەتەوایەتی .

لە مانگی ئادار فەرماندەی رزگاریی باکور (بیلۆ) گەیشت .

لە نیسانیش عمانوئیل داستیە گەیشت کە هەندێک زانیاری و پێشنیاری وردی سەبارەت بە بزوتنەوەکان پێ بو .

دوای ماوەیەک (بروسولیت) پسپۆر لە کاروباری سیاسی گەیشت کە چەند نامەیەکی پەرلەمانتارە کۆنەکانی پێ بو ، دواتر پول سیمون کە لە ناوچەی داگیرکراوەوە هاتبو گەیشتە ریزەکانمان .

دواتر نامە لە فالان فینو و دانیال مان بەدەست گەیشت کە لە بەریتانیا بون دواتر هاتنە لامان .

لەورێگەیەوە منیش دەرفەتم بۆ رەخسا تا لەگەڵ ئەم کەلە پیاوە گەنجانە پەیوەندی بکەم ئەوانەی بە هەستی نیشتمان پەروەری جۆش درابون ئەوانەی لە بەرامبەر ستەم و زۆرداری رژێمی فیشی بەرگریان دەکرد کە بڕوایان بە گۆرینی رژیم هەبو بۆ رزگار کردنی ولات لەو کارەساتەی کە تێی کەوتوە .

هەر لەم سۆنگەیەوە بە راشکاوانە رامگەیاند ، ئامانجی ئێمە لەم دەزگاو لیژنەی نەتەوایەتیە تەنها ئازادی یە ئازادی بە هەمو مانایەکیەوە ،ئازادیەک کە سەرتاپای نیشتمان و هاوولاتیان بگرێتەوە .

ئازادی ئەو کاتە دێتە دی کە دوژمن لە ناو بەرین وئالای فرانسا بە هەرسێ رەنگەکانیەوە بەرزکەینەوە ، ئازادی هاوولاتیانیش ئەوکاتە دێتە دی کە رژێمی فیشی سەرنگون کەین میلەت ئازاد دەبێ بەئازادی رادەردەبڕێ ئەو خنکاندنە سیاسی و ئابوریە لە ناو دەبردرێت ، ئەمە بە یەکخستنی شان و بال دەکرێت .

ئەم بەیاننامەیە لە 1 ی ئاداری 1942 لە گوتارێکمدا کە لە هۆلی کینگزوی لەسەر داوای یەکیەتی فرانسا – بەریتانیا پێشکەشم کرد بو ،لەم گوتارەمدا ئامانجەکانم بە 3 خال دیار کرد:

- ئامانجی یەکەم – هەمو تواناکان لە پێناو تەنها فرانسا سەرف بکرێت .
- ئامانجی دوەم –گەراندنەوەی بایەخ بە گەلی فرانسا .
- ئامانجی سێیەم – ئابرو (شەرەف) و نیشتمان .

بەڵام خەم وپەژارەیەکی زۆر باڵی کێشا بەسەر من و گەلی فرانسا بە هۆی کوژرانی جەنەرال جان مۆلان، ئەمە لە کاتێک دا دێت کە مۆلان لە ئەرکێکی دەگەڕایەوە دوژمن فڕۆکەکەی دەخاتە خوارەوە ، منیش هەر زو جەنەرال هیرش م لەشوێن دامەزراند.

ئەوەی شیاوی باسە ئەو کەشتیگەلەی کە لەبەر دەستمان بو کاریگەریەکی باشی لە بەڕێوە بردنی شەڕدا هەبو ، کەشتیگەلێکی بەرچاو بو لەبەر دەم بەریتانیەکان هەر بۆیە گرنگیان بە کەشتیەکانی تری فرانسا دەدا بۆ چاککردنەوەو دروست کردنیان کە لە گۆماوی(حوض) بەریتانیا دابون .

ئەو کاتانەی بۆ مەرامی تایبەتی دەمانویست کەشتیگەلەکە بەکار بهێنین ئەو کات بە فەرماندەیی فەرەنسیەکان دەبو .

هۆکاری سەرکەوتنی کەشتیگەلەکەمان بۆ دوو هۆ دەگەرێنەوە :

- هاوکاریی هاوپەیمانەکان.
- توانا و زیرەکیی دەریاوانەکانمان .

کە سەردانی بنکەکانمانم دەکرد لە کاوز وبورتسمان و گرینۆک ئەم مەزنیەم بە چاوی خۆم دەبینی ، بەڵام بە هۆی کەمی ژمارەی دەریاوانە راهێنراوەکانمان گەشەکردنی کەشتیگەلەکەمان سنوردار بو .

ئەم کەمی دەریاوانەشمان بۆ ئەو رۆژە دەگەرێتەوە کە لە حوزەیرانی 1942 ئەوێ رۆژێ ژمارەی 700 دەریاوانمان لە دەستدان کە سەرجەم دەریاوانانی ئەوسا مان ژمارەیان 3600 کەس بون.

هەر چۆنێکی بێ بەپێی ئەو رێککەوتنەی لە مانگی ئایار لەگەڵ لورد مانتانبومان مۆرکرد هیزەکانی دەریاوانیمان بەم شێوە پوختەی هەیە لە هێرشەکانی بەریتانیا بۆ سەر کەنارەکانی فرانسا بەشداری دەکات .

بەهۆی قورسی ئەم کارەو کەمی ژمارەی دەریاوانەکانمان کارمان بۆ ئامادەکردن وپرچەککردن وسازدانی ژمارەیەکی تر کرد ، ئەم کارانە مان لەسەر پشتی کەشتیی فیسیە وئەستێرە و مریشکی شیرین ئەنجام دا ئەم قوتابخانەیە کە لەسەر پشتی ئەو کەشتیانە

بەرێوە دەبردران توانیی 4 پۆست دەرچوێنێ و ژمارەیان گەیشتە 80 دەریاوان، ژمارەیەکی تریشمان لە ناو کەشتیە بازرگانیەکان و کۆمپانیای کەنالی سویس دەسکەوت ، داوامان لێیان کرد کە سەرپەرشتی کەشتیە سەربازیە کانمان بۆ بکەن ، ئەم کارەمان بەهای ملیۆن کاتژمێری بەسەر ئێمەوە بو .

لێتان ناشارمەوە چەند دلگیرو خەمبار بوم کاتێک لە ژێر ئاوەوە لە بەندەری لیڤەرپول سەیری نەخشەم دەکرد کەشتیەکانی خۆمانم دەبینی ، ئەوانەی لە بەندەرەکانی ئەسکەندەریە و داکار وەستاون، گەر بمان توانیایە بیان گەیەنینە ئێرە و ئێستا ئەمانیشمان لە بەردەست دادەبو، چ کاریگەریەکیان دەبو لە م هێرشە بۆ رزگارکردنی وڵات ؟ ئەوانیش دەرفەتی ئەم خزمەتەیان لەدەست نەدەچو .

ئەم هەورە تاریکە بەوە رەوێنرایەوە کاتێک توانیم ئامادەکراوەکانمان لە هێزی ئاسمانی ئەوەی لەگەڵ بەریتانیەکان یەک خرابون بە هیزێکی ئاسمانی فەرەنسی رێکیان خەین ، دلخۆشیم بەم هێزە ئاسمانیە هی ئەوە بو کە پێشتر رێگەمان پێنەدەدرا لە هێزێکی تایبەت بەخۆمان هەمان بێ ، زۆر لە ئەفسەرە فرۆکەوانەکانمان لە بەر ئەم نارەزاییە داوای گواستنەوەیان دەکرد بۆ میسر ئامادەی ئەوە نەبون لە ژێر فەرمانی هێزی ئاسمانی بەریتانی خزمەت بکەن .

بەڵام ئەم کێشەیە دواتر چارە سەری بۆ کرا ،لە 1941 کاتێک لەگەڵ بەرێز ئەرشیبالد سنكلير وەزیری ئاسمانی بەریتانی کۆبومەوە ، ئەو کات بەوپەری راشکاوانە راکانی خۆمم دەربری ، ئەویش ئامادەیی خۆی دەرخست کە هاوکاریمان بکا و ئەفسەرە فرۆکەوانەکانمان لە یەک هیز دا کۆبکاتەوەو مەشقیان پێ بکات ، ئەوەی زیادەشە بیان گەرێنێتەوە هێزی ئاسمانیی بەریتانی .

ئەم رێککەتنە رەزامەندیی هەر یەک لە عمید لانگمر لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست وعەمید بورتال لە لەندەن وەرگرت .

بەم شێوەیە توانیمان چەند سربێکی ئاسمانی پێک بهێنین لەوانە :

- کۆمەلەی دورگەکانی فەرەنسی بە فەرماندەی سکیفیتو.

- کۆمەلەی ئەلالزاس بە فەرماندەی بولیفن ودواتر موشوت.

- کۆمەلەی لۆرین بە فەرماندەی پێژۆ .

- کۆمەلەی بریتانی بە فەرماندەی سان بیروز ،هاوکاری لەپرۆسەکانی بیابان دەکات .

- کۆمەلەی نورماندو بە فەرماندەی تولازن دواتریش لیلوف.

ئەمە بۆ مێژو دەڵێم کە ئێمە لە شەڕەکان ژمارەیەکی زۆری فرۆکەوانەکانمان لە دەست دان ، ئەمەش باجی سەرکەوتن بو .

لە مانگی نۆڤەمبەر ی 1941، هێزەکانی بەریتانیا هیرشیان کردبوە سەر ئەفریکای باکوری فەرەنسی ، ئەمە ئەگەر سەرکەوتنی بەدەست بهێنایە ئەوا لەگەڵ هێزەکانی فرانسا دەچوینە ناو سنوری تونس ، ئەگەر سەریش نەکەوتبا دەبوایە هاوکاریان بکەین تا بەر بە هێرشەکانی دوژمن بگرین .

بۆ گەیشتن بەم ئەنجامە دوو ریگەمان لە بەردەم دابو :

- یەکەم –لە چادەوە دەرچی بۆ فزان بە هۆی بەتالیۆنی بیابانی بە فەرماندەی لیکلیرک.

- دوەم بە هاوشانی ئینگلیزەکان پێکدادان بکەین لە لیبیا بە فەرماندەی لارمینا ، من بە ئەنجام گەیاندنی ئەم دوو رێگایەم بە کارێکی قورس دەزانی بەلاّم لە پێناو بەرژەوەندیەکانی فرانسا ناچار بوین .

داگیر کردنی فەزان ولە وێشەوە بەرەو تەرابلس دەرچون ئۆپەراسیۆنێک بو، ماندو بون و هەولێکی زۆری گەرەک بو لە کاری سەرەرۆ دەچو (مغامرە)نەک کاری سەربازی بەلاّم ئەم کارە دەکرا ئەنجامی هەبێ ئەگەر ئینگلیزەکان شاری برقە یان بگرتباو روەو تەرابلس شالاویان بهێنابا .

لە ماوەی مانگی نۆڤمبەرو دیسەمبەردا ئینگلیزەکان دوای شەڕێکی سەخت توانیان بگەنە ناو برقە ، دواتر نەخشەیان بۆ لیکیرک و سیرس ی فەرماندەی هێزەکانی فرانسای ئازاد لە ئەفریکا دارشت بۆ گرتنی فزان بە نیازی هێرش بردن بۆ سەر تەرابلس .

بەلاّم رۆمل توانیی لەگەڵ هەندێک لە سەربازانی بەریتانی دەربازی ببێ ، بە مێشکم داهات کە دوژمن بۆ گەیاندنی کۆمەک پشت بە تونس دەبەستێ ،بۆیە بیرم لەوە کردەوە کە

دورنیە دوژمن دژە هێرشێک بکات ، لەم روانگەیەوە بە زەرورم زانی دەست پێشخەری لە هێرش کردنەسەر چاد بکەم .

بیرم لە چەند هێرشێکی ئاسمانی کردەوە ، لیکلیرک بۆ ئەم جۆرە هێرشانە ئازاو شارەزا بو ، ئەوە بو لە مانگی ئادار و شوبات ئەم کارە ئەنجام درا ، بە لێدانی ناوە ناوەی شاری فزان ، لەوێ زیانێکی زۆر بە دوژمن گەیەنرا ، هەر کە بارو دۆخەکە گۆرانی تێکەوت بڕوامان وابو کە گرتنی فزان بەوە دەکرێ گۆرانێک بکەوێتە لیبیا لە بەرژەوەندی فرانسا بێ.

بەڵام وا هەلکەوت ماوەی 15 مانگ هیچ کردەیەکی سەربازی ئەنجام نەدرا ئەمەش لە دەستکردی بەریتانیا بو . چونکە لەحساباتی بەریتانیا وا نەبو کە هەردوو تیپی سوکی فەرەنسی لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان لە هێرشەکەی دا بۆ سەر لیبیا بەشداری دەکەن .

دوای ئەوەی هێزەکانمان ئامادەبون ، لە 27 ی ئۆکتۆبەر نامەیەکم بۆ مستر چرچل نارد حەزی خۆمم بۆ دەربڕی کە هێزەکانمان لە گەل هێزەکانی هاوپەیمانان لە شەڕەکانی لیبیا بەشداری بکەن ، هەروەها ئامادەیی خۆشم دەربڕی کە هەمو هێزەکانمان لە ژێر فەرماندەیی لارمینا بێت بە سەرکردایەتی بەریتانیا .بۆ هەمان مەبەست چاوپێکەوتنیشم لەگەڵ مستر مارگیسۆنی وەزیری جەنگی بەریتانیا کرد .

ماوەیەک چاوەروان بوم تا لە 27 ی نۆڤەمبەر جەنەرال ئەلیسمای سەرۆکی ستونی جەنگ کە لە پەیوەندیی بەردەوامدا بو لەگەڵ چرچل ، لە نامەیەکدا رونی کردەوە ،کە بەریتانیا داوای بوردن دەکات لە بەشداری پێکردنی هێزەکانی فرانسای ئازاد لە شەڕەکانی ناوبراودا .

ئەم نامەیە توشی شۆک و بێ ئومێدیەکی کردم ، چۆن هێزەکانمان لە شەڕ بەشدار نەبن ؟ ئیتر منیش بانگی مستر بوگومولۆف ی مەندوبی سۆڤیەتم کرد، پێم راگەیاند کە فرانسا حەزدەکات لە بەرەی رۆژهەلات بەشداری لە شەڕەکاندا بکات .

هەر کە ئینگلیزەکان بەمەیان زانی هەر زو رەزامەندیان لەسەر داواکەم دا .

لە 7 ی دیسەمبەر ، نامەیەکی چرچل م پێ گەیشت دەڵێ جەنەرال کنیلک پێی خۆشە لیوایەک لە هێزەکانتان لە شەڕی برقە هاوکاریی بکات .

هەر زو رەزامەندیم دا ، بەنامەیەکی تر جەنەرال کاترام لەم زانیارایانە ئاگادار کردەوە.
لە قاهیرە کاترو و ئۆکنیلک رێو شوێنی پێویستیان گرتبوە بەر بۆ گواستنەوەی ئەو هێزانەمان بۆ لیبیا .

هەر کە لە جەنیوەری هێزەکان جولەیان کرد نیشانەکانی سەرکەوتن بەدی کران ، لە رێگەش لە ناوچەی سلوم وبردیە لەگەڵ هێزەکانی رۆمل بەگژ یەکدا چون ، لە گەرمەی ئەو سەرکەوتنانە بەباشم زانی هێزەکانمان لە سوریا ولبنان کە تیپی دوی سوک بون بخەمە جولە .

ئەوەبو مستر بوگومولوف رەزامەندی وحەزی ولاتەکەی پێ راگەیاندم کە لە بەرەی رۆژهەلات بەشداری لە شەڕەکان بکەین  و ئامادەیی خۆشی بۆ هاوکاری و دابین کردنی پێداویستیەکانی گواستنەوە ی هیزەکان بۆ ئەوێ دەربڕی .

لە 29 دێسەمبەر ئەمەم بە بیرداهات کە تیپی دوو لەگەڵ سربی نورماندو ی ئاسمانی بەشداری پێ بکەم ، ئەوەبو ئاگاداری جەنەرال ئەیسمای م کردەوە زانیاری و رێنمایەکانیشم بۆ جەنەرال کوترو نارد .

رۆژی 15 ی ئادار وادەی سەفەری تیپەکە بو بۆ قەوقاس ، بۆ ئەوەی بگاتە تیپی یەک ، بەر لەوادەی خۆی ،کاتێک بەریتانیەکان بە مەیان زانی هەمو هەولێکیان دا کە ئەمە نەکرێ ، هێز بۆ روسیا نەروات ، بەلام لە بەرانبەر پێ داگرتنەکانی من دا نەیان توانی هێچ بکەن .
لە کۆتایی مانگی شوبات نامەیەکم لەئیسمای بۆ هات ، داوای دەکرد کە تیپی دوو بخەمە ژێر فەرماندەی ئوکنیلک بەم شێوەیە لە کۆتایی مانگی ئادار رێگەم بە تیپی دوو دا بچێتە لیبیا.

بەم جۆرە هەردو تیپەکە ، یەکەمیان بە فەرماندەی کوینگ لەسەر هێلی گەرمی شەڕدابو لە بئر حکیم ، تیپی دوەمیش بە فەرماندەی گازو لە،چاوەروانی ئامازە دابو بۆ جولە کردن سەرەڕای پەرەشوتوانەکان کە لە ئیسماعیلیە مەشقیان دەکرد وبەتالیۆنی زرێپۆشەکان بە فەرماندەی عقید ریمی.

له ئەنجام دا ژمارەی سەربازو جەنگاوەرەکانمان گەیشتنە 12 هەزار ، سربەکانی الزاس و لورین لە ئاسمانی برقە دەفرین کە شتیەکانیش پاسەوانی کاروانەکانیان دەکرد.

لە27 ی ئایار رۆمل دەستی بە هێرشێکی بەرفراوان کرد بۆ بئر حکیم ، هەواڵەکانی سەرەتای هێرشەکە ی خوار بئر حکیم ئەوەیان دەگەیاند کە دوژمن ژمارەی 40 تانکی قورسی لەم شەڕە زیان لێ کەوتوە ، لە کاتی بەرپەرچ دانەوەی هێزەکانیشمان و پاشە کشەی هێزەکانی دوژمن 15 تانک ی نوێ و200 دیل یان زیان هەبو .

لە سەرەتای حوزەیران تیپێکی فەرەنسی بە فەرماندەیی برونا هێرشیان کردە سەر بنکەی روتودای سەنیگالی لە 70 میل رۆژئاوای بئر حکیم .

بەڵام رۆمل بنکەی ریچی کردە مەبەستی هێرشەکەی و توانیی لیوایەکی تەواوی بەریتانی ، لە گۆشکرا دابرێ ،کێلگەکانی مینیش دەربازی ببێ و خۆی بگەیەنێتە مەیدانی شەڕ بە یەک فەیلەقی ئەفریکی یەوە .

لە سەرەتا توانیمان 150 لە هێزەکانی بەدیل بگرین دواتر شەڕ لە نێوان هێزەکانی ئێمەو ئەڵمانەکان توند بو دۆخەکە گۆرانی تێ کەوت ، رۆمل دوو لە ئەفسەرانی بۆلای کوینگ نارد داوای خۆ بەدەستەوەدانی لێ کردن .

رۆژەکانی دواتر دوژمن قورگی لە هێزەکانمان گرتبو رێگەی تفاق وکۆمەکی لێ بریبون فرۆکەکانی شتوکار ولیونکر ئاگریان بەسەر بەرەکان دەباراند .

لە 3 ی حوزەیران رۆمل دوبارە داوای لە هێزەکانمان کرد کە خۆیان بدەنە دەست ، ئەمجارەیان تۆپخانەکانمان بە تۆپبارانێکی سەخت وەڵامی بنکەکانیان دانەوە .

ئەو پرسیارەی فەرەنسیەکان هەر دەم دەیان وتەوە ئەوە بو ( ئایا سەروەری بۆ سەربازە فەرەنسیەکان خەندە دەکا؟ ).

لە 7ی حوزەیران دوژمن گەمارۆی بئر حکیم ی دا ئەوەندەی نەمابو تیپی 90 وتیپی تریستای ئیتالی پێگەکە لە ناو بەرن. لە هەمان کاتدا سەرکردایەتی هاو پەیمانەکان داوایان لە کوینگ کردبو 6 رۆژی تر خۆی راگرێ ،بەڵام ئەم ماوەیە بەسەر چوبو ، فەرمانێکی تر لە ریچی دەرچو داوای دەکرد ماوەی 48 کاتژمێر بەرگە بگرێ و خۆی راگرێ .

هیچ کۆمەک وهاوکاریەک نەدەگەیشتنە هێزەکانمان ، رۆمل کە گورزی بەر هێزەکانی دواوەی دەگەیشتن نەی دەتوانی هێرش بۆ میسر بەرێ ، فشاری خستبوە سەر هێزەکانی خۆی تا خۆراگرەکانمان شکست پێ بهێنێ .

لە 8 ی حوزەیران بە هێزێکی پر لە چەکی مەزنی تۆپ وتانک هەوڵی ئەوەی دا هێزەکانمان لێک دابرێ ، بەڵام بێ سود بو خۆراگری هێزەکانمان شکستی بە هەوڵەکانی رۆژی دواتریشی هێنا ، هێزەکانی تۆپخانەمان لە جۆری 75 ملم بە فەرماندەی عەقید شمبروس لە تۆپباران کردنی هێزەکانیان بەردەوام بون .

بەرانبەر بەم هێرشە درندانەیەی دوژمن خۆراگری کوینگ و هێزەکەی بێ وێنەبو دوای ئەوەی سوپای بەریتانیا لە پێگەکانیان لە (کوت و کراب) توشی پشێوی هاتبون ، خەلک لە هەمو شوێنەکانی دونیا لە مونتریال و نیۆیۆرک و لەندەن و قاهیرە وبوینس ئایرس هتافیان بە گیانی خۆراگران و قارەمانانی بێ وێنەی سوپای فرانسا لێدەدا ، لە بەرانبەریشەوە شکستەکەی هێزەکانی ئەڵمان لە بئر حکیم باسدەکرا ، ئەو ناوچەیە بوبە یەکەم تیشکی سەرنجی شکۆداریی فرانسا .

لێتان ناشارمەوە ئەو کابوسە لەبیر ناکەم کە توشی هاتبوم کاتێک وێنەی ئەفسەرو سەربازە پالەوانەکانی خۆمم دەهێنایە بەر چاو چۆن و بە چ شێوەیەک پالەوانانە سنگیان لە دوژمن گرتبو ،چەند ئێمە پێویستیمان بەو قارەمانانە هەیە ! .

سوربوم لەسەر ئەوەی دەست نەخەمە کاروباری رێرەوی شەڕەکان ، بەڵام بە پێویستم زانی ، ئاگاداری راگەیاندنی دامەزراوی ستونی هێزەکانی بەریتانیا بکەمەوە لە 8-9 ی حوزەیران کە فەرمانێک بۆ جەنەرال کوینگ دەرکەن بۆ ئەوەی هەوڵی بەزاندنی هێزەکانی دوژمن بدات ، چرچل یشم لەمە ئاگادار کردەوە ، بەدەوری خۆشم بروسکەم کرد بۆ فەرماندەی تیپی سوکی یەکەم کە ئەوان ئومێدو هیوای فرانسان ، لە هەمان رۆژ جەنەرال ئالان بروک پێی راگەیاندم دوژمن لە بەرە بەیانەوە دەستی بە هێرشێکی بەر بڵاو بۆ بئر حکیم دەست پێکردوە ، ریچی ش کۆینگ ی ئاگادار کردۆتەوە کە لە دەرفەتێکی گونجاودا پاشە کشە بکەنە بنکەیەکی تر ، ئەم پاشە کشەیەش لە هەمان شەو ئەنجام درا .

رۆژی دواتر لاپەرەی رۆژنامەکان ناونیشانی فرمێسکدارو دلتەنگیان دابەزاند ، نوسین و هەواڵەکانی ئیزگەکان بەو پالەوانانەیان هەلدەدا کە گیانیان لە پێناو وڵاتە کەیاندا لەم شەڕەدا بەخشی بو ، تا ئەو ساتەی دوژمن بەسەر گەمارۆکەدا زاڵ بوە بەرگریان کردوە ، هەواڵەکان دلتەزێن بون ، ئێوارەکەی نێردراوی جەنەرال بروک گەیشتە لام دەڵێ :

جەنەرال کوینگ لەگەڵ چەند جەنگاوەرێک توانیان خۆیان لە گەمارۆکە دەرباز کەن و بنکەکانیان بۆ ناوچەیەکی تر بگوازنەوە .

سوپاسی نێردراوم کرد ، ئەویش گەڕایەوە بنکەکەی خۆی ، لە نوسینگەکەی خۆم بە تەنیای دانیشتم فرمێسکی شین وشادیم دەسرینەوە ، بەم شێوەیە جەنەرال کوینگ بە 4 هەزار جەنگاوەرەوە رزگاریان بو، دوای ئەوەی 14 رۆژ لە مەیدانی بئر حکیم جەنگاوە (1100) کوژراوو بێسەروشوێنی لە مەیدانی جەنگ جێ هێشتوە ، زیانەکانی دوژمن سێ بەرانبەر بون .

لە 12 ی حوزەیران فەرماندەی هێزەکانی ئەڵمانیا رایگەیاند کە هیزەکانیان دەستیان بەسەر بئر حکیم دا گرتوە ، بە چەند کاتژمێرێک دوای ئەوان ئیزگەی بەرلین ئەمەی خوارەوەی راگەیاند :

چونکە دیلە فەرەنسیەکان لە سوپای نیزامی فرانسا نین بڕیاری لە سێدارەدانیان لەسەر جێبەجێ دەکرێ )

ئەم هەواڵە زۆری پەست کردم ،منیش هەر دوای یەک کاتژمێر لە رێگەی ئیزگەی لەندەن بە هەمو زمانەکان ئەمەم راگەیاند :

چونکە ئەڵمانیەکان گوێیان بە ئابروچون نەداوە حوکمی لەسێدارەدان لە سزای بەرگریکردن لە نیشتمان بەسەر سەربازەکانماندا دەسەپێنن ، بەداخەوە جنەرال دیگۆل ناچار دەبێ هەمان هەڵوێست بەرامبەر بە دیلە ئەڵمانیەکان وەرگرێ و جێبەجێ بکات )

هێشتا خۆر ئاوا نەببو کە ئەڵمانیەکان رایانگەیاند ( سەبارەت بە سەربازە فەرەنسیەکان پێویست بە لێکدانەوەی هەلە ناکات ، ئەوان وەکو سەربازی دیگۆلی مامەڵە دەکرێن بە دیلی جەنگ هاوشێوەی سەربازەکانی تر سەیر دەکرێن ) .

لەو کاتدا جەنەرال کاترو کاری بۆ دامەزراندنەوەی تیپی یەکەمی سوک دەکرد لە سیبرانی ، سربە فڕۆکەکانی ئەلزاس و لورین لەگەڵ هێزی ئاسمانیی شاهانە بەشداریان لەهێرشەکان دەکرد بۆ لێدانی هێلەکانی گواستنەوەی ئەڵمانەکان .

هەروەها پیاوانی پەرەشوتوان لە 12 ی حوزەیران توانیان 12 فڕۆکەی دوژمن کە لە لیبیا نیشتبونەوە ولەگەڵ 11 موشەکی ئەڵمانی و12 بارهەلگر لە دورگەی کریت و عەمباری زەیت لە فڕۆکەخانەی کندیا تێک بشکێنن و ئاگر تێ بەردەن .

ئەمانە گشتی بە هیمەتو تەقەلاو ئازایەتیی نەقیب بیرجی هاتنە دی بەر لەوەی بکەوێتە دەست دوژمن.

لە سەرو بەندی روداوەکاندا بو کە هێزەکانی بەریتانیا لە سوپای 8 بە تەواوەتی دەست بەرداری شاری برقە بون ، لە دوای خۆشیان ژمارەیەک ئامێری شەڕیان جێهێشت .

بۆیە جەنەرال ئۆکنلک توانیی دەست بەسەر برقە دا بگرێ بە هۆکاری ئەم کۆمەکە بەردەوامەی کەلە دەریاوە پێی دەگەیشت .

بەڵام هێزی پاسەوان کە لە 23 هەزار سەرباز پێک هاتبو خۆیان دا بەدەستەوە ، لە 24 ی حوزەیران ئەم خۆوەدەست دانەهۆشی لە ئینگلیز بریبو ، ئەوکات جەنەرال گازو فەرماندەی ناوچەکە بو لە شکر کێشی و شالاوی هێزەکانی ئەڵمانی و ئیتالیا رۆژهەلاتی ناوەڕاستی گرتبۆوە ، هەڕەشەشی لە قاهیرەو ئەسکەندەریە دەکرد .

ئەم پاشەکشەی هیزەکانی هاوپەیمانان درێژەی نەکێشا ، بەهۆی زاڵبونیان لەروی دەریاو ئاسمانەوە لە چاوەروانی دوژمن بەزاندن دابون، رۆمل هێرشەکەی بەهۆی لێدانەکانی هێلی کۆمەک کە زیانێکی زۆری پێ گەیشتبو هێرشەکەی دواخست ، لەم کاتە ئازایەتی و جوامێری پیاوەکانمان نەبەردی کارەکانیان سەری هەلدا ، ئەم نەبەردیانە هانی جەنەرال ئوکنلک یان دا کە لە 12 ی حوزەیران بەیاننامەیەکی فەرمی رابگەیەنێ تیایدا بڵێ :

( لەسەر کۆمەلەی نەتەوە یەکگرتوەکان پێویستە ریز وستایشی خۆی بۆ هێزە کانی فەرەنسی وفەرماندە مەزنەکەی دەرببرێ )

لەدوای ئەمە بە 6 رۆژ بە دەیان هەزار فەرەنسیی سڤیل وسەربازی بۆ ئاهەنگی یادی دووەمی فرانسای ئازاد کۆبونەوە .

کاتێک چومە ناو هۆلەکە شوێنی خۆم لەناو ئەندامانی لیژنەی نەتەوایەتی کردەوە ، لەبەردەم پەردەیەکی مەزنی سێ رەنگ لە ناوەڕاستیدا خاچی لورین بە سرودی مرسیلیاز مۆسیکا ژەنرا .

چاوەکان ئومێدیان لێ بەدی دەکران دل ودەرون ئەوپەڕی ریزو خۆسەویستیی بۆ فرانسا ی ئازاد و فەرماندەکەی ئەوەی ژیانی لەسەرداوێک لە خوێن دروست کرد ، هەبو.

بەرانبەر ئەم حەشامەتە وەستام گوتارم دەخوێندەوە ، ریزی بێ پایانی خۆم و فرانسام بۆ سەربازە پالەوانەکانی راگەیاند ، تورەیی و نارەزایی خۆشم لە دەسەلاتی خۆوەدەست داوی فیشی دەربڕی ئەو دەسەلاتەی چەواشەی گەلی فرانسای دەکرد بە درۆو دەلەسە لە خشتەی دەبردن ، تا ئەو کاتەی گوتارەکەم بە دوایین خەباتی گەلەکەم گەیشت .... وتم:

بئر حکیم ماکی خوێنە ئاسەواری لەسەر روی سەربازە قارەمانەکانمانە ، تەقینەوەی ئومێدو گەراندنەوەی سەروەریەکانە ئەمرۆ دونیا هەموی دان بە سەروەریی فرانسا دەنێ )

ئەو دەمە دەنگ هەڵبڕین وهتاف لێدانی جەماوەرەکە لە ئاسمان دەنگی دەدایەوە ، ئەمە وەلامی گوتارەکەم بو .

بە کۆتایی هاتنی هتافەکان کۆتایی بە کۆبونەوەکە هات ، هەر یەکەمان روەو کارەکانمان دەرچوین ، بە تەنیا دانیشتم ئەو نرخ و باجەی بۆ ئەم سەرکەوتنەمان دا بە بیر خۆمم دەهێنایەوە ، ئەم ئازار وتالی وسوێریەی سەربازەکانمان چێشتیان لەگەڵ سەرکەوتنەکانم بەراورد پێدەکردن ، دەسکەوتەکان لە رزگارکردنی بست بە بستی خاکەکەمان تا گەیشتینە ئەم روپێوە بێ سنورەی ئەمرۆلەبەر دەستمان دایە.

دیارە بنیاد نان پێویستی بەوەیە وەرشەیەکی لەم شێوەیەت هەبێ ، بەلام خەتەرناکی دوژمنان ، نیازە شاراوەکانی هاوپەیمانان ومەرامی گلاوی هەندێک لایەن ، تەگەرە بون ، دەبوایە لە بەرانبەریان بە دلە راوکێو هەستیار بیت .

ئەوەتا منی فەرەنسی خۆم بینی کە هێزو توانا بۆ وولاتەکەم دەگەڕێنمەوە ، لە کاتێکدا ساڵەهای ساڵ بو لەسەرلێواری بەرەو لێژ دابو ، روناکی ئەم مەشخەلەش هەڤاڵانم ئەوانەی پەیمانی خۆراگری وسەرکەوتنیان بەستبو لەگەڵم بەشدارن ،ئەوەتا من بانگەوازی فرانسا دەبینم ، بانگەوازی من بەئەنجام دەگەیەنێ ، لە دامێنەوە بۆ لوتکە ی سەروەری هەنگاو دەنێ ، ئەی نیشتمان ، هاتوین تا خزمەتت بکەین.

*   *   *

**سوپاس وپێزانین**

سوپاسی   کاک نیهاد محمد هەرکی و شاخەوان تاهیرهەرکی  دەکەم کە بە کاری تایپسازیی پەرتوکەکە هەڵساون.

# پێڕست

-----------

بابەت ..........
لاپەرە ........


1-پێشکەش ........................................................................ 2
2- پێشەکی ......................................................................... 3
3- بەشی یەکەم (1) ................................................................ 4
4-دیگۆل وگیروگرفتەجیهانی یەکان ........................................... 6
5- یەکەم :گیرو گرفتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ................................. 7
6 - دووەم: شەڕی جەزائیر وفەرەنسا ............................................ 9

7-دیگۆل وولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاویەکیەتی سۆڤیەت................11
8-دیگۆل وزال بونی نازیەکاندا .................................................... 13
9- بەشی دووەم(2) ................................................................. 24
10- خۆراگری وترسی ون بون ...................................................... 36
11- جەنگ لە ئەفریکا .............................................................. 40
12- لە لەندەن چی دەکرێ؟ ........................................................ 44
13- هێزەکانمان لە رۆژهەلاتی ناوەراست ......................................... 49
14- چۆن لەگەل هاوپەیمانان دەست بەکار کرا؟ .................................. 59
15- فەرەنسای ئازاد دەبێتە فەرەنسای جەنگاوەر ................................ 63
16 – سوپاس وپێزانین ................................................................ 77

وەرگێڕ لە چەند دێڕێکدا...

---------------------



www.serben.com

khalidherki@chello.nl

- خالید عومەر میکائیل ناسراو بە خالید هەرکی .

- لە پایزی 1955 لە هاوینەهەواری سەلاحەدین(سەربەن، مەسیف) لە دایک بوە .

- خوێندنی سەرەتایی وناوەندیی لەوێ تەواو کردوەو دواناوەندیی کشتوکاڵی لە هەولێرو خەبات تەواو کردوە لە 1974-1975 .

- لە 1977 ئەوکاتەی فەرمانبەری بانکی کشتوکاڵی شەقلاوەبوە بە هۆی ئاشکرابونی

- رێکخستنەکانیان لەلایەن رژێم دەگیرێ و بە 10 ساڵ زیندانی دەکرێ 3ساڵێک لە ئەبوغرێب دەباتەسەر و بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێ.

- دوای ئازاد بونی بۆ چەند ساڵێک رولە شاخ دەکا.

- لە 1996 ەوە لە دەرەوەی وڵات دەژیێ ماوەی 5 ساڵێک دەبێ لە کوردستانە .

- خاوەنی سێ کورو دوو کچە .

- بە چەندین نوسین ووتار لە رۆژنامە و ماڵپەرەکان بەشداریی کردوە.

- خاوەنی چوار پەرتوکە 1/مێژوی هاوچەرخ...2 / ترۆتسکی ..3 / دیگۆل .. 4 / کوردو ئەرمەن پەیوەندیە مێژوییەکانیان.

تەواو